Email;hanarkurd@gmail.com
Email;hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەریی، روناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی
ڕێبین مەجید

مۆتیڤ
ئاریان ئەبوبەکر

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

سالێ سێیەم

ئەیپرلێ ٢٠٠٨

ژمارە ٢٧

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| مەلەفێکی تایبەت لەسەر شیعری من و خۆم ـ ی حەمە کاکەڕەش | | ٦ |
| **دەق** | | |
| هەیوانی تەنیایی | دلاوەر قەرەداغی | ٦١ |
| بەکۆشێك مناڵییەوە.. بۆ کوێ بڕۆم؟ | ڕێباز مەحمود | ٦٤ |
| هەشت | هەلاڵەی پێنجوێن | ٧٧ |
| ڕۆیشتن لێرە..! بەخەیاڵێکی پایزەوە.. | شیرین تاهیر | ٨٣ |
| ملوانکەی شین | فەیسەڵ هەمەوەندی | ٨٧ |
| لەناو سەیارەکەدا | محەمەد ناکام | ٩١ |
| دەزانی ئەو نامانە نامرن | نیگار نادر | ٩٤ |
| **دیدار** | | |

| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ خالید سلێمان | ئا: حەمە کاکەڕەش | ٩٩ |
| دیدار لەگەڵ مارف عومەر گوڵ | ئا: بەیان محەمەد عەبدوڵڵا | ١١١ |
| **وەرگێڕان** | | |
| کەی و چۆن... فەلسەفەو دەریام ناسی | شێرزاد هەینی | ١٢٧ |
| شەڕی ناوخۆ | فاروق هۆمەر | ١٤١ |
| ئەوێ خۆرو... ئێرەش تاریکیی | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٧١ |
| شەوی خۆشنووسان | تۆفیق عەبدول | ١٦٦ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ سەلام کۆیی | دیداری: ڕێبواری ئازادی | ١٧٥ |
| کورتەیەک لەمێژووی سینەمای ئێرانیی | ئا: چنور محەمەد | ١٨٠ |
| تابلۆی جەنگی دەربەندی بازیان ١٩١٩ی هونەرمەندی نیگارکێش حەسەن فەلاح | خوێندنەوەی: ستار قادر | ١٨٤ |



# مەلەفێک

# لەسەر شیعری

# من و خۆم - ی

# حەمە کاکەڕەش

**حەمە کاکەڕەش**

حەمە کوردۆ دوو دێڕ رەخنەی لەسەر نووسیوە

یەکەم گوناهو دوایین گوناهی ئەوەیە

لەچەمچەماڵ لە دایکبووە !

حسێن لەتیف

# روونكردنەوە:

خوێنەری ئازیز!

پێموایە لە مانگی دەی ساڵی ٢٠٠٧دا بوو کە حەمە کاکەڕەش قەسیدەی (منو خۆم)ی بۆ ناردم تاکو هەم بیخوێنمەوەو رای خۆمی لەبارەوە پێبڵێم، هەم بیگەیەنمە دەستی لیژنەی ئامادەکاری یازدەهەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ. دوای ئەوەی چەند جارێك شیعرەکەم خوێندەوە، دەستخۆشیم لە شاعیر کردو پێموت کە شتێکی لەسەر دەنووسم. نوسخەیەکم لە قەسیدەکە بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ بردو دوای مانگێك کە فێستیڤاڵ دەستی پێکرد بینیم لیژنەی شیعر ئەم دەقەیان رەفز کردبوو. ئەمەش بەڕاستی نیشانەیەکی پرسیاری پێخستمە سەر فێستیفاڵەکە. دوای ئەوەی لە گەلاوێژ رەفز کرا حەمە کاکەڕەش خۆی شیعرەکەی بۆ کۆمەڵێك نوسەرو شاعیر ناردبوو. یەکێك لەو کەسانە بەختیار عەلی بوو، کە لە دیدارەکەی چاودێردا بە چەند رستەیەکی کەم، بەڵام قوڵو جوان کۆمەڵێك شتی لەبارەی ئەم شیعرەوە وتبوو. پاشان چەند کەسێکی دیکەش لەو نوسەرو شاعیرانەی حەمە کاکەڕەش خۆی شیعرەکەی بۆ ناردبوون، لەسەریان نووسی. پاشتر لەسەر ئەوە رێککەوتین شیعرەکە لە ژمارە (٢٦)ی هەناردا بڵاوبکەینەوەو سەرجەم نووسینەکانیش، لە شێوەی فایلێکی تایبەتدا لە ژمارەی دواتردا بڵاوبکەینەوە. ئەوانەی ئێستا لەم فایلەدا دەیانخوێنیتەوە، ئەو نووسینانەن. بۆ بینینی شیعرەکەش دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر ژمارە (٢٦)ی هەنار.

گرنگی ئەم فایلەش لەوەدایە کە خوێندنەوەکان لە یەکدی جیاوازن، رەنگە ئەمە یەکەمینجاریش بێت لە ئەدەبی کوردیدا، ١٦ قەڵەم لەبارەی یەك دەقەوە بنووسن.

**محەمەد کوردۆ**

# من و خۆم

## بەختیار عەلی



لەنووسینی کوردیدا دوا شت خوێندبێتمەوەو زۆر پێم جوان بووبێت، شیعرێکی حەمە کاکەڕەشە بەناونیشانی ((من و خۆم)). من پێشتر هەندێ شتی دیکەی کاکە حەمەم خوێندبووەوە، بەڵام ئەم ئەزموونەی زۆر قووڵترو کاملتر بوو، قەسیدەکە بێئەندازە جوان و بێوێنەیە. قووڵ لەسەر ئەو دابەشبوونە سایکۆلۆژی و رۆحی و کەرتبوونە ناوەکییەی مرۆڤ لەناوەوە دەدوێت، ئەو شەڕو دوژمنایەتییەی لەنێوان مرۆڤ و خۆیدا هەیە. پێشتر قەسیدەی وەهام بەو فۆرمە روون و سادەو بێ تەکلیفە لەئەدەبیاتی خۆماندا کەم بینیوە، قەسیدەیەکی هێمن و کەم وشەو ناجەنجاڵە، بەڵام پڕە لەهەستی قووڵ و پرسیاری گرنگ، لەشیعرو لەبیرکردنەوە پێکەوە. کاکە حەمە گەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت، کە هیوادارم بەردەوامبێت، دەبێت بەدەنگێکی دیاری شیعری ئێمە.

تێبینی: ئەو قسانەی کاک بەختیار عەلی-م لەو دیدارەوە وەرگرتووە،

بەختیار عەلی.. لەدیدارێکی تایبەت بۆ ((رەخنەی چاودێر))، سازدانی: مەریوان هەڵەبجەیی، بەشی یانزەیەم.

# لێکترازانی سەبجێکت و ئۆبجێکت لەشیعری من و خۆم ـ ی حەمە کاکەڕەش ـ دا

کاروان عومەر کاکەسوور



(حەمە کاکەڕەش)ی شاعیر لەشیعری (من و خۆم)دا تەنیا لەهەوڵی ئەوەدا نییە، کە مانا بەدەستەوە بدات، بەڵکو هاوکات هەموو ئەو کەرەستانەشمان دەخاتە بەردەست، کە زیاتر لەتێگەیشتنی ئەو مانایانەدا یارمەتییمان دەدەن. بەمانایەکی دیکە شاعیر مەبەستیەتی گوێگر (Audient) بەقەدەر خۆی و کارەکتەرەکانی لەنهێنییەکانی تێکست ئاگادار بێت.

لێرەدا ئەرکی زمان ئامادەکردنی نائامادەکانە (Absent). مەبەستیش لەنائامادەکان هەموو ئەو زانیارییانەن، کە گوێگر لەزەمەنی کۆنتاکتی تێکستەکەدا بیری نەماون و ئەو لەڕێگای ئەو زمانەوە ئامادەیان دەکاتەوە. ئەگەر (روونیی) سیمایەکی دیاری شیعری دوای راپەڕین بێت، ئەوە لەم شیعرەدا جوانکاریی دەتوانێت بەچاکی پارسەنگی ئەو روونییە بداتەوە:

**من خوێنم وەک رووناکی دەدرەوشێتەوە**
**کەچی خۆم خوێنی پڕە لەتاریکی**
**من بێبڕواترین پیاوی دونیام**
**خۆم دڵی لەدەستی خواوەندایە.**

شاعیر لەپێناوی بەردەوامبوونی پرۆسێسی ئامادەکردنەوەی نائامادەکان، هەر لەسەرەتاوە زۆر بەنهێنی، بەڕادەیەك هەست بەبوونی ناکرێت، پەنا بۆ دابەشکردنی خود

دەبات بەسەر دوو لایەنی جیاوازدا، بەو مەبەستەی هەر یەکێك لەو دوو لایەنە لەلایەك نهێنیی خۆیان و لەلایەك نهێنیی ئەوەیدیکەیان بۆ دەرەوە بگوازێتەوە، کە دواجار ئەوەی دەبێت بەرپرسیارێتیی هەموو ئەو ئازارو دڵەڕاوکێیەی هەردوو لایەنەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، تەنیا خودە. لێرەشەوە ئەرکی شاعیر هەر بەتەواوی کۆتایی دێت. بەمانایەکی دیکە ئەو دژایەتییانە خود بەسەر سەبجێکت و ئۆبجێکتدا دابەش دەکەن. لێرەدا ئەگەرچی دەنگی گێڕانەوە تاڕادەیەکی زۆر دەنگێکی نیوتراڵ و سەربەخۆیە، بەڵام کەمێك زیاتر بەلای دەنگی سەبجێکتەوەیە. دیارە ئەوە لایەنێکی سایکۆلۆژیی هەیە، کە وا دەخوازێت لەشوێنێکی دیکەدا بەجیاوازو لەسەر ئاستی سیمبۆلیکال سەرنجی لێبدرێت. کەواتە لەناو سیستمی گێڕانەوەدا بەردەوام دوو کارەکتەرو یەك دەنگی گێڕانەوە هەستیانپێدەکرێت. ئەوەندە هەیە وەکو گوتمان سەبجێکت زیاتر لەبارەی ئۆبجێکتەوە دەزانێت، یاخود بەمانایەکی دیکە دەنگی گێڕانەوە وامانلێدەکات وابزانین زیاتر لەبارەی سەبجێکت و کەمتر لەبارەی ئۆبجێکتەوە بزانین. هەر ئەم دابەشکردنە وێناکردنەوەی بابەتە لەناو خودداو گواستنەوەی پێوەندیی نێوان خودو بابەتە بۆ ناو خود خۆیەوە. بەمانایەکی دیکە ئەو پێوەندییە ستانداردەی خودو بابەت دەگۆڕێتە سەر پێوەندیی خودو خود:

**من لەخۆم تێناگەم**

**خۆم لەمن تێناگات**

**دەڵێی هەریەکەمان لەمەملەکەتێکی ترەوە هاتووین.**

**من لەخۆم هەراسانم، خۆم لەمن هەراسانە**

**کەچی هەر پێکەوە دەژیین.**

دابەشبوونی خود بەسەر دوو لایەنی جیاوازدا، هاوکات دابەشبوونی پرسیارەکانە لەبارەی خود خۆیەوە. ئەگەر مرۆڤ وەکو (هایدگەر) پێیوایە تاکە بوونەوەرێك بێت لەبارەی بوونی خۆیەوە پرسیار بکات، ئەوە شیعر لەڕێگای میتافۆرەکانیەوە ئەو پرسیارە چەند جار لەخۆی گەورەترو ئاڵۆزتر دەکات. دابەشبوونی پرسیار لێرەدا هەموو هیواکانی خود لەدەسکەوتنی وەڵامدا لەناو دەبات و سنوورەکانی مەراق و تێڕامانیش فراوانتر دەکات، چونکە ئەگەر وەڵامی لایەکیش دەستبکەوێت، ئەوە لایەکەی دیکە هێشتا

لەناو مەراقدا دەمێنیتەوە. هەر ئەمەش پێوەندیی نێوان (من) بە (ئەویدیکە) دژوارتر دەکات، بەوەی پرسیاری (من) لە(ئەویدیکە) لەناو دوالیزمدا جێگیرکراوە. لەلایەکی دیکە پرسیاری خود لێرەدا ئەگەر پڕیەتی لە ترس و گومان، بەڵام ئەوە بۆ ئەوە نییە لەڕێگای گومانەوە دیکارتییانە دەوروبەر کەشفبکات و بگاتە یەقین، بەڵکو تەنیا هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەخۆی. کەشفکردنی دەوروبەر ترسێکی ئەوەندە گەورەیە، کە بەهەموو شێوەیەك خۆی لێ بەدوور دەگرێت:

**هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم.**

**من لەوێنەکاندا لەنێوانی عەشق و مناڵیدا راوەستاوم**

**دەستێکم کردۆتە ملی خەیاڵ و**

**لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ.**

ئەو دوو کارەکتەرە کاتێك رێگا بەو دەنگە دەدەن دەسەڵاتی گێڕانەوە بگرێتە دەست، زۆر خێرا شاعیرمان بیر دەبەنەوە. لێرەوە تێکستەکە زۆر خۆڕسکانە پێدەگات و سادەیی دەکاتە ژینگەیەکی باشی ئەو پێگەیشتنە. ئەو سادەییە روویەکی پۆزەتیڤانەی هەیە بۆ کۆنتاکتی خوێندنەوە لەگەڵ تێکستەکەدا، بەو ئاراستەیەی کە دوور لە خواست و ویستی شاعیر مانا ئامادەکان لەکۆنتێکستی خۆیان دووربخرێنەوە. روونتر خوێندنەوە دەتوانێت جارێکیتر جیاواز لەشاعیر تێکستێکی دیکە بەرهەمبهێنێتەوە. شاعیر لێرەدا هەر تەواو لەخواوەند دەچێت. ئەو هەیە، بەڵام نە دەبینرێت و نە هەستیشی پێدەکرێت. شاعیر بوونی راستەقینەی لەناو تێکستەکەدا نامێنێت، هەر بۆیە لەسەرجەمدا هیچ بوونەوەرێك رووبەڕووی پاساو نابێتەوە بۆ ئەو وێرانەیەی، کە هەردوو کارەکتەرە جیاوازەکە تێیدا ژیان دەگوزەرێنن:

**من و خۆم (پێکەوەو) تەنیاین**

**خۆم و من (تەنیاو) پێکەوەین**

**من تائێستا خۆم ناناسم**

**خۆم تائێستا من ناناسێت**

**تارماییەک لەگەڵمایە**

**نازانم من (تارماییم) یان خۆم.**

هەڵپەی ئەو دەنگانە بۆئەوە نییە بگەنە گوێگرێکی زیندوو بەقەدەر ئەوەی لەهەوڵی ئەوەدان بگەنە سرووشت. سەرنجی دووبارەبوونەوەی وشەکانی (ئاسمان، رووناکی، رووبار، بیابان و هی دیکەی هاوچەشنی ئەمانە) دەدەین، بگرە مرۆڤ هەر بوونی نییە. ئەوەی هەیە زیندەوەری وەکو پەپوولەو گیانداری وەکو ماسین. ئەو دوو کارەکتەرە، کە سەبجێکت و ئۆبجێکت نوێنەرایەتییان دەکەن، وەك ئەوەی لەسەرەتای دروستبوونی گەردوونەوە بژین و لەخۆیان زیاتر بوونەوەرێکی دیکە نەخولقابێت، هیچ چاوەڕوانییەکی وەڵامدانەوە ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت گوێیان لەدەنگدانەوەی دەنگی خۆیان بێت. بۆیە تەنیا خۆیان هەم بەسەرچاوەی ئاسوودەیی و هەم بەسەرچاوەی نیگەرانیی یەکتر دەزانن:

**کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە**
**کەسێک نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە.**
**لەهەموو دنیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێت.**
**کەس شک نابەم منی لەلادانێم**
**خۆمی شێت کردووە.**

لەسەرئاستی سیمبۆلدا گەڕانەوە بۆ ناو سرووشتێك، کە هەتا ئێستا هیچ چالاکییەکی مرۆڤایەتیی پێوە دیار نییە، گەڕانەوەیە بۆ دایك پێش ئەوەی باوك دەستی بەسەردابگرێت. لێکچواندنی ژن و سرووشت پێکەوە بۆ ئایینە زۆرکۆنەکان و ئایینە نووسراوەکان دەگەڕێتەوە. هەر لە(ئەرستۆ)شەوە هەتا ئەمڕۆ سرووشت وەکو رەگەزی مێینە سەرنجی لێدراوە. (ئەرستۆ) رێك ناو لەسرووشت دەنێت دایك، ئەو زیاتریش لەسرووشت مەبەستی زەوییە، چونکە لەخوارەوەیەو ئاسمان و رۆژیش بەباوك ناودەبات، کە لەسەرەوەن. (ئێمە لێرە مەبەستمان نییە ئەو بۆچوونانە هەڵسەنگێنین). ئەو ئارەزووی گەڕانەوەیە بۆ سرووشت تەنیا رووی ئیرۆسییانەی (Eros) نییە، بەڵکو رووێکی پاناتۆسییانەشی (Thanatos) هەیەو لەکوشتنی سیمبۆلییانەی هەموو ئەو گیانانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە رێگرن لەوەی بەدایك بگاتەوە. هەر لێرەدا سرووشت دەکرێت هاوواتای منداڵدان بێت لەزەمەنی پێش کۆنتاکت لەگەڵ رەگەزی نێرینەدا. وەکو (فرۆید) دەریدەخات ئەو غەریزەیە کە ئاراستەیەکی دوژمنکارانەی هەیە، چ خودو چ

ئەویدیکەش تێکدەشکێنێت، بەو مەبەستەی ژیان بۆ سەرەتای خۆی بگەڕێنێتەوە. واتە بۆ ئاستی نائۆرگانی Inorganic، ئەو کاتەی هێشتا مادده زیندوو نەبووە. ئەگەرچی لەزمانی کوردییدا، یان لایەنی کەم لەو دیالێکتەی ئەم تێکستەی پێ نووسراوە، جیاوازیی نێوان رەگەزی نێر و مێ ناکرێت، بەڵام گریمانی ئەوە هەیە ئۆبجێکت لێرەدا لەسەر ئاستی میتافۆردا مێ بێت و وەکو سیمبۆلی دایك ببینین. هەر ئەمەشە وایکردووە ئۆبجێگت لەلایەك هێندە شاراوە بێت و لەلایەکی دیکەش بکرێتە ئامانج. ئەو رەشبینییەی بە سەبجێکتەوە دیارە، زیاتر ئەوەمان لا دەچەسپێنێت، کە ئۆبجێکت سیمبۆلی دایکە. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەوە سەبجێکتە ئەوەندە ئۆبجێکتی لێبووەتە مەتەڵ و خولیایەکی گەورە. ئەوە سەبجێکتە هەڵپەی ئەوەیەتی بگاتە ئۆبجێکت:

**من نهێنییەکان لەخۆم دەشارمەوە**

**خۆم نهێنییەکان لەمن دەشارێتەوە**

**من و خۆم پێکەوە نهێنین!**

ئەو رەشبینییە ئەنجامی سەرنەگرتنی ئەو هەوڵانەیە، کە سەبجێکت لەپێناوی گەیشتن بەئۆبجێکتدا دەیاندات. لێرەوەیە پێموایە ئەم شیعرە یەکێك دەبێت لەو شیعرانەی ئێمە، کە غوربەت بەهەموو رەهەندەکانیەوە لەخۆدەگرێت و وەکو شیعرە غوربەتییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) لەیادەوەرییماندا دەمێنێتەوە:

**دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی من**

**لەبەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم**

**ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ**

**رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم.**

دواتر زەمەنێکی گەورەتر هەستپێدەکرێت و تێکستەکە زیاتر بەقووڵایی میتافیزیکادا رۆدەچێت، بەوەی هەر خۆی زۆر خۆڕسکانەو دوور لەهۆشیارییەکی رۆشنبیریی و فیکریی دەرەوەی خۆی، پەنا بۆ کۆمەڵێك سیمبۆلی مێژوویی و میتۆلۆژی دەبات. هیچ یەکێك لەو وشانەی لەسەرتاپای تێکستەکەدا ئەرکیان پێسپێردراوە، سرووشت نابەزێنن. سرووشتێك، کە وەکو گوتمان هیچ شوێنەواری مرۆڤی بەسەرەوە نییە. تەنانەت جەنگیش مانایەکی رۆحیی هەیەو کەرەستەکانی دروستکراوی دەستی مرۆڤ نیین:

**لەشەڕی نێوان من و خۆما**

**هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم.**

ئەگەر هێشتا ئەو سرووشتە لەڕێگای سادەترین تەکنەلۆژیاوە پێکهاتەکانی نەگۆڕابن، ئەوا ئاوێنەکانیش دەکرێت هەر ئاوبن، نەوەك لەناو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و لەڕێگای پرۆسەی کاری کۆمەڵایەتییەوە لەماددەی دیکە دروستکرابن:

**من ئاوێنەکانم (شکاند) (تا خۆم) نەبینم**

**خۆم ئاوێنەکانی( شکاند) تا من نەبینێت.**

ئەگەر (هایدگەر)یانە سەرنجی لێبدەین، ئەوە دەبینین ئەو کەرەستانە بەمەبەستی هونەر دروستکراون، نەوەك بۆ قازانج:

**من لەتینوێتیدا دەمرم**

**خۆم گیرفانەکانی پڕە لەئاو...**

**ئاو من دەچمەوە سەر ڕەنگەکانی تۆ**

**من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ**

**من(ببە)**

**با لەخۆم دوورکەومەوە**

**ئاو خۆم دەچێتەوە سەر رەنگەکانی مردن**

**خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی يارييەکانی منداڵی**

**خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی) بیابانەکانی تەنیایی**

**خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە)**

**خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان بژمێرێت**

**خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان بژێنێتەوە**

**ئاو من**

**من دەچمەوە سەر تۆ**

**من لەدڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە (دروست کەم)**

**من لەدڵۆپەکانی تۆیا جێگام دەبێتەوە**

**خۆم بیر لەدەربەدەرکردنی ئاو دەکاتەوە بۆ بیابان**

**ئاو من بیە من.**

زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، کە گەڕانەوە بۆ ناو ئەو سرووشتە هێمنەی، کە هیچ چالاکییەکی مرۆیی پێوە دیارنییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو زەمەنەی دایك لەلایەن باوکەوە دەستی بەسەردا نەگیراوە. گەورەترین چالاکی، کە لەناو ئەو سرووشتەدا ئەنجامبدرێت هەر شاردنەوەی جەستەکانە بەسادەترین شێوە. دەتوانین بڵێین ئێتمۆسفێرێکمان هەیە وەکو ئەو ئێتمۆسفێرەی، کە تێیدا قەلەڕەشەکە لەناو ریتواڵێکی ئاینییدا (قابیل)ی فێرکرد چۆن تەرمی (هابیل)ی برای لەگۆڕ بنێت:

**گوناهە من و خۆم بخرێینە یەک گۆڕەوە**

من خۆم وەکو خوێنەرێکی ئاسایی ئەم تێکستە، هەر لەسەرەتاوە چاوەڕێی ئەو مردنە ناچارییەم دەکرد، چونکە گەڕانەوە بەو هەموو ئارەزووە گەرمەوە بۆ ناو خود، جیاواز نییە لەئارەزووکردنی مەرگ، کە لەوێدا گەورەترین شۆکیی سایکۆلۆژی لەسەر ئاستی سیمبۆل و شۆکی بایەلۆژی لەسەر ئاستی واقیعدا بەڕوودا دەتەقێتەوەو رەشبینی شوێنی دەگرێتەوە. وەکو لەپێشەوە لەناو غەریزەی پاناتۆسدا جێگیرمانکرد:

**من دەڕۆم بۆدەریا تا شەپۆلێک بکەمە گۆڕی خۆم**

**خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووریی ئاو بمرم**

**من خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە.**

ئەو زمانە هەر لەسەرەتاوە لەهەوڵی ئەوەدایە، کە ماناکان دەستنیشان بکات. بەمانایەکی دیکە شیعرێکی بێدەنگمان بەدەستەوە نادات، بەڵکو لەهەوڵی روونکردنەوەی سەرجەمی ئەو رووبەرە دایە، کە ماناکانی بەسەردا دابەشکردووە. ئەو زمانە ئەگەرچی نایەوێت سەرچاوەی ئازارەکانمان پێبڵێت، بەڵام لەهەوڵێکی تەواوی ئەوە دایە، کە حەقیقەتی ئازارەکانمان پیشانبدات. ئەو شێوازە بۆ نموونە لای (سەباح رەنجدەر)ی شاعیر تەواو پێچەوانەیە. لای (رەنجدەر) زمان بۆ دەرخستنی حەقیقەت نییە، بەڵکو بۆ شاردنەوەیەتی، چونکە (رەنجدەر) هەر لەبنەڕەتەوە لەکۆمەڵێك واقیعەوە شتەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، کە ئەو واقیعانە بەتەواوی لەخۆی و لەئێمەش شاراوەن و زمانی خەیاڵ وەکو پرۆسێسێکی گەڕان لەناو فەزایەکی بێسنوورو دوور لەدەسەڵاتی شاعیر

دەیاندۆزێتەوە. ئەگەر لەم شیعرەی (حەمە کاکەڕەش)دا وشە رستەو رستە کۆپلەو کۆپلە سەرجەمی تێکستەکە بەشێوەیەکی رێکوپێك لەناو یەك قەوارەی یەکگرتوودا پێکدەهینێت، ئەوا لای (رەنجدەر) وشە رستەو رستە کۆپلەو کۆپلە سەرجەمی تێکستەکە لەناو یەك قەوارەدا پێکناهێنێت، بەڵکو لێکترازانێکی تەواو لەنێوان هەموویاندا هەیە. هەر ئەمەشە لەشیعری (رەنجدەر)دا هێڵی درامی بوونی نییە، وەکو لەم شیعرەی (کاکەڕەش)دا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت و ناهێڵێت لەمانا دیاریکراوەکانی تێکست دوور بکەوینەوە. چێژی ئەو مانایانەش خێراو راستەوخۆن. لەلایەکی دیکە لەم شیعرەی بەردەستماندا گوێگر (Audient) تاك و دیاریکراو و جێگیرە، هەرچی لای (رەنجدەر)ە چەند هەوڵ بدەین گوێگرێکی تاك و دیاریکراو و جێگیرمان بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو کۆمەڵێك گوێگر (Audience)ی گریمانی و بگۆڕمان هەن، کە زمانی خەیاڵ جێگۆڕکێیان پێدەکات. هۆی ئاماژەدانم بەشیعری (رەنجدەر) لێرەدا تەنیا ئەوەیە بەبیر خۆمانی بهێنمەوە، کە جیاوازییەکی گەورە لەڕووی ستایلەوە لەنێوان سەرجەمی کارەکانی ئەو شاعیرەو ئەم شیعرەی بەردەستماندا هەیە. بۆ داهێنانیش رێگاکان جۆراوجۆرن.

دانمارك

٢٠٠٧/١٢/٢٣

# کاتیَ مرۆڤ لە هەموو دنیا خۆش دەبیَت لەخۆی نەبیَت!

**محەمەد کوردۆ**



ئەحلام موستەغانمی لە رۆمانی (یادەوریی جەستە)دا دەڵێت: ((نیگارکێشێکی هاوچەرخی ژاپۆنیی، چەند ساڵێك جگە لە وێنەی گژوگیا، وێنەی هیچ شتێکی دیکەی نەدەکێشا، کە لێیان پرسی بۆچی هەمیشە هەر گژوگیا؟ وتی: کاتێك وێنەی گژوگیام کێشا لە کێڵگە تێگەیشتم، کاتێکیش لە کێڵگە تێگەیشتم درکم بە نهێنیی دنیا کرد.

ئەو نیگارکێشە راستدەکات، هەر مرۆڤە کلیلێکی هەیە بۆ کردنەوەی دنیای دەرەوەو دنیای ناوەوەی خۆی.

هەمەنگوای کاتێك لە دەریا تێگەیشت لە دنیاش تێگەیشت، ئەلبێرتۆ مۆراڤیا لە رێگای تێگەیشتن لە ئارەزووەو حەلاج لە رێگای تێگەیشتن لە خوداوەو هنری میلەر لە رێگای تێگەیشتن لە سێکسەوەو بۆدلێر لە رێگای تێگەیشتن لە نەفرەتو گوناهەوە، لە دنیا تێگەیشتن)).

حەمە کاکەڕەشیش لە قەسیدەی (منو خۆم)دا هەوڵیداوە لە رێگای تێگەیشتن لە خۆیو کێشە قوڵەکانی ناوەوەی خۆیەوە لە دنیاو لە کێشە قوڵەکانی دنیا تێبگات. هەوڵیداوە لە رێگای گەڕانەوەوە بۆ لای خۆی، بۆ لای دنیا بگەڕێتەوە. بە بڕوای من شاعیر تەنها نەیویستووە لە رێگای ئەم شیعرەوە وەکو سوکرات بڵێت: ((ئەی مرۆڤ خۆت بناسە))، بەڵکو ویستویەتی بشڵێت: ئەی مرۆڤ ئاگات لە خۆت بێت، چیدی فریووی ئەو تەفرەیە نەخۆی کە تیایدا واتدەزانی ئاشتبوونەوەت لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك، بە ئاشتیو ئارامییت دەگەیەنێت لەگەڵ خۆتدا.

هەوڵیداوە بشڵێت: ئەی مرۆڤ پێویستە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکەیتەوەو هەوڵبدەیت لە ڕێگای ئاشتبوونەوەوە لەگەڵ خۆت، بە ئاشتیو ئارامیی بگەیت لەگەڵ دنیادا.

شاعیر لەم شیعرەدا دەستی خستۆتە سەر یەکێك لە قوڵترین کێشەکانی مرۆڤ، کە کێشەی گیرۆدەبوونیەتی بەدەستی خۆیەوە:

**کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە**

هەوڵیداوە لەسەر کێشەیەك ڕابوەستێت کە زۆر بەتوندی بە چارەنوسیی مرۆڤەوە گرێدراوە، مەبەستم کێشەی نەبوونی توانای ئاشتبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا، کێشەی دەستەوەستانی مرۆڤ لە پێکهاتنەوە لەگەڵ خۆیدا:

**لە هەموو دنیا خۆش دەبم لە خۆم نەبێت**

بێگومان ئەم دەستەواژەیە ئیمکانی پێچەوانەکردنەوەشی هەیە، دەتوانین وای بخوێنینەوە کە شاعیر دەیەوێت بڵێت:

**هەموو دنیا لێم خۆشدەبێت، خۆم نەبێت**

ئەمەش دەکرێت وەکو پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گەڕان بەدوای لێبووردەییو پێکەوە ژیانو پێکەوەهەڵکردنێکی دیکە بخوێنرێتەوە، مەبەستم لێبوردەییو پێکەوەژیانو پێکەوەهەڵکردنی مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا.

دەتوانرێت وەکو هاوارێك تەماشا بکرێت کە تیایدا مرۆڤ لەبری ئەوەی، وەکو ڤۆڵتێر، بە خەڵك بڵێت: ((مەرج نییە من لەگەڵ بیروڕای تۆدا کۆك بم، بەڵام ئامادەم خۆم بە کوشت بدەم لە پێناوی ئەوەی تۆ بتوانی بە ئازادی بیروڕای خۆت دەرببڕیت))، وا بەخۆی دەڵێت، لەبری لێبوردەیی لەگەڵ خەڵك، بیر لە لێبوردەیی لەگەڵ خۆی دەکاتەوە.

بە مانایەکی دی، دەتوانین ئەم شیعرە وەکو ڕەخنەکردنێکی قوڵ، بەڵام پەنهان، بۆ ڤۆڵتێرو وتەزاکەیو بۆ هەموو ئەو ڕۆشنگەرو ڕوناکبیرانە تەماشا بکەین کە بیریان لە لێبوردەییو پێکەوەژیانی مرۆڤ لەگەڵ خەڵك کردۆتەوەو لێبوردەیی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی لەبیرکردووە. کێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خەڵکدا خستۆتە ناو کارو خەونو خەیاڵەکانی خۆیانەوەو کێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی، بە هەند وەرنەگرتووە.

ئەم شیعرە هاتووە بەو کەسانە بڵێت: ئێوە لە پێناوی ڕاگرتن، یان ڕاستتر، کەمکردنەوەی شەڕەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکدیدا، پەیامی ڕوونو ئاشکراتان هەبووە، وەلێ ئەوەتان لەبیرکردووە کە مرۆڤ تاکو شەڕەکانی لەگەڵ خۆی ڕانەگرێت، یان ڕاستتر،

کەمیان نەکاتەوە، ناتوانێت شەڕەکانی لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك رابگرێت، یان کەمیان بکاتەوە. ئەوەتا شەڕی شکاندنی ئاوێنەکان تا ئەمڕۆش نەك هەر بەردەوامە، بگرە شەڕێکی گەرمیشە:

**من ئاوێنەکانم شکاند تا خۆم نەبینم**

**خۆم ئاوێنەکانی شکاند تا من نەبینێت**

ئەم شەڕەش، کە تیایدا لە رێگای شکاندنی ئاوێنەکانەوە ئارەزوویەکی قوڵی مرۆڤ بۆ نەبینینی خۆی دەردەکەوێت، دواجار کارێك دەکات لە نێوانی مرۆڤو خۆیدا کوشتن شوێنی ژیان بگرێتەوە:

**منو خۆم کوشتن لە نێوانماندا راوەستاوە**

**نەک ژیان.**

شاعیر بەمشێوە پەنهانو ناڕاستەوخۆیە پێماندەڵێت: ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵك گرنگە، وەلێ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمان گرنگترە. پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خەڵك بڕیارێکی چارەنوسسازو ژیانییە، بەلام پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خۆمان بڕیارێکی لەو چارەنوسسازترو ژیانییترە. ئەمەش وتەیەکی (غادە ئەلسەمان)م بیردێنێتەوە کە دەڵێت: ((مرۆڤ چووە سەر مانگ بەلام نەیتوانی بچێتەوە لای خۆی)). لێرەوە لەبری خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە کە لەگەڵ دنیادا ئاشتمان بکاتەوە، خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە سەرهەڵدەدات کە لەگەڵ خۆماندا ئاشتمان دەکاتەوە:

**کەسێک نیە منو خۆم ئاشتبکاتەوە**

ئەمەش دیسان بەشێوەیەکی پەنهانو ناڕاستەوخۆ گلەییە لە ڤۆلتێرو هەموو ئەو رۆشنگەرو روناکبیرانەی کە بیریان لەوە کردۆتەوە مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا ئاشتبکەنەوە، بەلام بیریان لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ خۆیدا ئاشتیبکەنەوە. ئەو کەسانەی ئەو تەرمانەیان بینیووە کە لە شەڕی نێوان مرۆڤەکاندا کەوتوون، بەلام نەیانتوانیووە ئەو تەرمانە ببینن کە لەشەڕی نێوان مرۆڤو خۆیدا دەکەون؟!

بەمشێوەیە شاعیر هەوڵیداوە پێمانبلێت: نائومێدیی‌و بێهودەیی مرۆڤ تا ئەو رۆژەی کە دەتوانێت لە هەموو دنیا خۆش بێت لە خۆی نەبێت، هەر درێژە دەکێشێت.

ئەم نائومێدیی‌و بێهودەییەش لە دوو ئاستدا مرۆڤ بەرەو سەرگەردانیی گەورەو بەرەو تیاچوون دەبەن، لە ئاستی یەکەمدا خەونی گەیشتنی مرۆڤ بە ئاسودەیی‌و بە ژیانێکی

هێمنو ئارام کوێر دەکەنو دەیخەنە دۆخێکەوە نەك هیچ هیوایەك لەسەر زەوی نابینێت، گومان لە ئاسمانیش دەکات:

**ئەترسم ئاسمانیش پڕبێت لە بێهودەیی**

لە ئاستی دووەمیشدا مرۆڤ لەگەڵ مەرگی خۆیدا رووبەروو دەکەنەوە:

**من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێک بکەمە گۆڕی خۆم**

**خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووری ئاو بمرم**

دەتوانین کورتو پوخت بڵێین: ئەم شیعرە هاوارێکی قوڵو راچڵەکێنەرە کە مرۆڤ لە کێشەیەکی جەوهەرییو گەورەو ترسناك ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش مەسەلەی ئەو روانینەیە کە کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا دەبینێتو کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا فەرامۆش دەکات. ئەم شیعرە هاتووە پێمان بڵێت: ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە لای خۆمانو لەبری ئەوەی بەتەمابین لە رێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خەڵكو دنیادا، لەگەڵ خۆمان ئاشتبینەوە، هەوڵبدەین هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوەو لەڕێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ خەڵكو دنیادا ئاشتبینەوە !

لە رووی تەکنیکی شیعرییشەوە ئەم دەقە توانیویەتی دەقێکی جوانو تێرو جیاوازو پڕ لە وردەکاریی هونەریی بێت.

زمانی ئەم دەقە لەو زمانە شیعرییانەیە کە زیاتر کار لەسەر شتە دژبەیەکەکان دەکەنو هەوڵدەدەن ((ئاوو ئاگرێکی تێکەڵ)) بەرهەم بهێننو دۆخێکی فەنتازیی وا بخولقێنن کە هەبوونی لەدەرەوەی زماندا، جۆرێك بێت لە مەحاڵ. ئەگەر بڕوا بەو بۆچوونەی ئەدۆنیس بهێنین کە دەڵێت: ((شیعر هەوڵدانە بۆ وتنی شتگەلێك لە رێی میتافۆرو هێماوە، کە خۆیان لەراستییدا ناوترێن))، ئەوا حەمە کاکەڕەش لەم دەقەدا لە رێی زمانێکەوە کە دەتوانین بە زمانی کۆکەرەوەی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانی ناو ببەین، ئەو هەوڵەی داوەو ویستویەتی لەو شتانە نزیکبێتەوە کە ناوترێن. بە مانایەکی دی، دەتوانین بڵێین تەقاندنەوەی زمان لەم دەقەدا لەڕێی بەیەکگەیاندنی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانەوە، ئەنجامدراوە.

لە نێو زمانی ئەم دەقەدا ئێمە رووبەرووی شتگەلێك دەبینەوە کە بە رادەیەك لەیەك جیاوازن، ناکرێت پێکەوە بمرن، ناکرێت پێکەوە بخرێنە یەك گۆڕەوە:

**چۆن دەبێت منو خۆم پێکەوە بمرین**

**کە هیچ شتێکمان لەیەک ناچێت؟**

**گوناهه من‌و خۆم پێكەوە بخرێینه یەک گۆڕەوە.**

له نێو ئەم زمانه شیعرییەدا بوونەوەرگەلێك دەبینین كه بەردەوام چاوەڕوانی وەڵامی یەكدی دەكەن‌و هەرگیز یەكدی بێ نامه ناكەن‌و كەچی نامەی یەكدییش ناخوێننەوە !

**من نامەكانی خۆم ناخوێنێتەوە**

**خۆم نامەكانی من ناخوێنێتەوە**

**كەچی یەكتر بێنامە ناكەین**

**چاوەڕێی وەڵامی یەكترین**

به بوونەوەرگەلێك ئاشنا دەبین كه هەمیشه پێكەوەن، كەچی هەموو شتێكیان لەیەك دووركەوتۆتەوە:

**من‌و خۆم پێكەوەین‌و**

**هەموو شتێكمان لەیەک دووركەوتۆتەوە.**

لەنێو ئەم زمانه شیعرییەدا مرۆڤ دەتوانێت ((بۆنی هەراسانی)) بكات‌و ((شوێن پێی خەیاڵ)) ببینێت‌و چاوی به ((پەنجەی ئاو)) بكەوێت‌و ((هێلانەی نێو دڵۆپە ئاو)) بناسێت‌و بیر لە ((كەنارەكانی باران)) بكاتەوەو خەیاڵی بەلای ((دڵۆپی تاریكی))دا بچێت‌و بەناو شەڕێكدا تێبپەڕێت كه دەتوانێت به ((شەڕی كپ))ی ناو ببات، شەڕێك كه ((كەس شەڕگەو كوژراوو پێكراوەكانی نابینێت)).

ئیقاع لەم شیعرەدا ئیقاعێكی نائارام‌و شپرزەو تێكشكاوە، ئیقاعێكه كه هەرگیز لەسەر یەك هێڵ ناڕوات‌و ناتوانێت ڕەوتی خۆی كۆنترۆڵ بكات، ئیقاعێكه هێدی هێدی لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەكەدا وێنای (پیاوێكی شكاو)* لای خوێنەر دروستدەكات كه لەپشتی ئەم شیعرەوەیە، یان ڕاستتر لەناو ئەم شیعرەدایە، پیاوێك كه بەدەستی خۆیەوە گیری خواردووەو هەست بەو پەڕی نائومێدیی‌و سەرگەردانی دەكات‌و نازانێت چۆن چۆنی لەدەستی خۆی ڕزگار بێت. ئەم ئیقاعه له دروستكردنی هارمۆنیای گشتیی شیعرەكەدا، كه شیعرێكه دەكرێت وەكو مانیفێستی بێهودەیی بۆی بڕوانین، ڕۆڵێكی گەورەی بینیووەو ئەوەندەی دی شیعرەكەی جوان كردووە.

وێنەی شیعریی یەكێكی دی لەو پایه بنەڕەتیانەی شیعره كه لەم دەقەدا ئیشێكی زۆری تێدا كراوەو له گەیاندنی دەقەكەدا به ئاستێكی باڵا، ڕۆڵێكی دیارو كاریگەری هەبووە. ئەم شیعره نەهاتووە بۆ ئەوەی چەند ڕستەو دەستەواژەیەكی پڕ دەلالەتمان لەسەر كێشه قوڵەكانی ناوەوەی مرۆڤ بخاتە بەردەست‌و سەرنجمان بۆ ئەو كێشانه

رابکێشێت‌و لەسەریانمان رابگرێت‌و تـەواو. بـەڵکو هـاتووە بۆئـەوەی ئـەو کێـشەیەمان لـە کێشەیەکی ئاسـاییەوە بـۆ بکـات بـە کێـشەیەکی شـیعریی، لـە کێـشەیەکەوە کـە لـەناو واقیعدایە بیکات بە کێشەیەك لەناو زماندا، لە کێشەیەکی رووتەوە بیکـات بـە کێـشەیەکی فەنتازیی. بۆ ئەمەش جگە لـەو فرەدیوی‌و فرەرەهەنـدی‌و فرەدەلالەتیـەی لـەناو رسـتەو دەسـتەواژە شـیعرییەکاندا دەیـانبینین، جگـە لـەو زمانـە شـعرییەی وتمـان کـار لەسـەر جەمسەرە دژبەیەکەکان دەکات‌و ئـاوو ئـاگرێکی تێکـەڵ دەخوڵقێنێت، جگـە لـەو ئیقاعـە تێکشکاوەی کە وەك ئاماژەمان بۆ کرد لە وێنـاکردنی پیـاوێکی شـکاودا یارمـەتی زۆرمـان دەدات‌و هارمۆنیای گشتیی شیعرەکە دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە، جگە لە هەموو ئەوانە، کۆمەڵێك وێنەی شیعریی پڕ لـە خـەیاڵی شاعیرانەشـی پێشکەش کـردووین، کـە بێگومـان بایەخی گـەورەیان لـەناو دەقەکـەدا هەیـە. لـەو وێنـە شـیعرییانەدا مرۆڤێك دەبیـنین کـە ((خوێنی وەك روناکی دەدرەوشێتەوە))و ((باران دەکاتە کۆڵ‌و دەیباتەوە بۆ ئاسمـان))و ((دەستەکانی پڕن بە کراوەیی))و ((لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشـق‌و منالّیـدا راوەسـتاوەو دەستێکی کردۆتە ملی خەیاڵ‌و لەگـەڵ جوانیـدا بـزە دەیگـری))و ((لـە نێـوانی تـەنیایی‌و پەشیمانییدا دەستەکانی شۆڕ بۆتەوە))و لەگەڵ ئەوەدا کـە بێرەنگیـشە، کەچـی ((هـەزار رەنگی نائومێدی لێدەڕژێ))و و و و و و و و و و.....

*پیـاوێکی شـکاو، نـاوی یـەکێك لـە دیوانـە شـیعرییەکانی شـاعیرەو منـیش وەکـو ئاماژەکردنێکی بە مەبەست بەکارمهێناوە.



# شیعری
# من و خۆم و
# نمایشێکی ئاسۆیی

**هەندرێن**

**سوید**

**"باران وەک منالێک دەگری**
**من باران دەکەمە کۆڵ**
**تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان**
**ماڵی من ئاسمانە**
**خۆم لەسەر زەوی بەجێدەهێڵم**
**ئەترسم ئاسمانیش پڕ بێت لەبێهودەیی."**

ئەم کۆپلە شیعرە ڕۆشناییەکی تەڕی ئەو شەڕە نەبڕاوەی شیعری "من و خۆم"ە، کە وێدەچێت ئەو "من و خۆم"ە ئاسمانیش بتەننەوە، چونکە بەر لەبردنەوەی باران بۆ ئاسمان، گوێبستی "ترس"ێك دەبین. ڕاستییەکەی ئەوە ئاسمان نییە کە "پڕ بێت لەبێهودەیی"، بەڵکو ئەوە بێهوودەیی ئەو "من و خۆم"ەیە کە ئاسمان گیرۆدە دەکات. وەلێ ئەو "من" لەپشووەکدا کە بەنیازی بەجێهێشتنی "خۆم"ەکەیەتی، لێدەگەڕێت دیمەنی "باران" بە "کۆڵ"ییەوە جوانی بنوێنێ و هاوکاتیش وێنەی"خۆم" لەسەر زەویدا خەیاڵاوی بکات.

بەمجۆرە شیعری "من و خۆم"، لەنمایشێکی ئاسۆییدا، بەدیارخستنی جیهانی ناوەکی منێکی نادیارە. لەوێدا منێك دوایئەوەی لەو شەڕە ناوەکییەدا بێئومێد دەبێت، ئیتر منی شیعر لەیەك کاتدا وەك قوربانیی جەلاد ئەو شەڕە بۆ ئەوانی دیکە" خوێنەر ئاشکرا دەکات. ئەو "من"ە کاتێك هەستدەکات کە چیتر بەرگەی شەڕی ئەو "خۆم"ە ناگرێت، روو لەدەرەوەی خۆی دەکات. هەرچەندە ئەو "من"ە لەدەستپێکدا تەمایەك بۆ ئاشتبوونەوە ناهێڵێتەوە، کەچی لەدواجاردا دەبینین، وێڕای کەوتنی "هەزاران تەرم" لەبێدەنگیی ئەو شەڕە ناوەکییەی نێوانیاندا، کەچی خودی ئەو منە تاکە ئومێدێکە بۆ بەردەوامیی ژیانی ئەو "خۆم"ە دژە. بەواتایەکی دیکە، ئەو "خۆم"ە دژە دەبێتە بەهایەك بۆ گۆکردنی ئەو "من"ە" جیاوازییەك بۆ خۆناسینی ئەو "من"ە دژە. کەواتە نەمانی ئومێدێك بۆ "ئاشتبوونەوە"ی ئەو "من"ە لەگەڵ "خۆم"ەکەیدا، بەهانەیەکە بۆ راگەیاندنی ئەو "من"ەی، کە بێ وێناکردنی ئەو "خۆم"ە تاوانبار بەو هەموو "تاوان"ە، ئامادەیی نەدەبوو. لێرەوە دەکرێت بڵێین، کە ئەو شیعرە شەڕێکی دەمکوتکراوی ناوەکیی لەزمانی ئاسۆییدا نمایشدەکات و بەمەش دووانەییەك لەژیانی "من"ێکی گوناهبارو "خۆم"ێکی بێگوناه لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە. وێڕای ئەمانەش حەمە کاکەڕەش لەو شیعرەدا ئاشنای جیهانی تۆران و خەمی "من و خۆم"ێکمان دەکات، کە دواجار ئێمەش هاوسۆزیی ئەو لێکانگیرە بین.

لێ تاوەکو پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەنگە ناوەکییە لێکئاوێزانە ئاشناو نائاشنایە رۆشنایی مانەوەی ژیان ئاوا نەبێت، کاتێك "خۆم"ەکەی جوانی منداڵیی خامۆش دەکات، "من"ی حەمە کاکەڕەش ئەو دیمەنەی ژیان ئاوەڵا دەکاتەوە:

**"من جوانییەکانم رادەوەشاند تا بدرەوشێتەوە**
**خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەکانی دەکردە چاوی جوانییەکانەوە."**

٢٠٠٧ /١١/٣٠

# چەند وردە بیرێكی پەرتبوو
# لەمەڕ قەسیدەی
# من و خۆم- ی حەمەی كاكەڕەش..

**من وەڵامم دایەوەو گووتم:**

**بۆ من باشترە ئاوەها بمێنمەوە وەك خۆم..**

**سوكرات.***



**ئیسماعیل حەمەئەمین**

١

بۆئەوەی خۆمان لەمن قوتاركەین پێویستمان بەگۆڕینی زۆر شێوازی ژیان هەیە كەتاوەكو ئێستا پەیڕەومانكردووە. بۆ ئەوەی من لەخۆمان قوتاربكەین پێویستمان بەوە هەیە بەجۆرێكی دیكە بیربكەینەوە، لەسەر لایەكی دیكە بخەوین و بەجۆرێكی دیكە دانیشین. جۆری خواردنەوەكانمان، شێوەی قسەكردنمان، لەوانەشە توڕەبوون و گریانەكانیشمان پێویستی بەگۆڕانكاریی بێت...بۆ ئەوەی خۆم لەمن قوتاربكەم دەبێت هەموو شتەكان پێچەوانە بكەمەوە كەتاوەكو ئێستا كردوومە. ئەمە جۆرێكە لەشێتبوون، یاخود راوەستانە لەسەر لێواری شێتبوون، قەرەباڵغییەكە هۆشمەندی دەخاتە لێواری نیگەرانییەكی قوڵەوە، لەرزینێكە بۆ ئەوەی هەموو شتێك قلْپ و لنگەو قووچ بكەینەوە، كەتاوەكو ئێستا هەبوون. تەنها بیركرنەوە لەوەی كە من و خۆمێك هەیە لەنێومدا زۆرانبازیانە، دەمباتەوە سەر لێواری پەرتبوون. پەرتبوونی كەسێتی نێومان، پەرتبوونی

(من/ ئیگۆ)، پەرتبوونی هۆشمەندی، لەتبوونی ئێستا لەنێو خۆیدا. ئەمانە هەمووی مانای گۆڕینی جیهانە لەبەرچاومان، جۆرێکە لەگۆڕینی دەنگی دنیا بەڕەنگی دیکە. لەدواجاردا بینیی مەلەکردنی ماسییەکی ئاڵتوونییە بەنێو بەتاڵایی ڕۆحدا.

ئەو ماسییە دەبینین بەنێو بەتاڵایدا مەلەدەکات، پولەکە ئاڵتوونییەکانی بریقەی دێت لەنێو تاریکایی ژوورو تاریکایی ڕۆح و تاریکایی ئەم جیهانە گلۆبالە سەرمەستە بەشێتبوون و چەنەبازییەکانی. ئەو ماسییە دەبینین بەبەر چاوماندا دێت و دەچێت، هیچ شوێنەوارێك لەدووی خۆی جێناهێڵێت، بەلام ئەمە کەرایەتیە واهەستبکەین ماسییەکان شوێن پێ بەجێبهێڵن، شوێن پەنجە، یاخود شوێن پولەکە لەدووی خۆیاندا جێبهێڵن. من نایەوێت وەها بیربکەمەوە، بەلام بەپێچەوانەوە لەوانەیە (خۆم) پێمبڵێت: ئەوە شوێن پولەکەیە بەسەر بەردو قەوزایی نێو دەریاکانی بەتاڵایی ڕۆحتەوە، شوێنگربەو دەیدۆزیتەوە، مەهێڵە ئەو ماسییەئاڵتوونییە ئاوەها بەئاسانی بەنێو بۆشایدا تێپەڕبێت، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، هیچ..

٢

من وخۆم لەسەر ماسییەکی نەبینراو شەڕ دەکەن، دەکەونە زۆرانبازییەوە، دەبێتە هەرایەکی سەیرو جەستە دەکەنە گۆڕەپانی زۆرانبازییەکانیان. ماسییەك لەوانەیە لەچرکەساتێکی کەوتنەخوارەوەتدا بینراوبێت بۆ نێو بۆشایی، بەلام کەی دەکەوینە نێو بۆشاییەوە؟، کەی دەکەوینە نێو بەتاڵاییەوەو هەستدەکەین هیچ شتێك نەماوە بەسەریدا هەنگاوبنێین؟، کەی واهەستدەکەین هیچ شتێك نەماوە وەك زەویەکی پتەو لەژێر پێیەکانماندا!. هەستبکەین هیچ نەماوە بۆ هەنگاوی دیکە جگە لەبۆشایی نەبێت، بەتاڵاییەك ئەوەندە سەختە، هەوڵدەدەین لەبیری بکەین وەك ئەوەی نەبووبێت. فەرامۆشی دەکەین و ژیانی ئاسایی خۆمان دەژین، کەچی ئەو بۆشایە بەدوومانەوەیە، رووبەرێکی سەیری لەژیانمان داگیرکردووە، رۆژ بەرۆژ فراونتر دەبێت، دەبێت بەچاڵێکی رەش لەلێورایدا وەستاوین، لەساتەکانی تەنیابوونەوەماندا لەگەڵ خۆماندا، زۆر بەڕوونی و حەیابەرییەوە دەیبینین. ئەو چاڵە ئاوەها بەئاشکراو دلڕەقیەوە لەبەر پێماندا خۆی درێژ کردۆتەوە. ئەو چاڵە، ئەو بیرەقوڵە، ئەو بۆشاییە، لەساتەکانی تەنیایی منەوە دەستپێدەکات، ئەو ساتەی کەلەگەڵ خۆمدا پێکەوەین.

٣

نێزیکبوونەوە لەخۆمان و جیهانی ناوەوەمان، مانای بینینی رەهەندێکی دیکەی ژیانە، بینینی ماسییەکی ئاڵتونیی تەنهایە بەنێو قـەوزە نـەبینراوەکانی رۆحـدا دێت و دەچـێت، لەوانەشە بینینی بریقەی پولەکە ئاڵتونییەکانی بێت، بەتاڵایی رۆحـت بخاتـە سـەر ئاسـتی هەسـتپێکراو. چـیتر نـەتوانین بـەتاڵایی رۆح بەقـەرەباڵغی (مـن) لـەنێو ژیـانی رۆژانـەدا داپۆشین، لێی رابکەین و بڵێین ئەمانە هەمووی وەهمێکی نەخۆشـانەن، وەهمـێکن رۆژانـە ژیـان و کـارکردن و هاتوچـۆ و قـەرەباڵغی کۆمەڵایـەتی دەتوانێـت هـەموو ئەمانـە بـەدرۆ بخاتـەوە، بـەڵام کاتێـك دەرگـای ژوور لەسـەر خۆمـان دادەخـەین، دەمانـەوێت بـەهێمنی سەیری بنمیچی ژوور بکەین، یاخود لەپەنجەرەکەوە سەیری درەختەکانی دەرەوە بکەین، لـەو دیـوو شوشـەبەندییەوە دەنگـەکان بـەکپیی بێتـە بـەرگوێمان، ئـەو سـاتە دەزانـین کەئەمانە هیچی وەهم نین، بەڵکو ژیانێکن لەنێو ژیانێکی دیکە، فۆرمێکی نەبینراوە لـەنێو فۆرمێکی بینراودا خۆی شاردۆتەوە. ئەو چرکە ساتە دۆزینەوەی خودە لەسەر رووبەرێکی دیکە، ساتەکانی تەنهایی منە لەنێو کپیی و خامۆشیدا. کاتێك بەرامبەر خۆمان دەبینـەوە وەك خۆمان، کاتێك پیریی، یاوەکو برینداری ئەشق و لەدەستدانی ئازیزان بەتەنیا لەگـەڵ خۆماندا جێماندەهێڵێت، ئەوساتە هەموو شتەکان بەجۆرێکی دیکە خۆیان نمایش دەکەن، ئەوساتە هەستدەکەین چـیتر کورسـییەکان و ئینجانـەی بـێ گـوڵی سـەر مێزەبـچوکەکان، تەنانەت تابلۆکانیش وەك خۆیان نەماون. هیچ شتێك وەك خـۆی نەماوەتـەوە، هـەموویان چوونەتە نێو ڤیزیۆنێکی دیکەوە، چوونەتە نێو خەیاڵبەندییەکی دیکەو بینینێکی دیکەوە. لەنێو دوورییەکی دیکەدا خۆیان نمایشدەکەن، بەپێچەوانەی ئەو دوورییەی تاوەکو ئێستا چاوی من ویستویەتی بینراوی بکات..

ئەوساتەوەختە، چرکەساتی منە کەلەبەرامبەر خۆمدا بەرووتی وەستاوە، ئەوە سـاتی خۆمە کەهەموو شتەکان لەرێگەی سەمای خۆیەوە بینراو دەکات، لەنێوان بینـراوی چـاوی من بۆ شتەکان و بینراوی چاوی خۆم بۆ هەمان شـت بەتاڵاییـەك هەیـە، تێدا بینراوەکـان دووری دیکـەو سوچـی دیکـەو ئیـستاتیکای دیکـەو بینیـی دیکـە بـۆ چـاو و خـەیاڵ نمایشدەکەن. (خۆم) بەرامبەر ئەو گۆڕانە وەستاوەو دەڵێت: ئاها کورسییەکان وەك خۆیا نین هاوڕێم، ئاها کتێبـەکان خـاوەنی زەمـەنی خوێندنـەوەی خۆیـانن، دێنـە نێـو شـتێکی دیکەوە. ئاها ئەژدیهایەکی رەنگین لەنێو ئاگری خۆیدا سەما دەکات، ئاهـا دەبینیـت هـیچ شتێك لەشوێنی خۆیدا نەماوە، ئاها هاوڕێم من و تۆ لەنێو ئەم بەتاڵایەدا بەجێماوین...

ئایا ئەمە کاتێك روودەدات کەتەنیا دەکەوینەوە، بەڵام مەرج نییە ئەم تەنیا کەوتنەوەیە تەنیا هەڵبژاردنی خۆمان بێت. گووتم خۆمان، یان خۆم، وانییە.. کەواتە هەڵبژاردنی خۆمان بۆ تەنیایی، بۆ تەنیاکەوتنەوە، تەنانەت بۆ مەنفاکانی رۆح و شوێن و زەمەنیش، هەڵبژاردنێکە هۆشمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە. دیسانەوە گووتم (خۆم) یان خۆی، لەنێوان هەردوو وشەی هۆشمەندیی و خۆیدا پەیوەندیم رایەڵکرد، کەواتە خۆم بەقورسیی لەنێوماندا یاریدەکات و توانای فەرامۆشکردنیمان نییە. رۆژێك دەبێت بەرامبەر خۆمان بینەوە، من بەڕووتی بەرامبەر خۆی بمێنێتەوە. مانەوە بەرامبەر خۆت مەرج نییە هەڵبژاردە بێت، جگەلەو نووسەرو هونەرمەندو داهێنەرو لێبوك و ئەکرۆباتە شێتانە نەبێت کەسی دیکە نییە بەرامبەر خۆی بێتەوە. بەرامبەربوونەوەی خۆت مانای جۆرێکە لەخۆئازاردان، ماسۆشیەتێکە، بەڵام چێژی سێکسواڵی نییە، بەقەد ئەوەی هەموو ژیانت دەخاتە لێواری لەرزینەوە، چونکە هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێت، هیچ شتێك نابنەوە بەوەی لەوەو پێش هەبوون، ئیدی من گیرۆدەی خۆی دەبێت.

٥

لەم دێڕانەی سەرەوەدا چەند بیرکردنەوەیەکی پەرش و بڵاوم لەسەر رووبەری یاریکردنی زماندا پەرتکرد، چەند بیرۆکەیەك کەپێویستە بوارێك بهێڵمەوە بۆ خوێنەری ئەم دێڕانە بیرکردنەوەی خۆی لەسەر بینابکات. بیرکردنەوەیەکە لەهاوکێشەی خۆم و من، کەزمان دەهێنێتە ئاستێکی بیرکردنەوە، ئەمەش هێزی ئەم قەسیدەی (من و خۆم) ی (حەمەی کاکەڕەشە)، کە هەردوو وشەی من و خۆمی کردۆتە ئیشکالییەتێکی شیعریی، کە لەفۆرمی بیردنەوەیەکی فەلسەفاندنی شیعریدا خولدەخۆن. لەسەر ئەم هێزدانە بەو کێشەبەندیی و ئیشکالییەتەی هەردوو وشەی( من و خۆم) کەهەیکەلی قەسیدەکەی لەسەر بینابووە، دەتوانین چەندەها هیپۆ تێزی لەسەر بینابکەین، بەڵام پێش ئەوەی باسی زمان بکەم، دەمەوێت باسی ئەو هاوکێشەیە بکەم لەنمونەی زیندووتردا، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئەبستراکییەت تۆمەتبارم نەکات. ئەم ئیشکالییەت و کێشەبەندییەی ( من و خۆم) لەوانەیە تەنها پابەندنەبێت بەهۆشمەندییەکی باڵاوە، کەتایبەتە بەئۆرستۆکراتییەتی رۆشنبیرانەوە. نەخێر دەکەوینە وەهمی گەورەوە کاتێك مەزندەی ئەوە بکەین، هاوکێشەی (من وخۆم) تەنها هاوکێشەی رۆشنبیرەکانە، بەتایبەت هاوکێشەی هونەرمەندو شاعیرو فەیلەسوفەکانە. هاوکێشەی من و خۆم نێزیکە لەسروشتی مرۆڤانەوە وەك بونەوەرێکی بیرکەرەوە، وەك بونەوەرێك بەرامبەر جیهان وەستاوە،

لەزۆرانبازیدایە لەگەڵ نان و هـەواو شـێداریی شـەوەکانی چێژو سێکسوالیەت و جـادووی لەدایکبوون و خەلیقـەت. بـەمانای مرۆڤـی ئاسـایی، بـەڵێ.. ئاسـایی کـەدێت و دەچێت و دەخەوێت و سێکس دەکات و هیچی تر!. ساتێك هەیە ئەویش دەکەوێتە بەردەمی خـۆی، بێگومان ئەو خودە ئاساییە کەهۆشمەندییەکی دیاریکراوی هەیـە، سـەختر دەکەوێتـە نێـو بەتاڵاییـەکانی ڕۆحـەوە. کاتێـك شـتێك ڕوودەدات کەتـەنیا بکەوێتـەوەو پێویـستی بـەوە هـەبێت لەبـەردەم خـۆی بـەڕووتی ڕاوەسـتێت، لەوانەیـە ئـەو سـاتەوەختە لەدەسـتدانی ئازیزێك بێت، سامان یان دەسەڵات بێت، ئەوساتە من بەرامبەر خۆم دەبێتەوە، من و خۆم لەگەڵ یەکتردا دەکەونە گفتوگۆ، ئیدی جیهانی دەرەوەی خۆت چیتر ئەو چێژو سـیحرەی نامێنێت، چیتر ئەو تامە لەبن زماندا جێناهێڵن، چیتر هـیچ شـتێك لەشـوێنی خۆیـدا نییـە، لەگەڵ ئەوەی لەهەمان شوێنی خۆیانن.

٦

کاتێك دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتیان لەدەستداوەو لەنێو قەفەزی تاوانباریدان، کەسانێکن دەگەڕێنەوە بۆ نێو خۆیان، منی ئەوان ڕووتبۆتەوە لەبەرامبەر خۆیاندا. جـاران دەسـەڵات هەبوو کە(من) بتوانێت (خۆی) پێ پـەردەپۆش بکـات، بـەڵام هـەموو سـاتی لەدەسـتدانی قەرەباڵغی جیهان و دەسەڵات، ساتی ڕووتبوونەوەتـە لەبـەردەم خۆتـدا، ئیـدی دیکتـاتۆر ئـەکرۆباتێکی ونبـووەو دوورییـەکانی دیکـەی ئـەو گوریـسانە دەبینێـت کـەکاتی خـۆی بەسەریدا تێپەڕیبووە.

نموونەیەکی دیکە، کاتی بەجێهێشتنی شوێنە، شـوێن وەك نیـشتمان، وەك شـار، وەك ماڵ، وەك جێگەی ئافرەتێکی ئاشـقی پڕئالۆشـی شـەوە نارنجییـەکان.. ئـەو سـاتەی بـیر لەبەجێهشتنی دەکەیتەوە، هەموو شتێکی ڕاوەسـتاو، لـەمێژەوە بیگـرە تـاوەکو سووچـی ماڵ، تادەگاتە ڕەنگی پەردەکانی بەیانیان و بۆن و ئەو تامەی هەموو شوێنێك لەبن زماندا بەجێێدەهێڵن.. هەموو وردەکارییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و دوورییەکی ترو بینینێکـی دیکە پێشکەش بەتەماشادەکەن، هەستێکی دیکە بەجێدەهێڵن کـەجاران بـوونی نـەبووە. ئاوەها ئێمەی مرۆڤ پابەندین بەزەمەنی خۆمانەوە، وەکو چۆن پابەندین بەجەستەمانەوە. کەبیر لەجێهێشتنی شوێن و کـەس و ئازیزەکـان دەکەیتـەوە، چیتر ئەمانـە وەکـو جـاران نامێنن، تەنانەت دەربڕینی دیکە و ڕەنگی دیکەو بۆنی دیکەیان تێدا دەدۆزیتەوە، چـونکە تۆ ڕووتبوویتەوە لەهەموو دیـسپلین و پەیوەندیدارییـەك، تـۆ لـەو چرکەسـاتانە دەتـەوێت ببیتەوە بەخۆت و ڕووتبوویتەوە لەهەموو ئـەو پەیوەندیدارانـەی (مـن) لـەژیانی ڕۆژانەیـدا

مومارەسەی کردووە، تۆ دەبیتەوە بەخۆت و بوون بەخۆت سەخترین بڕیارە. کێشەی مرۆڤەکان لەنێو مەنفاکانی شوێندا ئەوەیە کەلەو هاوکێشەی بوون بەخۆیان رادەکەن، بەدیوێکی دیکەدا کێشەی هەموو مرۆڤ بەگشتی، ئەو زۆرانبازییە سەختەیە کەمرۆڤ تامردن هەوڵدەدات ببێتەوە بەخۆی. خۆی و هیچی دیکە...

٧

قەسیدەی (من و خۆم)ی حەمەی کاکەڕەش، ئەو راکردن و خۆشاردنەوەو کێشمەکێش و شەڕە بێهودەیەی نێوان من و خۆمە، قەسیدەیەکە لای من وابەستە بەچیرۆکێکی سەیرەوە کەپێموایە نابێت خوێنەری لێ بێبەش بکەم. کاکە حەمە هێشتا قەسیدەکەی لەهیچ شوێنێك بڵاونەکردبۆوە، ئازیزانە منی بەسەر کردەوەو بۆی ناردم، کەقەسیدەکەم خوێندەوە وامهەستکرد ئەم قەسیدەیەم لەمەوبەر خوێندۆتەوە، بۆ شاعیری ئازیزم نووسی من ئەم قەسیدەیەم لەوەوبەر خوێندۆتەوە ! . کەبێگومان وانەبوو... دوای ماوەیەك رۆماننووسی هاوڕێم ( کاروان کاکە سوور) خوێندنەوەیەکی جوانی بۆ کردبوو، بەوردی خوێندمەوەو نووسینەکەم پێ جوان بوو، بەڵام بۆ کاروانم نووسی کەنابێت ئاوەها لەسەر ئەو قەسیدەیە بنووسێت، چونکە ئەو قەسیدەیە ئەو هەموو نووسینە هەڵناگرێت. ماوەیەك دوای ئەوە بەختیار عەلی ئازیز قسەی لەسەر کرد. من لەبەر خۆمەوە گووتم : ئەم هاوڕیانەم شێت بوون، سەلیقەی ئەدەبییان خواربۆتەوە...

بەڵام کەئێستا جارێکی دیکە تێکستە شیعرییەکە دەخوێنمەوە، ئەو دوورییەی تێدا دەبینیم کەلەوەو پێش نەمبینیوە، نەك لەبەر ئەوەی ئەوانی دیکە لەسەریان نووسیوە، نەخێر، من لەسەر زۆر تێکستم نووسیوە کەزۆر کەم لەسەریان نووسراوە، کێشەکە لای خۆم دوورییەکی دیکەی هەیە. کەزیاتر لەو دیوو تێگەیشتمانەوەیە بۆ قەسیدەو خوێندنەوەی دەقەکانەوە وەستاوە، لەوانەیە ئەو قەسیدەیە پەنجەی کردبێت بەبرینێکی رۆحی مندا، بەتاڵییەکی خستبێتە بەر پێم، کەلەم مەنفایەدا بەردەوام لێی رادەکەم.

بیرمدێت لەساڵانی هەشتاکاندا لەهەولێر شێرزاد حەسەن لەکۆڕێکیدا چیرۆکێکی خوێندەوە، یەکێك لەگوێگران هەستاو زۆر تووڕەبوو، ئەوەندە بەتووڕەییەوە قسەی دەکرد کەهەمووانی سەرسام کردبوو، ئەو بەڕێزە ئەدیب نەبوو، نوسەر نەبوو، خوێنەرو دۆستێکی ئەدەب بوو، پێدەچوو چیرۆکەکەی شێرزاد پەنچەی وەردابێتە برینێکی قوڵ و سەختەوە..

ئێستا قسەیەکی (بۆرخیس)م بەتەڵخیی بیردەکەوێتەوە، باسی لەوە کردووە، کتێبێك هەیە لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیدا، کتێبێکی تەواوە، لەنێو هەواو زەمەنی خۆیدایەتی. بەڕای بۆرخیس ئەو کتێبە، ئەو نووسینە، وەك پەڕەندەیەك وەهایە تەنها چاوەڕوانی نووسەرەکەیەتی. پێدەچێت قەسیدەکە لێرەو لەوێ، لەنێو زەمەنی بیرکردنەوەی شیعری منیشدا هەبووبێت، هەر بۆیە وامهەستکردبوو کەخوێندومەتەوە، ئازایانە (حەمەی کاکەڕەش) نووسی و بوو بەنووسەرەکەی.

پێدەچێت ئەم هەموو هەستە ناجۆرەی کەئەم قەسیدەیە لای من، بەوەی جارێك لەمەوبەر هەبووەو خوێندومەتەوەو جارێکیشیان تورەم بەرامبەر ئەو هەموو نووسینەو دەمەوێت فەرامۆشی بکەم، پەنجەکردنی قەسیدەکەیە بەبرینی کراوەی نێوخۆم، برینی زۆرانبازی هەمیشەیی لەنێوان من و خۆمدا. لەدوای خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەم قەسیدەیەدا ئەو پرسیارە کۆنینەیە لام سەریهەڵدایەوە: کەی من دەبمەوە بەخۆم، ئایا سوکرات گووتەنی باشتر وانییە وەك خۆم بمێنمەوە، بەڵام راوەستە ئەی دەبێت ئەو خۆمە چی بێت کە من شەڕی بۆدەکات! . خۆم لەکوێدایەو لەچ زەمەنێکدایە؟، کەی دەبێت من وەك سۆزانییەکی شەرمن بەرامبەر بەخۆمان رووتبێتەوە؟، لەوانەیە هەمووی لەو چرکە ساتەوە دەستپێبکات کەماسییەکی ئاڵتونیی دەبینین بەنێو نەبینراودا مەلەدەکات، بەنێو بەتاڵایی، بەتاڵایی رۆحمان.....

نورنبێرگ ١٢/٠٣/٠٨

# منی شاعیرو خۆمی کەسی سێیەم

## ئەحمەدی مەلا



سنوورەکانی نێوان دەقە ئەدەبییەکان زۆرجار هێندە کاڵدەبنەوە تا دەگەنە ئاستی تێکهەڵکێشبوون. مەبەست لەم تێکهەڵکێشییە ئەنتێرتێکستوالیتیٚ (تەماسی دەقەکان) نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە هەندێجار بابەتێکی فیکریی تێکهەڵکێشی دەقی شیعریی دەبێت، یا توخمی گێڕانەوە تێکهەڵکێشی دەقی شیعریی دەبێت، یا بەپێچەوانەوە، توخمی شیعریی دەترنجێتە نێو فەزای رۆمان و..هتد. ئەم کردەیە بەقەدەر ئەوەی تەندروستە، هێندەش ترسناکەو ئەو داوەی کە هونەرمەند یاریی لەسەر دەکات، پێویستی بەهاوسەنگییەکی واوە هەیە، کە دەبێت بەوریاییەکی سیحربازانەوە بەرەو رووی سپێتی کاغەز بێتەوە “ هەر لەگەمەکانی تەنافبازانی سیرك دەکات. گەمەیەکە لەسەر هاوسەنگیی بەندە.

شیعر گرفتێکی ناوەکییە بەقەدەر ئەوەی گرفتێکی دەرەکی بێت. شاعیران ئەو کائینانەن کە بەشاعیریی لەدایکدەبن، واتە بەچاوێکی دیکەوە واقیع دەخوێننەوەو واقیع هەمیشە گێژیان دەکات. ئەم گرفتەیە کە لەدەقی " من و خۆم"ی حەمە کاکەڕەش رەنگیداوەتەوە.

بەواتایەکی دی، شیعر دەیەوێت گرفتێکی بنەڕەتی بکاتە بابەتی خۆی. گرفتی شاعیرو گرفتی کائینێکی کۆمەڵایەتی، کائینێکی سیاسیی، مەبەست لەکائینێکی ئاساییە. شاعیر بەتێکدەری تەوقە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێتەوە، بەڵام ئەم تێکدانە نەیەکجارەکییە، نەکۆتاییشی پێهاتووە لەدەقەکەی شاعیر.

جەنگی نووسینە لەدوا پێناسەدا. ئەم دەقە دەقێکی وجوودییە بەمانا گشتییەکەی و دەیەوێت خۆی لەدەقی دیکە جودا بکاتەوە.

# لەشەڕی نێوان (من)و (خۆم)دا، (ئەو) وەک تەرمی ئەستێرە دەڕژێت!

## جەمال غەمبار



ئـازیز ( حەمـەی کاکـەڕەش ) کـە ئـەویش یەکێکـە لەموسـافیرانی دنیـای شـیعرو جانتـای وشـەی بەکۆڵـەوەو وێـستگەکانی خـەیاڵ و تێرمینالـەکانی ئەندێشەو ئاسمـانی گریـان تـەی دەکات، دەقی ( من و خۆم )ی بۆ ناردم تا قسەو نەزەری خۆمی لەبارەوە دەربڕم.

دیـارە هـەر دەقێـك بۆخـۆی و بەتایبـەتی لەئێستای زەمەنی تێکچڕژان و لێکئـالآنی هـەموو کایـەکانی داهێنـانی ئـەدەبی و هونەرییـدا، دەشێت هەڵگری چەندین ماناو لێکدانەوە بێت.

بەبارێکی تریشدا، تێخوێندنەوەی دەقێك لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازیی هەیـە. بۆیە ئەوەی من لێرەدا وەك نەزەری خۆم لەبارەی ئەم بەرهەمەوە دەریدەبڕم مەرج نییـە لەگەڵ نەزەری کەسێکیتر یان تەنانەت وەختە بڵێم بەرهەمهێنی دەقەکەشدا وێك بێتـەوە. چونکە وەك وتراوە هەموو راستییەکان بەتەنها لای کەسێك قەتیس نابن.

دەقی شیعریی ( من و خۆم ) کـە حەمـەی موسـافیر بـۆ خـۆی دەڵێـت مـاوەی سـاڵێك کاری تێداکردووە، هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت نمایشی حاڵەتێکی دووکەرتبوون بکات، کـە دەشێت ئەو دووکەرتبوونە هیی خودێك (زات)ێك بێت یان لەسەر ئاسـتێکی فـراوانترو وەك گەڕانەوە بۆ نیشمان و نەتەوە دووکەرتبوونی رۆحی نیشتمان و تاکی کـورد یـان تەنانـەت دووکەرتبوونی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کورد بێت، کە لەئەمڕۆکەدا بەشێکی کوردسـتان

بەڕێوەدەبەن، یاخود لەلێکدانەوەیەکی تردا ململانێ و دڵەڕاوکەی نێوان عەقڵ و عاتیفە بێت. دەشێت ئەم دەقە لەیەك کاتدا هەڵگری هەموویان بێت و دەشکرێت تەنیا بارگاویی بێت بەیەکێك لەو مانایانە.

ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو کەرت یان چاکتر بڵێم دوو لای هاوکێشەیەکداین، کە لایەکیان (من) و لایەکەی تریان (خۆم)ەو لەباشترین حاڵەتدا لەکۆی وەسفەکانی (من) و (خۆم)دا شاعیر پێماننالێت یان دیارە نایەوێت پێمانبڵێت لەم دوو لایەنە کامیان بۆ ئەبەد دەبێتە هەڵگری خەسڵەتی ئەرێنیی (پۆزەتیڤ)و کامیشیان هەڵگری خەسڵەتی نەرێنیی (نێگەتیڤە). گەرچی لەسەرجەمی دەقەکەدا شاعیر وەك کەسی سێیەم یان بابڵێین وەك (ئەو)ی دەرەوەی ململانێکان دەیەوێت خۆی نمایشبکات و لەزۆربەی جارەکانیشدا هەوڵدەدات خەسڵەتێکی ئەرێنیی بداتە (من) لەبەرامبەر (خۆم)ێکی نەرێنییدا:

**" کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە**
**کەسێک نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە**
**لەهەموو دنیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێت "**

یاخود :

**" کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە**
**خۆم لەغەمناکیدا ون دەبێت "**

یاخود :

**" من دەستم بەرەنگی پەپوولەکانەوە رۆیی بۆ کەنارەکانی باران**
**خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێرەنگیی بیابان و بێهەستیی مەرگ "**

هەروەها لەهەندێك حاڵەتی تردا (من) دەبێتە نەرێنیی و (خۆم) دەبێتە ئەرێنیی.

**" کەس شک نابەم منی لەلادانێم**
**خۆمی شێت کردووە "**

یاخود :

**" سەردەمی درەوشانەوەی من**
**خۆم بە تەم داپۆشی "**

بەڵام سەرەنجام و لەکۆی دەقەکەدا، هەردوو لای هاوکێشەکە بەدەست یەکترەوە گیریانخواردووە، لەململانێی بەردەوامدان، کەیەکێکیان ئامادەدەبێت ئەوی تریان بزر، کەیەکێکیان چالاك دەبێت ئەوی تر دەبێتە رێگر.. کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەبێ یەکتر ناژین.

**" کە من پێدەکەنم خۆم دەگری**
**کە خۆم پێدەکەنێت من دەگریم**

**من لەخۆم تێناگەم**
**خۆم لەمن تێناگات**
**دەڵێی هەر یەکەمان لەمەملەکەتێکی ترەوە هاتووین**

**من لەخۆم هەراسانم، خۆم لەمن هەراسانە**
**کەچی هەر پێکەوە دەژیین. "**

******

سەفەری شاعیر لەم دەقەدا سەفەرێکی پڕ ململانێ و نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوەی دوو لای هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە لەیەکتر، سەفەری خودو نیشتمان و ئەو نامۆبوونەیە لەنێوانی مەنفاو نیشتماندا، لەنێوانی زاکیرەو ئێستادا، لەنێوانی جوانیی و ناشیرینیدا کە

شاعیر وەك رۆحێكی قەتیس و هەڵواسراو بەچەشنی درەختێكی بەر رەشەبا دەهێنێت و دەبات..

خەیاڵی ئەم موسافیرە لەگەڵێ شوێنی دەقەكەداو بە بەراوردكردن لەگەڵ ئەو دەقانەی تریدا كە پێشترێ نووسیونی و بەرچاومكەوتوون، خەیاڵێكی تەواو شاعیرانەیەو ئیشكردنەكەی بەزایە نەچووە.. گەرچی لەهەندێ رووبەری كەمی تری دەقەكەدا لەپڕێكدا دووچاری دەربڕینی سادە دەبینەوە، كە دەكرێت بڵێم لەچاو كۆی بەرهەمەكەدا، دەلاقەی گەورە لەجەستەی دەقەكەدا دروستناكەن و ئەرجومەندم لەداهاتوودا ئەوانەش تێپەڕێنێت..

لەهەندێك وەسفی ترداو بەشێوەیەكی كەم، من ئەو هەستەم هەیە كە شاعیر كەوتۆتە ژێر سێبەرێكی تەنكی دەقی شاملۆیی كە ئەوەش بە بۆچوونی من حاڵەتێكی ئاساییەو لەقەدری دەقەكە كەمناكاتەوە.

******

دواجار، حەمەی كاكەڕەش، بەدەقێكی جوانەوە هاتۆتە پێشێ و دەبێت بۆ لەمەودوا هەمیشە چاوی لەوە بێت كە لەئاستی ئەمجۆرە دەقە نەیەتە خوارێ و هەمیشە موسافیرێكی خەیاڵفراوانی ناو دنیای شیعر بێت.. سەركەوتنی بۆ دەخوازم.

ئوستڕالیا

دێسەمبەری ٢٠٠٧

# حەمەی کاکەڕەش لەنێوان ئەو و خۆی دا

## جەلال بەرزنجی



دووای خوێندنـەوەی شـیعری (مـن و خـۆم) ی حەمـەی کاکەڕەشـی شـاعیر، جگـە لـەوەی لـەزەتم لەخوێندنەوەی شیعرەکەی کرد، بردمیشییە حاڵەتی گەڕانێکی جوان بەدوای دۆزینەوەی (حەمە) لەنێوان ئەو و خۆیدا، کـە زۆرجار دەمدۆزییـەوە، بـەڵام زوو زوو لێم ون دەبووەوە، حەزمکرد ئـەو دوو بۆچوونە کورتەش لەسەر شیعرەکەی بڵێم:

* شـیعرەکەت زۆر لەنزیکـەوە، بـەجوان و ئـارامیی لەناکۆکییـە شـاراوەکانی نێـوان کارێکتـەرەکانی نـاوەوەی مـرۆڤ دەدوێ لەنزیکـەوە پـەی بەحاڵەتـە شـیعرییەکان بردووە، لەخۆی دوور نەکەوتۆتەوە، زۆری لەخۆی نەکردووە، بەساکاریی و بەقووڵی باسی لەنیگەرانیی و بێ ئۆقرەی خۆی لەنێوان ئەو خۆیدا دەکات! بـەڕای مـن زۆر نزیکبوونـەوە لەخۆت بۆ نووسینی خۆت قودرەتی جوانیی شاعیرییەتی دەردەخات!

* زمانەکـــەت فەرهـــەنگی خۆیـــەتی، بەشـــتی زیـــاد بـــار نـــەکراوە، پەیوەنـــدیی بەشـیعرەکەیەوە هەیـە، بـەجوانی و بەئاسـانی وێنـەکانی لـەدەرەوەی خـۆی هونەرییانـە دروستکردووە!

کەنەدا



# من و خۆم و کۆمەڵێک وێستگەی جیاواز

**دلاوەر قەرەداغی**

ئازیزم کاکە حەمە گیان...

سڵاو... سوپاس بۆ شیعرەکەتان و ئەو متمانەیەی کە بەمنتان بەخشیوە بەوەی شیعرێکی خۆتانم پیشانبدەن کە هێشتا بڵاوتان نەکردووەتەوە.

پێموایە ئەم ئەزموون و مۆدێلە لەشیعری تۆ، جیاوازی لەگەڵ سەرجەمی شیعر و ئەزموونەکانتی ترتا هەیە، شتێکی زۆر باشت کردووە کە پەلەت لەنووسین و تەواوکردنی نەکردووەو یەك ساڵ ئازادیی فڕینت پێبەخشیوە. فڕینی ئەم باڵدارەی شیعری تۆ فڕینێکی راستەوخۆ نەبووە لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر، بەڵکو کۆمەڵێك وێسگەی جیاواز جیاوازی نیشتنەوەت بۆ رەخساندووە، کە خودی ئەو وێستگانە لەخۆیاندا، دواجار پرۆسەی فڕین ( پرۆسەی خۆڵقاندن )ەکەیان لەچەندین رەهەندو گۆشەی بینینی لێکتر جودادا بەرهەمهێناوەتەوە. راموایە ئەم کارە تازەیەی تۆ هێشتا بەدەمییەوەیەتی و دەکرێت زیاتر لەسەری راوەستیت و فراوانتر دەرفەتی گوزارشت لەخۆکردنی پێبدەیت، خۆ دەشێت ئەوە پێوەندی بەچێژی خوێندنەوەی خۆیشمەوە هەبێت، کە کاتێ شیعرێکی باش دەخوێنمەوە، حەزدەکەم وەك سەفەرێکی خۆش هەر بمباو کۆتایی نەیەت. ئەوەی زیاتر لەم شیعرە نوێیەی ئێوەدا پێی دڵخۆش بووم، ئەوەیە کە یەکێکە لەو هەوڵە کەمانەی ئەمڕۆ لەشیعری ئێمەدا دەدرێت بۆ گوتنی ترو خۆدەربازکردن لەو مۆدێلە یەك رێتم و یەك دەنگ و یەك هەناسەیەی ئێستای شیعرنووسین.

دووبارە سوپاس بۆ خۆت و خۆت.

٢٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

# ئەم شیعرە
# شیعری دەنگە جیاوازەکانە

## ئارام کاکەی فەلاح



من هەمیشە سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە تێکستی جوان دەنووسن و لەم رۆژگارەشدا سوپاسکردنەکان کەمتر دەبنەوە. فرۆید فێریکردین کە جەنگێکی گەورە لەبەینی ( من ) و ( خۆم)دا هەیەو وایکرد کە شەرم لەباسکردنی ئەو جەنگە نەکەین. پێش ئەویش ئەدەبی دۆستۆیڤسکی پڕبوو لەو دابەشبوونەی کە دەشێت لەهەموو کەسێکدا هەبێت و پرسیار تەنها ئەوەیە کەی سەرهەڵدەدات.

ئەم شیعرەی تۆ بەزمانێکی سادە، بەڵام رەنگاوڕەنگ ئەو دابەشبوون و کەرتبوونەمان بەبیردێنێتەوە کە مرۆڤ دەشێت هەڵگری بێت و لەهەرچرکەیەکدا رووبەرووی دەبێتەوە. ئەم شیعرە مارشێکەو هەموومان تیایدا بەشدارین، مارشێکە بەرەو کۆڵانە تاریک و نووتەکەکانی رۆحێکی پڕ لەپرسیارو گومڕا.

جگە لەو یاریکردنە بەمن و خۆم، ئەم شیعرە مانای قووڵ بەم دوو وشەیە دەدات و وادەکات بەوشیارییەکی تازەوە بەکاریان بهێنین. ئەم شیعرە شیعری دەنگە جیاوازەکانە کە لەشەڕە جیاوازەکانەوە دێت و هەموو منەکان و خۆمەکان تێوەدەگلێنێت. ئەو سەرنجە دوژمنکارانەی من بۆ خۆم هەیەتی و خۆم بۆ من هەیەتی جێگای خوێندنەوەیەکی قووڵەو هیوادارم رەخنەگرەکانمان لەم بابەتە بکۆڵنەوە.

ئەو سەرنجە دوژمنکارە لەبینای شیعرەکەدایەو چووەتە هەموو دێڕەکانییەوە، بەتایبەتی و زۆر بەزەقی لەم چەند دێرەدا دەبینرێت.

**لەهەموو دونیا خۆش دەبم لەخۆم نەبێ**

**یان.......لەشەڕی نێوان من و خۆما**

**هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم**

**کە من پێدەکەنم خۆم دەگری**

**کە خۆم پیدەکەنێت من دەگریم**

**یان،، گوناحە من و خۆم بخرێینە یەک گۆڕەوە**

**یان.. ماڵی من ئاسمانە**

**خۆم لەسەر زەوی جێدێڵم**

**یان،، من ئاوێنەکانم شکاند تا خۆم نەبینم**

**خۆم ئاوێنەکانی شکاند تا من نەبینێت**

**یان،، خۆم خەیاڵی منی کوشت**

لەهەندێك شوێنیشدا کەلێنێك لەنێوان دێڕەکاندا دەبینرێت کە دەبوایە ئیشی زیاتری تیا بکرایە، زەقترینیان، بۆ نموونە :

**کەس شک نابەم منی لەلا دانێم**

**خۆمی شێت کردووە**

ئەم شیعرە پڕە لەوێنەی جوان، کە جوانترینیان لای من ئەم دێڕەیە تێکەڵییەکە لەمۆسیقای شیعری کلاسیکی و چوارینە پڕ خەمەکانی محەمەد عومەر عوسمان.

**دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی خۆم**

**لەبەر بێڕەنگیی دەرەوەی خۆم**

**ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ**

**رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم**

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە کە ماوەیەکی زۆر لەم شیعرەدا کارت کردووەو هیچ پەلەت نەکردووە، خۆزیا شاعیرانی تریش وەك تۆ پەلەیان نەدەکرد، ئەوسا شیعری لەئێستا جوانترمان دەبوو.

# دەقی (من وخۆم)جوانییەک وەکو ئاو روون و ئاشکرا

## شیرین . ك



ئەمە یەکێکە لەو دەقانەی کە لەیەکەم خوێندنەوەدا خۆیت بۆ ئاوەڵا ناکات، ئەمەش لەئاڵۆزیی و گرانیی وشەو رستەو وێنەکانییەوە نەهاتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو سادەیی و روونییەوە هاتووە کە خوێنەر لەیەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ دەقەکەدا بەهەڵەدا دەچێت، وا دەزانێ کە لەوانەیە ئەم دوو رستە زۆر سادەو روونەی سەرەتا (کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە.. کەسێك نییە من و خۆم ئاشتکاتەوە) نەتوانێت هەڵگری ئەو هەموو جوانییە بێت و ئەو هەموو چێژە ببەخشێت، (مەگەر یەکەم وەزیفەی ئەدەب– هونەر بەخشینی چێژو ناساندنی جوانی نییە؟!) جوانیی ئەم دەقە لەپێش هەموو شتێکدا لەزمانەکەیدایە (مەگەر زمان خۆی بۆخۆی — غایە–و مەبەست نییە؟!) لەوێنە سادەو رۆشنەکانیدایە کە بەسانایی بەوشەو رستەی کورت و بێ گرێ و گۆڵ، بێ تەمومژو گرژی و زۆر لەخۆکردن لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەفۆرمێکی جوان و تەکنیکێکی تۆکمە باس لەو کەرتبوونەی مرۆڤ دەکات، باس لەو شەڕە ئەزەلییەی ناو ناخی مرۆڤ دەکات، باس لەمەسەلەیەك دەکات کە بەقەد دێرینیی مرۆڤ دێرینەو هەر لەوکاتەوەی مرۆڤ دەستی بەتۆمارکردنی خەون و خولیاو بیرو تێڕامانەکانی خۆی کردووە، هەر لەسەرەتاییترین ئەو تێکستانەوەی بەرهەمیهێناوە باسی ئەم دابەشبوونەی کردووە، ئەمە لەکۆنترین ئایین و ئەفسانەو داستانەکاندا هاتووە تا دەگاتە فەلسەفەو ئەو دەقە ئەدەبییانەی بەدرێژایی مێژوو تۆمارکراون، واتە بابەتی قەسیدەکە شتێکی نوێ و نەبیستراو و نەگوتراو نییە، بەڵام بابەتێکە قەت کۆن نابێت و لەگەڵ هەموو سەردەم و لەگەڵ هەموو مرۆڤێکیشدا نوێ دەبێتەوە، چونکە باسکردنی ئەم دابەشبوونی خودە، پرسیاری ئەزەلیی مرۆڤە لەبارەی بوونی خۆیەوەو دیارە لای شاعیرانیش ئەم پرسیارە قوڵترو ئاڵۆزتر دەبێتەوە، لەم قەسیدەیەدا کەرتبوونی خودێك هەیە کە من وەکو قەلەقێکی وجودیانەی خودێك دەیبینم بەرامبەر بەبوونی خۆی، دوودڵی

و لێکترازانــی زاتێکــە کــە ڕەنگــە ئامــاژەش بێــت بــۆ پــەرتبوونی نــەوە یــان گــەلێك لەساتەوەختێکی مێژووییدا..

جوانیی ئەم قەسیدەیە لـەجۆری تـەرحکردن و فۆرمەکەیدایـە، ئەمەیـە مـنی خوێنـەر رادەگرێ و رامدەکێشێت تا دوا وشەی بیخوێنمەوەو بەیەك جار خوێندنەوەشی رازی نەبم، بــەڵکو دووجــارو ســێ جــارو زیــاتریش بیخوێنمــەوە، چــونکە مــن بۆخــۆم زۆر دەمێکــە لەخوێندنەوەمدا بۆ هەر دەقێك ئەوەنـدەی بـەدوای مانـادا دەگـەڕێم لـەوە زیـاتر فـۆرم و جۆری تەرحکردنی دەقەکە رامدەگرێ و داگیرمـدەکات، بەتایبـەتی لەشـیعردا کـە (زمـان، وشە، رستە، ئاواز، ئیقاع) خۆیان بۆخۆیان مەبەستن نەك بەتەنیا هۆکار..

لەم قەسیدەیەدا جۆرو شـێوازی تـەرحکردنی پرسـیارەکان ڕەشـبینی لەگـەڵ خۆیانـدا دەهێنن، ڕەشبینییەك لەئەنجامی بەیەك نەگەیشتن و لەیەك نەگەیشتنی (خۆم)و (من)ەوە دێتە ئاراوە، ڕەنگـە ئەمـەش مەبەسـتی سـەرەکی شـاعیر بێـت کـە ئـەو ڕەشـبینییە زەق کاتەوەو قەسیدەکەی پێبکاتە ئاوێنەیەك تا ئێمەی خوێنەریش ڕۆح یـا زاتـی خۆمـانی تیـا ببینین کە ئێمەش هـەروەکو ئـەو-ی شـاعیر کـەرت کـەرت و دابەشـین و لەیەکـەم وشـەی قەسیدەکەیەوە درك بەوە دەکـەین کـە ئـەو دوو لەتـە نابنـەوە بەیـەك و ئاشـت نابنـەوە، بــەڵکو دێــر دوای دێــر، وێنــە دوای وێنــە، ئــەو دوو کەرتــە زیــاترو زیــاتر لەیــەك دوور دەکەونەوە، بەڵام شاعیر لەبەرامبەر ئەم لەتبوونەی (من) و (خۆم)دا بێلایەن نییە، چونکە (من) بەپۆزەتیڤ وێنا دەکات و (خۆم) بەنێگەتیڤ، بەڕادەیەك لەهەنـدێ شـوێندا (خـۆم) وەکو (ئەو- کەسی سێیەم) دێتە بەر زەین، بەڵام پێدەچێت شاعیر مەبەسـتی بێـت زاتـی خــۆی هــەر وا بــەدوو کــەرتی بهێڵێتــەوە، خــاڵی هێــزو جــوانی نــاو قەسـیدەکەش لــەو کەرتبوونەدایە بەڕادەیەك ئەگەر لەکۆتایی قەسیدەکەدا ئـەو دو کەرتـە ئاشـتبوونایەتەوە، ئــەو قەسـیدەیە لــەدایك نــەدەبوو، هەرچــەندە کاتێــك دەگەینــە دوالاپــەڕەو دوابەشــی قەسیدەکە من بۆخۆم وا هەستدەکەم هێشتا قەسـیدەکە تـەواو نـەبووەو مـاوێتی، ڕەنگـە شاعیر بەئەنقەست و بەمەبەست قەسیدەکەی لەوێدا کۆتایی پێهێنابێ وەکو ئاماژەیەك بۆ بەردەوامبوونی ئەو ململانێ ئەزەلییەی نێوان من و خود، چونکە قەسیدەکە بەچەند دێـڕو لەچەند وێنەو دیالۆگێکدا کۆتایی دێ کە خوێنەر وا هەستدەکات هێشتا نـابێ تـەواو بـێ.. منی خوێنەر دەگەڕام بۆ دێڕی ترو بـەخۆم دەوت نابێـت لێـرەدا تـەواو بێـت، ڕەنگـە ئـەم ئیحساسە لەوەوە هاتبێت کە دەقێکی جوان دەخوێنمـەوە حـەز ناکـەم تـەواو بێـت بۆیـە حەزم نەدەکرد ئەم دەقەش کۆتایی بێت...

# دونیای ئەم تێکستە دەگمەنەی
# - من و خۆم -
# لەدواجاردا تەواو بەرجەستەیەکی
# هەرە جوان و قوڵ و پڕ لەپرسیارە

**دڵسۆز حەمە**



بۆ خۆی شیعر لەو پانتاییە دەرونیی و ئینسانیی و هەستیارییەدا بەرهەمدێت کە مرۆڤ (شاعیر ) لەساتە وەختێکدا بەئامادەبوونی هۆشیاریی و دیدێکی هەرە جیاوازو هەرەقوڵتر بۆ ژیان، جارێکی دی ژیان دەنووسێتەوە، بونیادەکان دەیانجار مانادەکاتەوە، کە رەنگە لەسەفەری وردبوونەوەو ماناکردنەوەی جارێکیتری شتەکان و گێڕانەوەی ئازارەکان رێکەوتی چەندەها پانتایی جوانیی و مانای گەلێ قوڵ و ئازاری پەنهان و نهێنی وشەکان بکەین، کە لەدواجاردا ئەوەیانە داهێنان و مانای داهێنان، شیعر جیاواز لەژانرە ئەدەبیەکانی دی زیاتر رەهەندێکی دەروونیی و هەستی و تاکەکەسی بەخۆوە هەڵدەگرێت، کە ئەوەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆشاعیر کە خۆی بێت و پڕاوپڕی هەستەکانی گوزارشت لەشپرزەیی و رامان و پرسیارو ئازارەکانی بکات، شیعر ئازاراویترین و جوانترین سەفەرێکە ئارامییەکی شپرزە دەدات بەرۆحی شاعیر کە ئیدی بەدونیایەك ئاشنابێت، دونیای پرسیارو گومان، ئازارو بێهودەیی، عەشقێکی قوڵ و تەنهاییەکی بکوژ کە بۆ ئەبەد

پڕ نابێتەوە، ژیان لەدەرەوەی ئەو دونیایە وەکو ئەوە دەبێت هێزی دیتن لەچاوەکان بسەنێتەوە، ئەگەر ئەوە سروشت و دونیای شیعر بێت لەپێکهاتەی گشتیدا، ئەوا دونیای ئەم تێکستە دەگمەنەی (من و خۆم ) لەدواجاردا تەواو بەرجەستەیەکی هەرە جوان و قوڵ و پڕ لەپرسیارە لەهەمبەر ئەو واقیعی دوکەرتبوون و لێکترازان و شپرزەییە دەرونیەی مرۆڤ دەکات بەگژ خودی خۆیدا، ئەو تۆران و دابڕانە کوشندەیەی کە دەکرێت لەسەر دوو رەهەندی جیاواز خوێندنەوەی بۆ بکەین، لەسەر ئاستی تاکەکەس وەکو رەهەندێکی زاتی–سایکۆلۆژیی سەر بەکۆمەڵگایەکی چەپێنەرو واقیعێکی پڕ لەمەینەتی و ئازار بەتایبەتی لەهەمبەر چەمکی تاك و ئازادییەکانی تاکدا، بەڕادەی سڕینەوەی تاك لەجەستەو بونیادی خۆدا، وەختێك هۆشیاری بەرەنگاری راستییەکی لەو جۆرەو واقیعێکی هێندە قورس و تاریك دەبێتەوە بەسەر رۆح و ئازادیی و ژیانی تاکەکانەوە، ئەوا لەسەر پردەکانی هۆشیاری و لەتەنیشت دەرککردن و پرسیارەوە، مرۆڤێك رەنگە بەرهەمبێت لێوانلێو لەناکۆکیی و دواڵتی و دووکەرتبوون، دووکەرتبوون لەنێوان خەون و بێئومێدیدا، دووکەرتبوون لەنێوان غوربەتی ولات، ولاتێك لەغوربەت، دابەشبوونی رۆح لەنێوان چەمکی ئازادیی و لەدەستدانی ئازادیی، دووکەرتبوونی دەرونیی لەنێوان ئەو هەموو هێزانەی چاو لەعەشق سووردەکەنەوەو تفەنگ دەکەنە شانی پیاوکوژەکان...دووکەرتبوون لەنێوان ولاتێك خۆشتدەوێت و بەختەوەریت پێنابەخشێت،...جوانترین کۆپلەیەك کە دڵت پڕ دەکات لەجوانیی و قورسایی ئەو مانایانە:

**من لێرەم و خۆم لەوێیە**

**خۆم لێرەم ومن لەوێم**

**کەچی بەردەوام پێکەوەین**

هۆشیاریی و ئاگایی مرۆڤ لەکۆمەڵگایەکدا کە تاکەکەس هیچ شوناسێکی نییەو بگرە بەرەنگاری شوناسی جیاوازخواز دەکات و بەهەموو ئامرازەکانی دەیخاتەوە ریزبەندی خۆی، لەواقیعێکی وەهادا، مەسافەی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ خۆی وەها فراواندەبێت،

دابەشبوونی رۆحیی و دەرونیی و نەناسینەوەی مرۆڤ بۆ خۆی، دابڕانی مرۆڤ لـەخۆی وەك ئەوەی لێدێت:

**ئێمە شەو و رۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوادەبین**

یان:

**من و خۆم ئاو و ئاگرێکی تێکەڵین**

یان

**من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە**

ئەوانـە ئامـاژەی قـوڵ و هونـەریی و جـوانن بـۆ پرسـیارێکی زۆر گـرنگ، پرسـیاری لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی گیانیی و دەرونیی مرۆڤ کە گەڕان و رامانی زۆر هەڵدەگرێت هەمانکات ئاماژەن بەتێوەگلان و هۆشیاریی شاعیر بەو پرسە ئینسانیانەی کە دەکرێت ئەو هێزە ستاتیکی و جوانکارییە بدات بەم دەقە، کە لـەمڕۆدا کـەمجار رێکـەوتی دەقێکی جوان دەکەین، رەهەندی دووەمی خوێندنەوەی دەقەکە رەنگە بەهـەمان رەوتـی لێکترازان و دابڕینی ئینسانیدا تێپەڕین، بەڵام لەسەر ئاستی رەهەندێکی فـراوانتر کـە ئـەو دابڕان و بەگژداچوون و لێکترازانە دەرونییە کە کۆمەڵگای کوردی دووچاری هاتووە لەسەر ئاستێکی بابەتی، غەریب بوون و کاڵبوونەوەی ئـەو ماهیەتـە گـرنگ و ژیانبەخـشانەی کـە تـاك بـە کـۆوە دەبەسـتێتەوەو فراوانبـوونی کـەلێنێکی گـەورە لـەنێوان دڵـی تـاك و بێدەربەسـتیی کـۆدا، جێگرتنـەوەی پێکـەوەژیان و ئاشـتبوونەوەو ئـازادیی بەتـەنهایی و دوژمنایەتی و پەراوێزکردنی دونیاکانی یەکتری لەکوشندەترین لێکترازانی نێوان کۆمەڵگای کـوردی و تاکەکانیـدا، تاکـەکانی دووچـاری پەراگەنـدەیی و حـەزی بێـسنووری سـەفەرو جێهێـشتن کـردووەو کـۆش بـەدیوێکی تـردا لـەدارمانێکی بەردەوامـدا خۆکوژانـە دەیگوزەرێنێت، جوانترین وێنـەی ئـەو جێهێشتنە پـڕ تەنهاییـەی تـاك و ئـەو خۆکوشـتنە بێدەربەستەی کۆ بەلای منەوە ئەم وێنانەیە "

**من و خۆم (پێکەوەین )و تەنهاین**

**من وخۆم (تەنیاین )و پێکەوەین**

یان :

**من وخۆم کوشتن لەنێوانماندا ڕاوەستاوە نەک ژیان**

یان:

**من لەتینوێتیدا دەمرم**

**خۆم گیرفانەکانی پڕن لەئاو**

یان

**دەمەوێت سەفەر کەم بۆ شارێک کە خۆمی لێنەبێت**

ڕەنگە سیفەتکی ناسینەوەی کۆمەڵگا ترادیشۆناڵ و چەپێنەرەکان بەرهەمهێنانی مرۆڤی تەنیاو لێکترازاوە لەڕووی دەرونییەوە کە وادەکات توانای بۆ بەختەوەربوون کەمتر بێتەوە، لێکترازان و دابەشبوونی دەرونی ئێمە گەشتۆتە ئەو سنوورەی مرۆڤەکان بەپێچەوانەی خەون و ئیرادەو حەزەکانی خۆیانەوە ژیان پیادەبکەن و عاشق بن و پیاسەبکەن و گۆرانیش بڵێن و منداڵەکانیان ناو بنێن بەمانایەکی تر مرۆڤ بەشێوازێك دەژی و رۆژەکانی دەگوزەرێنی ڕەنگە هەرگیز ئەو شێوازو ئەو گوزەرانە نەبێت کە لەقوڵایی ناخی ئینسانی خۆیدا، لەدونیای خەونەکانیدا ئاواتی بۆ دەخوازێت یان خەونی پێوە دیتوە:

**بەناوی منەوە قسە دەکات**

**دەگری پێدەکەنێت، کوفر دەکات**

کوشندەترین حاڵەتێك کە مرۆڤ ژیانی هەژار و رۆژەکانی پەژموردەو دەرونی دەکەن بەبیابان، ئەو حاڵەتەیە کە ماناکانی ژیان و خەونەکان و روانین بۆ ژیان لەتاکەوە تەسلیم بەکۆ بکرێت، ئەو واقیعەی کە تاکی کۆمەڵگای ئێمەی دووچاری بکوژترین دواڵتی و دوکەرتبوونی دەرونی و ئینسانی کردووە، ئەم دەقە دەربڕینێکی قوڵ و شۆڕبوونەوەیەکی وردبینانەیە بۆ ناو ئەو ئازارە گەورەیە.

دەقی جوان زۆرترین شت دەڵێت بەکەمترین وشە، مانای قوڵ دەدات بەوشەی زۆر سادە، ئەم دوو سیفاتە تاڕادەیەکی زۆر لەم تێکستەدا فەراهەمکراون کە جوانیی و شەفافییەتێکی جوان و سەنگینیان داوەتە ئەم دەقە، هەمانکات بەبڕوای من چەندان

دێڕی زیادەی تێدایە لابردنیان دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات نەك مانەوەیان، هەندێك لەو دێڕانە لەگەڵ قورسایی وقوڵیی دێڕەکانی پێش خۆیاندا ناکۆکن بۆ نموونە:

**زۆرکەس هەن شارەزای.......**

تادەگاتە:

**هەر بۆ ئەوەی هەراسان بم**

**قسەی سادەن خزمەتێک بەدەقەکە ناکەن**

یان

**من لەپەنجەرەی سێوەکانەوە**

تا دەگاتە:

**تاریکی دەڕژێتە ناو باغ**

پێموانییە تەنانەت هەڵگرتنی ئەو دێڕانە هیچ لەماناو جوانی دەقەکە کەم بکاتەوە، دیارە هەندێك دێڕی تریشم هەر پێ زیادەن لێرەو لەوێدا، زمانی چڕ دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکات، هەرچەندە بەگشتی زمانێکی جوان و شەفاف و مانابەخش بەکارهاتووە،...لەکۆتاییدا پرسیارەکانی ناو ئەم دەقەو رۆحی وشەکان، ئەوسفیری شپرزەبوون و مەحاڵەی مرۆڤ بەدەستی چارەنووسەکانەوە ئەم دەقەی کردۆتە دەقێك کە خوێنەر ناتوانێت بەسانایی بەسەریا تێپەڕێت، بەڵکو پڕی دەکات لەپرسیارو جوانیی، هیوادارم سەرکەوتووبیت، دەستەکانت هەمیشە سەرقاڵی داهێنان بن.

اپریل ٢٠٠٨

مەلەکردنی ماسییەکی ئاڵتوونیی بەنێو بەتاڵایی رۆحدا

* پلاتۆن : ئاپۆلۆگی (بەرگریکردنی) سوکرات. چاپخانەی لایکلامی ئەڵمانی. لاپەڕە١١

Platon, Apologie des Sokrates, Reklam Verlag ١٩٨٧, S١١.

# شیعرێک ئاوس بەخود

## ئەنوەری رەشی عەولا

شاعیر لەنێو گەمارۆکاندا تا ئەوپەڕی توانایییە ئیستاتیکییەکان ئیرادەی شیعرییانەی خۆی دەئەزموێنێت. گەمارۆدراو بەچی؟ گەمارۆدراو بەشەڕو ئاشتییەکانی نێوان من و خودێک کە بێشوناسن و کەچی دەبن بەشورەش بۆ شواناسدان بەبوونی یەکتریی و سڕینەوەی یەکتری.



ساخکردنەوەی تخوبەکانی نێوان ئەم دوو فیگەرە زۆر دوورو نزیکەش کە من و خودە، کردەی مەحاڵە. شاعیر دێت و لەگەڵ وەسوەسەکانی خۆیدا ئێمەش پەلکێش دەکات بۆنێو ئەومەحاڵەی کۆتاییەکەی سەرەتایەو سەرەتاشی کۆتاییەکی ترە.

ئەم تێوەگلان و بەربوونەوەیە بۆ نێو بەرزەخی نێوان من و خود.

ئەم پێداگریی و جێگۆڕکێ پەیتاپەیتایەی جەللاد بوون و قوربانیبوونەی ئەو دوو رەهەندە بۆ یەکتری دەسازێنن، لەدواجاردا ئیرادەیەك دەئافرێنن، کە ئێمە لەزماندا ئەو ئیرادەیە چاو دەکەین و دەیبینینەوە کە چۆن خۆی هەڵدەچنێ بۆ ئەو ئاستەی کە بێقەرار بوونێکمان بۆ نمایشدەکات، کە بەهەست و پێستی رەنجە دەروونیی و ئیگزیستیاڵییەکانی خۆیانەوە بیانناسینەوەو بڵێن: ئەو گەمەیەی خۆمان نوقڵانە لێدەری بووین بۆ یەکتری، دەبێ هەر خۆشمان بەرێوەبەری بین.

خود... ئیرادەکەیەتی!

ئیرادە.. توانا و هێزێکە، خود گەرەکیەتی لێیەوە گەوهەرەکەی نمایش و ئاشکرا بکات، لەبەرامبەر حەتمیەت و قەدەرگەراییەك (determinism) کە رێك پێچەوانەی رەوتی ئیرادەگەرییەت دەبێتەوە، چونکە ئیرادە دەخوازێت هەڵبژێرێت و داخوازە

بەهێزەکەی کە ئازادییەکەیەتی لەدووی مەرام و ئامانجەکەی تواناکانی بخاتە گەڕو بیر لەوە دەکاتەوە بەچ ڕێگە گەلێکی شیاو بەدەستی بهێنێت.

لەکاتێکدا دیتێرمنستەکان بڕوایان وەهایە مرۆڤ ناتوانێت ئەوە هەڵبژێریت کە دەیەوێت، بەڵکو دەبێت ئەوە بکات کە قەدەرەکەیەتی، چونکە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بەڕێوەدەچێت.

لەکاتێکدا بۆچوونێکی تر هەیە پێیوایە، هەموو چالاکییەك کە مرۆڤ دەیکات ئازادانەیە مادام لەخودی خۆڕسکیانەی خۆیدا هەیە، بۆیە دێتە دەرەوەو ئەو ئارەزوو و ئایدیایە بەهەموو یەقین و دڵەڕاوکێکانییەوە بەشێوەیەکی پراکتیزانە گوزارشت لەخۆی دەکات. لەنێوان ئەو دوو ڕووانینەدا.. ڕووانینێکی میانڕەوانەی تر هەیە کە وایدەبینێت لەنێوان ئیرادەی ئازادو دیتێرمینیزمدا بەبیرلێکردنەوەو راوێژ لەگەڵ خۆدا ئاڵتەرناتیڤێکی تر هەیە، کە ڕێگەی سێیەمە، نە ئەوەی یەکەمەو نە ئەوەی دووەمیش.

لێرەدایە دەکەوینە بەردەم ئازادییەکان و ئەو فاکتەرانەی لەگەڵ، ئازادیی هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردن، ئازادی بیرکردنەوەو ئایدیاکان لەپرۆسێسێکدا دێنە ئاراوەو پیادە دەبن، چونکە ئیرادە لەنێو ئەو فاکتەرانەدایە گوزارشت لەهیوایەت و ئارەزووەکانی خۆی دەکات و دەشگاتەوە بەخۆی، جارێك سەرکەوتوو دەبێت و جارێك لەباردەچێت. جارێك خۆی وندەکات و جارێك خۆی دەدۆزێتەوە.

خۆی دەچنێت و خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی هەستگەلێکەوە دەبێت کە لەودا هەیە، چونکە دەبینێت، بۆندەکات، دەبیستێت، تامدەکات، دەست لەشتەکانەوە دەدات. جا ئەمانە ئارامیدەکەنەوە، یا نەخۆ تووڕەی دەکەن. بەبێ بوونی ئەمانە کردو کۆشەی ئەقڵ و دڵ مایەپووچ دەبن.

کەچی ئەوەی دوا بڕیار دەدات و دەتوانێت لەتەنگانە یەکبەدوایەکاندا پاڵی پێوە بدەی " ئەقڵی دڵ و دڵی ئەقڵ خۆیەتی. ئەگەر (ئیرادە.. نیشانەی ناسینەوەی مرۆڤەکان بێت بۆ ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنی خودو هێز) ئەوا دەبێت لەو هەموو هێزانە بەهرەمەند بێت کە بەبۆن..و بینین..و تام..و دەستلێدان ناومان بردن، ئەوەی دەتوانێت لەو مەحشەرانەشدا هەموو ئەم شتانە، مەعنا پێبداو ئیدارە بدات.. زمان و یارییەکانییەتی.

ناکرێت ئەم پێکهاتانە هەر خزمەتکار بن و راوێژکار نەبن.– واتە– هەر فەرمان جێبەجێکەربن و گوێیان لێنەگیرێت.چەنە سوود لەپێشنیارەکانی خود وەربگیرێت، دەشێت ئەوەندەش من پەروەردە بکرێت، چونکە خود بەبنەڕەتی ئەم هێزانەوە دەتوانێت ئیرادە بێت، ئەگەر نا ئیرادەیەکی کوێر دەبێت و هەڕەمەکیانە گوزارشت لەخۆی دەکات، هەر بۆیە سارتەر دەربارەی بۆدلێر پێماندەڵێت: ( شیعرەکانی بۆ ئەوە دەنووسێت، هەتاوەکو تیایاندا خۆی ببینێت، بەڵام نەیتوانیوە رازیبێت پێی).

کاکەحەمەی شاعیریش لەم وەحشەتەدا کە لەدوی خۆساخکردنەوەدایە، هەر وێنەیەکی تازەی خۆی دەبینێت، ناتوانێت رازیبێت کە ئەمە دوا وێنەی راستەقینەی ئەو بێت، چونکە قبوڵکردن و هەڵوەشاندنەوەیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان من و خودەکەیدا. ئەمەش ئەو فرسەتەی بۆ شاعیر فەراهەم کردووە نەگاتە دوا بنەوانی من و ترۆپکی خۆی. لەوێدا شیعر سیزیفیانە هەر هێندەی لێدەوەشێتەوە شاهیدی ئەو بڵندبوونەوەیەو گلۆربوونەوە ئەزلییە بێت، کە لەناو هەمووماندا بەپلەی جیاواز هەیە، بەڵام توانای بینین و ناسینەوەیمان نییە. ئەم تێکستە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو سەفەرە بەرزەخیەی، لەوێدا خود دەستی بەخۆی رادەگات، کەسێتییەکی تری لێ ئافەریدەبکات و بەدەستبهێنێت کە سەفیری نێوان ئەقڵی من و دڵی خود بێت.

# من و خۆم و
# کردنەوەی دەرگایەک بۆ فڕین

**حسێن ئەحمەد**

**فەرەنسا**

هـەوڵی ناسـینی خـودو بەرهـەمهێنانی خـود لای هیگـڵ لەکاتێکـدا دەسـتپێدەکات کـە بیرکردنەوەی ئینسان بگاتە دوا پلەی خۆی و وەك هەبویەکی ئەکتیڤ پرسیار لەناوەوەی خۆی بکات، هەر بیرێك لەئاستی دۆزینەوەی خود دا لاواز بوو وەك بـیرو هزرێکـی ناچـالاك دەبنیرێت کە شـەرمنە لەئاسـتی پرسـیارو دۆزینـەوەی فیکریـدا، لاوازیـشە لەتێگەیـشتن و ئەنالیزەکردنی کۆی بوعدە فەلـسەڤ و فیکرییەکانـدا. بۆیـە هیگـڵ پـرۆژەی ئـەکتیڤبوونی هـزر لـەڕێگای خۆبەرهەمهێنانیـەوە دەبینێـت، خۆبەرهـەم هێنـانیش بـەبێ خـودکردن بەپرۆژەی غۆشێخش و هۆشـیار بـوون بـەخود وەك رەهەنـدێکی فەلـسەڤ بونییـەتی لاواز دەبێت تا ئاستی دابەزین بۆ لەیادکردنێکی قوڵ. لەبەر ئەمەیە کە هیگڵ پێماندەڵێت: بـیر تەنها لەوکاتەدا کارا و چالاك دەبێت کە خۆی بەرهەمدەهێنێت. بەم وتەیەی هیگڵ لەبیردا کارکردن هەیە بۆ خودناسـین، بـۆ دۆزینـەوەی جوهـەرو بنـەڕەتی مـرۆڤ، بـۆ رەخنـەگرتن لەخودو خۆ کریتیککردن لەڕێگای هۆشیارییەکی چـالاکەوە. کـە ئـەم هۆشـیارییـە دواجـار لەناسین و ئەنالیزەکردنی خود دا دەگات بەچالاکییە ناوەکییەکانی خۆی. سـوکرات: وتـی مرۆڤ دەبێـت لـەڕیگای خۆیـەوە بگـات بەحەقیقـەت، حەقیقـەتی مـرۆڤ بـەر لەهـەر شـتێك سـەفەرکردنە بەخۆیـداو خۆدۆزینەوەیـەتی وەك بویـەکی پرسـیار چـی لەئاسـتی فیکـرو تەئەمولاتە ناوەکییەکانی خۆیدا، بۆیـە مـرۆڤ کـە دەپرسـێت مـن کـێم، وەڵامـی تـۆ کێـی ناداتەوە، بەقەد ئەوەی گەڕان بۆخۆی دەکاتە مەنهەجێکی فیکریی و فەلسەفیی و دواجار لەخۆیەوە دەکرێت کار لەسەر دۆزینەوەی تۆ بکات وەك کائینێکی فەرامۆشکراو و تاریـك، هەر بۆیە تۆ کێی لەخود دا لەدوای من کێمەوە دەست بە بەرزبونـەوەی خـۆی دەکـات بـۆ ئاستێکی مەعریفی و بالا، بەو پێیەی کـە پرۆگرامێکـی عـەقڵی، (تـۆ) لـەدوای (خـود)ەوە دەکاتە ئامانجی خۆی. بۆیە دەکرێت خود یەکەمین سەفەری لەخۆیدا ئەنجام بدات بـەرەو تۆ. کە رەنگە سەفەرکردن بەقوڵایی مرۆڤدا سەفەرێکی جاویدو هەمیشەیی مـرۆڤ بێـت کـە

جگە لـەخۆی ناگاتـە هـیچ جێگەیـەکی دیکـەو نـەبینراو، بـەو قـەدەرەی قـوڵایی مـرۆڤ تـا ئاسـتێکی ترسـناك درێـژ دەبێتـەوە بـۆ پرسـیارکردن لـەوجودی خـۆیی و دروسـکراوە هەنوکەییـەکانی خـوداش، بۆیـە مـرۆڤ کـە بێـچەك دەمێنێتـەوە لەبـەردەم تەلـسیمە نەبینراوەکانی خۆیداو جەنگی ناوەوەی خۆی بۆ ناگەیەنرێتە کۆتا، بەرەو خوداو سروشت و مردن و تارییەکییەکان سەر دەکەوێت، سەفەرو پرسیارکردنی مـرۆڤ جۆرێکـە لـەدودڵیی مرۆڤ لەهەمبەر خـۆی، جۆرێکـە لـەگوناهو پاکبوونـەوە کـە پرسـیاری مـرۆڤ هەمیـشە لـەو کاتانەدا زیندووە کە گوناه گەیشتۆتە سەر سینگی، مرۆڤی گوناهبارو گەڕاو بەتونێلـەکانی عەبەسدا یەکەم شت لەپرسەوە دەستدەکات بەگێڕانەوەی خۆی بـۆ دونیـا، چـونکە مـرۆڤ هەمیشە ئاگایی لەگوناهەکانیدا کامڵ دەبێت، بـەو قـەدەرەی یەکـەمین پرسـیاری منـداڵ وەك دروسـتکراوێکی بـارکراو بـەژیان لەبونییـەتی خۆیـەتی، روانـینی منـداڵ بـۆدایکی روانینـێتی بـۆ ئـەو شـوێنەی لێیـەوە گەیەنراوەتـە نـاو ژیـان بـۆ ئـەو جێگەیـەی دەبێتـە سەرچاوەی کۆی هەموو گوناهە گـەورەو نائومێدەکان، بۆیـە هەمیـشە دەیـەوێت بزانێـت لەکوێوە هاتووەو بۆو چۆن؟ لێرەدا کـە منـداڵ گـەورە دەبێـت و تەمـەنی دەگاتـە سـەر هۆشیاربوون بەخۆی دێتـە سـەر ئـەو خاڵـە جاویـدەی کـە مـرۆڤ بـەمرۆڤ گوناهبـار بـووە، بەهەمان وەسف دەشیخاتە ژێر پرسـیارو تەئـەمولاتی قوڵـەوە، هیتلـەر دەڵێـت بۆئـەوەی مرۆڤ لەژیان پاکبکرێتەوە کە گوناهێکی سـەرمەدییە دەبێـت بکەوێتـە بـەر تۆڵـەی مـرۆڤ و بمرێت، حەقکردنەوە لەمرۆڤ خۆی، کوشتنی خۆیەتی وەك کەسێك بـەژیان گوناهبـاربووە، لێرەوەیـە پرسـیاری بـەرزە مـرۆڤ دەسـت بەنەقـدەکانی خـۆی دەکـات لـەخودی خـۆی و تامردن وەڵامێکی قایلکەر وای لێناکات لەخودی خۆیدا بوەستێ و بەرەو ئەوانی تر بڕوات.
هیگڵ مرۆڤ بەوە دەزانێت کە نییە وەکو گیان، ئەگەر خودی خۆی نەناسێت، لێرەوەیە کە جـەنگی بونیادنانـەوە لەنائومێدییـەوە دەسـتپێدەکات بـۆ نائومێدییـەکی تـر، نائومێـدی نەگەشتن بەچەقێك بتگەیـەنێت بـەڕازیبوون لەناسـینی خـۆت و ناسـینی مـرۆڤ وەك مـرۆڤ، چونکە مرۆڤ کە لەبەردەم خودی خۆیدا دەڕوخێت و چۆك لەبەردەم ئایـدیاو بـیرو بـاوەڕە هەڵوەشاوەکانی خۆیدا دا دەدات، دووبـارە دەسـتپێدەکاتەوە، تـا دەگاتـە ئـەو شـوێنەی جـەنگی هەمیـشەیی مـسۆگەردەکات دژی خـۆی، دژی نـاڕازیبوون لەتێنەگەیـشتنی خـۆی لەهەمبـەر ماهیـەت و قـوڵایی مرۆڤـدا، بـەو بـاوەڕەی ئینـسان کائینێکـە بەزانـستەکان رازینابێت و هەمیشە رێگەیەکی دیکەی هەیە بـۆ گەیـشتن بەزانـستێکی جیـاوازو فـراوانتر، بەو مانایەی نائومێدیی مـرۆڤ سـەرەتای دەسـپێکردنەوەیەکی قـوڵترو گـشتگیرتر نیـشان

دەدات. ڕەنگە ئینسان بەوەدا هەبێت کە دەزانێت هەیە، بەڵام ئەم هەبوونە لەپرسیاری گەورەو ئەکتیڤدا هەڵدەوەشێتەوەو سەر لەنوێ خەتی کارکردنی بۆ دا دەڕێژرێتەوە، ئیمیر سۆن دەڵێت: ئەی مرۆڤ واز لەڕابردووی خۆت بێنە، دەبێت سەر لەنوێ دەستپێبکەیتەوە، لەڕاستیدا دەستکردنەوە بەهەر کارێك زەقکردنەوەی تێکشکان و رووخانی مرۆڤە بەدیوێکی تردا، هەوڵیشە بۆ رزگاربوون و بەردەوامیی لەپرسیارو گەڕان کە هەمبەر خۆی نایگەیەنێتە سەر خاڵی کۆتایی و بەستراو، تەنها بۆئەوەی مرۆڤی گەورە هەمیشە بەنائومێدیی سەفەر دەکات و لەئاگایی خۆیشیدا تەنها شتێك بۆیدەمێنێتەوە تەنهایی و بێدەسەڵاتیی خۆیەتی بەرامبەر زانستە بەرینەکانی دونیا. هەر بۆیە خەیام لەدوای ٧٢ ساڵ خوێندنەوەو بیرکردنەوە، دەگاتە ئەو دەرگا نائومێدو بەستراوەی کە هیچ نازانێت و وەك مرۆڤێکی نەزانیش دەکرێت بمرێت.

بۆیە مرۆڤ هەمیشە بەنائومێدیی واز لەباوەڕێك، بیرێك، ئیدییەك دێنێت و بەرەو شێوازو جۆرو هۆشیاریی تر دەڕوات تا لێیەوە مرۆڤ بناسێت و بیکاتە پرسیار کردن بۆخۆی. لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەرکی شیعر وەك پرۆژەیەکی فەلسەفی و مەعریفیی ئەرکی ناساندنی خودە بەمن، ئەرکی گەیاندنی ماناو هێماقوڵەکانی بیرکردنەوەی ئینسانە بەئینسان، ئەرکی پرسیارو وەڵامیشە. بۆیە دەقی نەمرو سەرکەوتوو ئەو دەقە نییە وێنەکانمان وەکو خۆی بۆ کۆپیدەکاتەوە، بەڵکو ئیشی دەقی سەرکەوتوو ماندوو بوونێکی عەقڵییە لەناو پێناسە فراوانەکانی خۆیدا، کاتێك شیعر ناتوانێت ئەمە بکات وەك شیعر کۆتای پێهاتووە، بۆیە ئەرکی شیعر پەڕینەوەیە بەناو زەمەنەکاندا بەدەستێکەوە کە پڕە لەپرسیاری گرنگ و وەڵامی سەرسامکەرو ئەکتیڤ، دەقی من و خۆم دەکرێت وەك دەقێك ناوی بێت کە ئیشی لەوەدا کردووە خۆم وەك من، من وەك خۆم نەناسم، بەقەد ئەوەی دووبەشکردنی ئینسانە لەبەینی دوو دوژمنی بەهێزدا کە یەکتری و بونییەتی عەقڵی و ئایدۆلۆگی یەکتری دەخەنە مەترسییەوە، مەترسی قەومانی ئاشوبێکی تاڵ لەبەینی دوو جنسی نائومێدا، جنسێکی روو لەخوداو جنسێکی مەست، جنسێکی رەق و جنسێکی گرینۆك، جنسێکی قوربانیی و جنسێکی جەلاد تاڕادەی خوێنڕژان، کە نازانن شەڕی ئەمان شاردنەوەی چی بەرەکەتێکە لەیەکتری؟، تۆڵەکردنەوەیە لەچی فەنتازیایەکی ئیلاهی؟ گەیشتنە بەچی و دەکرێت چیش جێبێڵن؟، من کاتێك ئەم دەقەم خوێندەوە راوەستام، نایشارمەوە دێڕ بەدێڕ هەستم بەو پیاوە ماندووە دەکرد کە لەپشت ئەم دێڕانەوە وەك خودایەکی گرینۆك و تەنها وەستاوەو روانین لەم جەنگانە خەریکە

دەیکوژێت، ئـەم پیـاوە هـەر کەسێك بێـت شـایەد حـاڵی حیکایەتێکـە کـە دوو بونییـەت خەریکی وێرانکردنی یەکترین، دوو بونییەت تا سەر خوێن خۆپەرستی و نێرجسی تێیانـدا تەشەنەی سەندووەو یـەکتریان بـۆ ناگاتـە بەختـەوەریی. لەشـەڕی مـن و خۆمـا، مـن مـن ناکوژێت لەبـەر خـۆم، خـۆم خـۆی ناکوژێت لەبـەر مـن، کاتێـك مـن نامـەوێت دوژمنەکـەم بەختەوەر بکـەم خۆکوشـتن بەحیکایـەت دەزانم، گەیـشتنم بەخۆکوشـتن دامـاڵینی هێـزی رووبەڕووبوونەوەمە لەگەڵ دوژمنە شەڕفرۆشەکانمدا، نـەخۆم و نـەمن نـاخوازن بێهێزییـان بگاتە رادەیەك یەکتری بەمردن دڵشاد کەن، چـونکە مردنـی تـۆ بـۆ مـن زیندویـەتی مـن را دەگەیەنێت، لەبەر ئەمـە قەسـیدەی مـن و خـۆم قـەسـیدەی دروسـتکردنی کاراکتـەرە بـە بەدیلێکی شانۆیی، کاراکتەری تەیار بۆ داگیرکردنـی هـەموو شـتێك کاراکتـەری خـوێنین و موسڵمان، کافرو بەهەشتیی، کەهەنـدێکجار جـەلادو قوربـانیی خـوداو شـەیتان موسـافیرو چەقبەستوو لەوڵات و شـارو بـازاڕە خامۆشـەکاندا ناسینەوەو جیاکردنـەوەیان زەحمـەت دەکەوێتــەوە، چــونکە ئــەم دوو کاراکتــەرە (مــن)، (خــۆم) بــەجۆرێك تێکــەڵاوبوون و لەیەکتریش جیان کە مرۆڤ ناتوانێت وێنەیەکی گوناهباریی و بێگوناهی بەهیچ یـەك لەمانـە ببەخشێت. بەو پێیەی لەم بەرهەمەدا، تێکەڵاوییەکی سەیر لەبەینی راو وتن و بینینەکاندا بۆیـەکتری وا دەکـات مـرۆڤ دەسـتەو سـان بوەسـتێت لەئاسـتی جیاکردنەوەیانـدا. لـەم تێکستەدا ئەوەی دەیبینین مانایەکی روت نییە کە شیعر بەرهەمی هێنابێت، چـونکە لـەم شـیعرەدا تاکـە شـتێك لـەکار خرابێـت وەلامدانـەوەی خـودە وەك رەهەنـدێکی فەلسـەفی، ئەمـەش وەك مانـا کـوژراوە، چـونکە لـەم تێکستەدا مـن و خـۆم ئەوەنـدەی تێکشکان و هەڵبەزو دابەزی دوو بەکاربراو دەبینین، ئەوەندە شیکردنەوەو بۆچی نابینین لەئینـسان و شەڕی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، تەنهایی ئەم دەقە لەوەدا سەرچـاوەی نـەگرتووە کـە وەك شـیعر ناتوانێـت سـەنگێکی هـەبێت و مـەوزوع ونکرابێـت، وەك لـەزۆر شـیعری تـردا دەبینرێت، بەڵکو تەنهایی ئـەم تێکستە تـەنها لەوەدایـە کـە نـەیتوانیوە خـود وەك خـود بناسـێت، چـونکە ناسـینی هــەر شـتێك بــەدەر لەپێناســەکردنی بـەمیتۆدێکی عــەقڵی ناساندنێکی هەڵەیە بەو قەدەرەی لەم تیکستەدا جەنگێك دەبینین کە بارگاوییە بەخوێن و گوناه و نەفرەت، بەڵام نازانین بۆ؟ دەزانین دوو بەکاربراو نائومێدو گوناهبارو بەهەشتی و قوربانیی و جەلادیشن، بەڵام (بۆ) لەم تێکستەدا ونبـووە. حەزمـدەکرد وەك کاکـە حەمـە ئەرکی قسەکردنی کێشا لەسەر ناوەوەو جەنگە نادیارەکانی ناوەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، ئەرکیشی بکێشایە منی لەو گەڕانە کوشندەو ناکۆتایە بکردایەتە دەرێ کـە وەك هەمیـشە

دڵنیـانیم، مـرۆڤ بـۆ لەگـەڵ خـودی خۆیـدا دەکەوێتـە جەنگـەوە؟ شـەڕکردن دژی خـۆت گەیشتنە بەچی؟ هەوڵی خـود بـۆ بردنـەوەو دۆڕاندنی چییە لـەم جەنگـەدا؟، ئـەم دەقـە ئەوەنـدەی پرسـیار دەتەقێنیتـەوە ئەوەنـدە وەڵامناداتـەوە، ئەوەنـدەی وادەکـات بیربکەیتەوە ئەوەندە لەبیرکردنەوە رزگاری نەکردوین، بۆیە لەدێڕێکدا دەڵێت:

**زۆر کەس هەن شارەزای**

**زۆر شارو وڵاتن**

**کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم. چی دەوێت.**

لەم دێڕەدا ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە مرۆڤ لەخۆی رزگاری نەبووە، چونکە رزگاربوون لەخود تووشبوونەوەیە بەخود بەرێگەیەکی دیکە.

دوودڵیی ئەم دەقە دوودڵییەکـە لەسـەر ونکـردن و بەدەسـتهێنانەوەی هـەموو شـتێك، لەسەر پاکبوونەوەو گوناھ کردن، لەسەر چوونە بەهەشت و گەڕانەوە بۆ دۆزەخ، بۆیە لەم دەقەدا تاکە شتێك وەك بەهاياکی شیعریی بـەزەقی هەسـتی پێبکرێت راڕایی مرۆڤەکانـە لەبـەردەم دروسـکراوەکانی خۆیانـدا، تێکـچوونی ئـارامیی و دۆزینـەوەو ونکردنـی مرۆڤـە لەخۆیـدا، ئـەم دەقـە دەیـەوێت پێمانبڵێـت شـەڕی مـرۆڤ گەیانـدنی مرۆڤـە بەتەلیـسمە شاراوەکانی خۆی، دەیەوێت مرۆڤ زیندووبکاتەوەو بەمەعریفەیەکی شاراوە بیکوژێت، بۆیە ئـەرکی گـەڕان و وەسـتان و دەسـتپێکردنەوەیەکی هەمیـشەیی لـەم دەقـەدا بـاڵاترە لەشیعرەکە وەك دەستێك کە پرسیار رادەوەشێنێت و دژی خـۆی بەرزیدەکاتـەوە، مـن و خۆم بۆیەکتری دەگەڕێن پێکـەوە/ ئـاو مـن ببـە مـن، ئەمـەوێت سـەفەر بکـەم بـۆ شـارێك شوێنێك، دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت. لەم دوو دێرە پێچەوانەدا، دەبینین راڕایی مرۆڤ و ئیشکردنی بۆ ونکردن و دۆزینەوە لەھەرشت خێراتـر دەردەکـەوێت، بـەو قـەدەرەی مـرۆڤ تەنها ئیشێك بەکەماڵێکی باڵاوە پێیدەگات پەشیمانبوونەوەیەتی لەخۆی، لەژیان لەبەخت و یەکترناسـین، هـەر بۆیـە لـەم دەقـەدا ئـەو وتەیـەی ژۆلیـان دەر دەکـەوێت کـە دەڵێـت: هاوڕێکانم جەهەننەمی منن، دۆزەخی خۆم و منیش لەم دەقەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ راڕایـی و نیگەرانیی قوڵی مرۆڤەکان سەبارەت بەخۆیان، دەکرێت لەبیریشمان نەچێت کە من و خۆم دووهـاوڕێی خـوێنینی یـەکترین، دوو هـاوڕێن یـەکتریان تـاڕادای گریـان و کروزانـەوەو چـاوەڕوانی ناکۆتـا قبـوولکردووە، لەسـەر ئـەو ئەساسـەی یەکترناسـین بکەنـە رەھەنـدی مەعریفی خۆیان، یەکناسین و شیکردنەوەی یـەکتری و هـەواڵی پێـچکردنەوەو وەرگـەڕانی

یەکتری لەبەینی من و خۆمدا لەنامەوە دەستپێدەکات، نامەگەلێکی فڕێدراو بێبایەخکراو بەنائومێدی یەکتری، تا دەگاتە سەر رووبەڕوو بوونەوەیەکی خەیاڵیی لەبەردەم جیاوازبوونی یەکتریدا، بۆیە دەڵێت: من نامەکانی خۆم ناخوێنێتەوە، خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە، کەچی یەکتری بێنامە ناکەین، چاوەڕیی هەواڵی یەکترین. یان دەڵێت: من شەوم خۆم رۆژە ئێمە بەپێچەوانەی سروشتەوە شەو و رۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوا دەبین. لێرەدا دەبینرێت هاوڕێبوونی ئەم دوو کەسێتییە هاوڕێبینییەکی ئەزەلییە، بەڵام بەمانای جیاوازو فۆرم و نیشانەی لێکنەچوو، بۆیە ئەم دەقە ئەگەرچی خاوەنی سەلیقەیەکی ورد نییە لەوتنا، بەڵام دەقێکی ئەکتیڤ و ئاگادارە لەپرسیارکردندا. ئەم دەقە ئیش لەسەر قسەکردنی مرۆڤ دەکات، بۆئەوەی بێدەنگ بێت، ئیش لەسەر ئەوە دەکات مرۆڤ ببێتە فاکتەری سەرەکیی ونکردن و نائومێدکردنی خۆی، بۆیە پێموایە ئەم تێکستە شیعرییە قسەی زیاترو رامانی زیاتری دەوێت تا ئاشنایمان دەگاتە سەر دیوە نادیارەکانی، بەڵام دەکرێت لایەنی لاوازی تیدابێت بەمانای بیرکردنەوەو رێکخستنەوەی فیکرەکان بەیەکەوە، بەڵام من ئەگەر بتوانم لەنووسینێکی دیکەدا دەگەڕیمەوە سەری، تەنها شتێك دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ئەم دەقە خاوەنی خۆیەتی بەرلەوەی هیچ کەس و هیچ گروپ و هیچ هێزێك ببێتە خاوەنی.

١٢,٣،٢٠٠٨

Lyon- jean Macé

# شیعری
# من و خۆم
# كه دەكرێت ناوی
# شیعری رەشی لێبنرێت

**فاروق هۆمەر**

ئەگەر بەوردی تێبینی گۆڕەپانی رۆشنبیریی كوردیی بكەیت، لەحەقیقەتێكی گەورە بەئاگا دێیتەوە كە ئەویش مەرگی داهێنانە. ئەگەر چی دونیای ئێمە زیاتر دونیای شیعر بووە. كەچی تا شیعرێكی جوان دەبینیتەوە دەیان و سەدان بەرهەمی كاڵ و كرچ بەناوی شیعرەوە لێرەو لەوێ مەزاجت دەشوێنێت.

شیعری ( من و خۆم ) كە دەكرێت ناوی شیعری رەشی لێبنرێت، رەش بەمانای بەخشینەوەی ناهۆمێدیی، یان نەبوونی مەئوایەك بۆ هەدادانی من، چونكە سەردەمانێك ئەدەبی كوردی خەریكی بەخشینەوەی هومێد بوو.

ئەم شیعرە تاڕادەیەك نیشاندانی ئەو روانینەیە كە دەشێت بەدژە ئاراستە یان بەدژە تەوژم پێناسی بكەین.

شیعری (من و خۆم)ی كاكەڕەش، لێوانلێوە بەماناو لەڕووی ماناشەوە بۆ ئەدەبی كوردی گەلێك قورس دەكەوێتەوە یان راستر بۆ رۆژگارێك كە دونیای ئێمە دونیای قوربانیدان و خۆ بەخشین بوو بەوی دی. رەنگە جوانترین گوزارشت بۆ ئەوەش ئەو دێڕە بێت كە دەیگووت ( ئەگەر پارچە نانێك هەبێت، دەبێت بۆ هەمووان بێت). ئەدەبیاتی كوردی لەدێر زەمانەوەو بەتایبەتی لەهەشتاكاندا، زۆر بەقووڵی لەدوای بەخشینەوەو تۆخكردنەوەی ئەو مانایەدا قۆناغێكی تایبەتی بڕیوە.یان ئەو مانایەی كە لەشیعرێكی نازم حیكمەتدا، زەمانێك مێشك و هۆشیاری ئێمەی لەسەر گۆش كرا. ئەگەر تۆ

نەسووتێیت و من نەسووتێم. ئەی کێ ئـەم شـەوە زەنگـە ڕۆشـنبکاتەوە، بـەڵام شۆڕشـی کوردی ئەو شۆڕشە بوو کە پەیمانی زۆریداو هیچی نەهێنایە دی. زۆری لەئێمـە بـردو نـەك هیچی پێنەبەخشین، بەڵکو هەموومانی لەناوەوە دووکەرت کرد.

بەبڕوای مـن شـیعری مـن و خـۆم بـەرەو ئـەو چارەنووسـە دەمانبـات کـە هـەر یـەکێك لەئێمە، لەناوەوە بخاتە ناو ئەو شەڕە دەستەو یەخەیەوە کە بەخۆماندا بمانباتـەوە. ئـەم شیعرە هەر هیچ نەبێت لەوە بەئاگاماندەهێنێتەوە کە ئەو شۆڕشەی ئێمە نەك هەر دونیای ڕۆشننەکردەوە، بەڵکو ئـەو روانینـە جوانانەشـی کوشـتین، کـە نـەوەی ئێمـە بـۆ دونیـای هەبوو.

# من و خۆم، لەتابلۆی هونەرمەندێكی تەشكیلیی دەچێت

## گۆران عەبدوڵڵا

من و خۆم تەواو لەتابلۆی هونەرمەندێكی تەشكیلیی دەچێت، كە لەگەڵ هەر رامان و نیگاكردنێك لەگۆشەیەكی جیاوازەوە هێڵ و رەنگەكان مانایەكی جیاواز دەدەنە دەستەوەو پەنجەرەیەكی نوێ بەسەر تەفسیركردنی مانادا دەكرێتەوە. (من و خۆم)یش هەر وایە.

بوونی دەسەڵات بەسەر وشەو بەكارهێنانی لەجێگاو رێگای خۆیدا، وا لەخوێنەر دەكات زۆرجار وەكو یەكێك لەكاراكتەرەكانی ناو "من و خۆم" خۆی ببینێتەوەو ئەو هەستەی لا دروست دەبێت كەهۆنراوەكە دەقاو دەق باس لەژیانی ئەو دەكات.

شەڕی من و خۆم شەڕی خودە لەگەڵ زات، خودێك بەدیدێكی نوێوە بۆ ژیان دەڕوانێ، زاتێكیش دەستی لەڕابردو نابێتەوە. من و خۆم هەتا ئەمڕۆ تەوقێكن بەسەر شانی یەكترەوە، ژورێكی داخراوی بێدەرگاو پەنجەرەن، نە من دەرفەتێكی بۆ بۆنی گوڵ هەیەو نە خۆم لەهەراسانكردنی من دەكەوێت.

حەمە كاكەڕەش لەنێوانی شیعری"من و خۆم" و " گەریلا تۆ چاوەكانمی" هەر وەكو من و خۆم وایە، هیوادارم ئەو خۆمە بۆ یەكجاریی لەكۆڵ خۆی كاتەوە.

**لەژمارەی ئایندەدا روونكردنەوەیەكی لەتیف هەڵمەت دەربارەی شیعری (من و خۆم)ی حەمە كاكەڕەش بڵاودەكەینەوە، كەتێیدا باسی ئەوەیكردووە شیعری من و خۆم لەژێر كاریگەری چەند شیعرێكی ئەودا نووسراوە.**


هەیوانی تەنیایی
دلاوەر قەرەداغی
بەکۆشێک منالییەوە..
بۆ کوێ بڕۆم؟
ریباز مەحمود
هەشت
هەلالەی پێشڕەوین
ڕۆیشتن لێرە..!
بەخەیالێکی پایزەوە..
شیرین تاهیر
ملوانکەی شین
فەیسەڵ هەمەوەندی
لەناو سەیارەکەدا
مەحەمەد ئاکام
دەزانی ئەو نامانە نامرن
نیگار نادر

# دەق

# هەیوانی تەنیایی

دلاوەر قەرەداغی



کۆترەکان دێن و
دەنیشنەوە
باراناو
لەچاڵوچۆڵییەکانی دڵم دەخۆنەوە
ڕێبوارێک لەوێوە تێدەپەڕێ
بەدەم پیاسەوە خەون دەبینێ
هێتفۆنێکی لەگوێدایە
گوێ لەهەواڵەکانی سەعات شەش
رادەگرێ
کۆترەکان دەفڕنە سەر
قوبەیەکی شین
من .... تەنیاو تەڕ
لەو تەمەدا جێدێڵن
بانگیان دەکەمەوە
کۆترەکان نامبیستن
دەبێ من زوو زوو لەکاتژمێرەکەم بنۆڕم

سبەینێ هەمدیس
سەعات شەش دەنیشنەوە
کاتی پەخشی هەواڵەکانی سەعات شەش
کاتێ کە تینوویێتیی زۆریان بۆ دێنێ
دەنیشنەوە و باراناو
لەچاڵوچۆڵییەکانی دڵم دەخۆنەوە
کاتێ دێن
کە رێبوارێک خەریکە بەوێدا تێدەپەڕێ
بەدەم پیاسەوە خەون دەبینێ
هێتفۆنێکی لەگوێدایەو
گوێ لەهەواڵەکانی سەعات شەش رادەگرێ
کۆترەکان دەفڕنە سەر
قوبەیەکی شین
من ،،،، تەنیا و تەڕ
لەو تەمەدا جێدێڵن
من دەبێ ئاگام لەوەخت بێ
سبەینێ کۆترەکان سەعات شەش
دەنیشنەوە
کە رێبوارێک لەوێوە تێدەپەڕێ و
بەدەم پیاسەوە خەون دەبینێ

خودایە ... من دەبێ لەم تەمەدا

**هەر ئاوها تەڕو تەنیا بم**

**تا سبەینێ ئێوارە**

**تا کاتی پەخشی هەواڵەکانی**

**سەعات شەش**

**کە ڕێبوارێک لەوێوە دێ**

**هێتفۆنێکی لەگوێدایە**

**بەدەم ڕێوە خەون دەبینێ و**

**گوێ لەهەواڵەکانی سەعات شەش**

**رادەگرێ!**



**ئازاری ٢٠٠٨**

# بەکۆشێک مناڵییەوە.. بۆ کوێ بڕۆم؟

**ڕێباز مەحمود**

**هۆڵەندا**

لەوەتەی هاتووم

هەزاران مردن تاقییان کردمەوە

هەر یەکەیان و لەناو سەرقاڵییەکدا لەژیانی دزیم

هەر یەکەیان و رەنگێکی لێ کردم بەکراس

هەر یەکەیان و قوماشێکی لەئارەزووم بۆ خۆی بەدوورین دا

هەر یەکەیان و بۆ کچە پەمووەکانی ناو خەونی هەرزەکاریم

چەند گەزێک کوتاڵی ئاڵ و واڵای لابردم

هەر یەکەیان و بەبارمتە دەیدامە دەستی رەشەبایەک

شەو لەگەڵ گەڵا وەریوەکانا بمبات

گیانەڵڵام لەگۆشەو کەناری

حەوشەی پڕ خشت و خۆڵی رۆژ بوونەوەیەکی

حەپەساودا جێی بهێڵێ..

حەپەساو.. وەک هەمیشە حەپەسانی باوکم

لەئاست چرپەو

رازو نیازی پەنجا ساڵەی ( کانی ژاژی )* دا.

حەپەساو.. وەک حەپەسانی دایکم

لەبەردەم واتە واتی داکەوتنی پەتای غەریبی و

لەئاست بەڕاست گەڕانی کەوتنەڕێی قافڵەی سەفەرو

سوار بوونی من لەبەردەم دەرگای ماڵەوەو

ئیدی نەگەڕانەوەم بۆ بەر قاپی ئێواران
لەوەتەی لێرەم،
لێرەی ناو ئەم ژیانە
هەزاران مردن بێ پرس خۆیان کرد بەماڵی سادەی سەرگەرمیما
هەر یەکەیان و لەگفتێکی ساندم،
کە تازە گەیاندبوومیە ژووری گەرم و گوڕی ئۆقرە
هەر یەکەیان و لەکەیف و سەفای لەحزەیەکەوە
هەڵی دەستاندم و
بەدەستی ئەنقەست دەیبردمە قوژبنێکی فەرامۆشی و
بەسەر بیرچوونەوەدا جێی دەهێڵام.
هەر یەکەیان و لەپۆلێکما
پیشی لێ دەخواردمەوەو
داری ئەدایە دەستی مامۆستا
هەر یەکەیان و بەجۆرێک لەدوا وێستگەی ساڵدا
لەنسرمترین شوێنی حەوشەی قوتابخانەکەی خۆمدا
ریزی دەکردم و
دەیوت: ئافەرم تۆ دەرچووی!
ئیتر ئەو کتێبانەی بەدڵ و گیان بەرگم تێ گرتبوون
لێی وەر دەگرتمەوە
مامۆستا بەردەوام لەگەڵ مردنا هاموشۆی دەکرد
یەکەم کەس ئەو بوو دەرگاکانی لەسەر مردن،
لێ خستینە سەر گازی پشت..
مامۆستا.. ئەو بونەوەرەی،

له هەر كوێوه دەربكەوتایه
نوقڵی ئەو چێژانەی لەترسا بەدزیەوه
لەمشتی نوقاوی چڵکنیما شاردبوومنەوه
مردن لێی دەساندم و
فڕێ دەدانە،
شوێنە تاریکەکانی ئەسەفمەوه
بەڵام واش،
لەوەتەی مردن دەیەوێت
شان بەشانی ژیان بڕوات
هەمیشە چەند هەنگاوێک لەدواوەیه
هەرچەند کاتێک ژیان وەکو قەرەجێک
بنەو بارگەی خۆی دەپێچێتەوەو دەڕوات
ئەوسا مردن دەمانگاتێ..
ئەو شارەی سەربازێکی مردن پێی تێ بخات
هەرگیز جارێکی تر دەستی ژیان ناکەوێتەوه
من هەزاران شوێنی وام لەڕۆحما
بەمردن دۆڕاندو
کەچی ژیان،
متەقی نەکرد..
بەڵام مردن هەرگیز نەیتوانیوه
تەنیا جارێکیش پێش عەجولی نەسیم بداتەوه
لەسەرکردن بەماڵی پڕ نهێنی قەرسیلدا..
قەت بۆی نەڕەخساوه

شوێن پێی باران هەڵبگرێ و
لەپێش بۆن و بەرامەی خاکەوە
خۆی بکات بەلوتی ئاگاییدا
لەمندا مردن
دێڕ بەدێڕ لاسایی ژیان دەکاتەوە
یان رەنگە بیەوێت بەقەڵەمەکەی خۆی
جۆرێکی تر بمنووسێتەوە
جۆرێکی وا،
کە دوایی ژیان منی بۆ نەخوێنرێتەوە
ئەوە نییە لەوەتەی هاتووم
مردن بەسەبرەوە ئەملاولای لێ گرتووم
بۆ ئەوەی خۆمی لێ نەدزمەوە
بۆ ئەوەی بوارم نەبێت بۆ هیچ فیردەوسێک راکەم
جگە لەئایندە
کە پایتەختی راستەقینەی خۆیەتی..
هەندێک جار مردن هێندە تەنیا باڵە
لەوەناچێت وا دیاربێت،
هەموو رێگاکان دەچنەوە بەر ماڵی ئەو
ئەو کاتەی مردن دەیەوێت بەشەلە شەل
بەرەتبوونی دڵگەرمیم بگاتەوە
کە دەمبات بۆ ناو تۆ..
نە ( با) رازییە،
مردن دەست بەچمکی کراسە تەنکەکەیەوە بگرێت

نەساماڵ گۆچانێک لەخۆی دەبڕێتەوەو

بیداتە دەستی..

نەبیابانیش تۆڕێکی چنراو

لەدەنکی لم و

لەبەنی گەرماو

لەڕەنگی شەوم

بۆ دەنێتەوە..!



ئەوەی هەمیشە مشووری زوو گەیشتنە جێی

مردنەکانی من دەخوات

پشت تێکردنی دۆستی و

بای بای میهرەبانی و

ئاوڕنەدانەوەی پەپولەیە

لەگوڵزاری جێمانم..

ژیان سترانێکی بەردەوامە بەڕووی مردندا

مردن بۆیە لەم دەورو بەرانەیە

بەخیلی بەژیان دەبات

ژیان ئەو پێدەشتە پڕ سێپەڕەیە،

بەرغەلی مەرگی تیا دەلەوەڕێت..

ژیان ئەو خۆراکە نایابەیە

مەرگ بابۆڵەی لێ دروست دەکات

بۆیە ئیتر گرنگ نییە،

چەندێکە ئەم سفرەیە داخراوەو

کەی کۆدەکرێتەوە !!

منی ڕەتێنراویش،
ئەگەر ژیان دەستبەردارم نەبوایە
مردن وەها لەوارو وێخی نەدەهێنام..
گولە قەت خەیاڵمی پێ نەدەکرایە بێژنگ
بۆ ڕژانی نم نمەی خولیاو
خەسار بوونی دڵۆپ دوای دڵۆپی
ئەو هەموو شەونمە..
ئەگەر پەنجەی شایەتمان
لەشایەتمان بەخوای ئەم مەتەڵانەی بوون
لەسەر ئەژنۆی نوێژی تەهارەتەوە
بۆ سەر بەلەپیتکەی تفەنگ
لانەچوایە.! .
فڕۆکە جەنگییەکان،
قەت مردنیان پێ نزیک نەئەخرایەوە لەمن
لەتەمەنم کە لەخوێنی خۆیدا گەوزا
کە لەخوێنی حیکایەتە کوژراوەکانما گەوزاو
بینینی ئەو هەموو ڕۆژە سەقەت بوانەی
بیرەوەریم ئەرکی داڵدەدانیانی
گرتە ئەستۆ..
ئەگەر لەئەزەلەوە
خۆشەویستی لەئێمەدا مانیبگرتایە
لەچوونە سەرسووکانی گوناه
ئەگەر خۆشەویستی بەیەکجاری،
لەدڵدا کینەی شاربەدەر بکردایە..
خۆشەویستی بەهەموو ڕێگاکانی ڕۆژدا

**هەر خۆی چاوساغمان بوایە**

**بۆ چوونە بازاڕ**

**بۆ رۆیشتن بۆ سەر ئیش و بۆ پیاسەو**

**بۆ سەردانی باخەکانی یەکتری و**

**بۆ لێخوڕینی دنیاو**

**بۆ تەریقکردنەوەی مەرگ لەوەی واز لەو هەموو**

**هاتنە لەناکاوانەی خۆی بهێنێت و**

**تەنیا یەک جارو**

**ئەویش بەشەرمەوە رووی بێت لەدەرگامان بدات..**

**ئەو مردنەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت**

**هەرگیز سوپاسگوزار نییە**

**ئەگەر لێرەوە تا لای نقومبوونی دراوسێکەم**

**لەناو حەوزی بچکۆلەی خۆشنودی خۆیداو**

**لەناو حەوشەی هاوینی تەمەنیدا**

**من دارعاسای دەستی بم**

**ئەگەر شان بخەمە ژێربالّی مەرگ و**

**بیبەم و بڵێم: ئەها، ئەوە نیشتمانێکە**

**لەئەوجی غافڵبوون و**

**لەیادچوونی تۆ**

**ئەگەر ئێمە نەبینە پیاوی مردن**

**نەبینە جاسووس بەسەر ژیانەوە**

**ئەوا نە مەرگ دوژمنە گەورەی ژیانە**

**وەک ترس هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە**

**نەژیانیش رۆژێک لەڕۆژان،**

**دۆستایەتی لەگەڵ مردنا هەبووە**

کەچی زۆر هەوڵ هەن بۆ کردنی ئەم دووانە
بەدڵخوازی یەکتر
بەبڵاوکردنەوەی وێنەیەک
کە ژیان لەهەمیشەیی خۆیدا
دەمی لەناو دەمی مردنا بێت و
خەریکی ماچ و موچ بن..!.
کە مردن بەیەکجاری ببێتە مێردی ژیان و
ئێمەش ئیتر کچ و کوڕە شەرعیەکانی ئەو جووتە
ئەوکاتە ئەبێت وەک ئێستا
هەمدیسان خۆمان ناو بنێینەوە..
ئەبێت هەمدیسان بکەوینەوە
مشت و مڕێکی ناقۆڵای تر..
(( من سەر باوکتم داوەتەوە،
یان تۆ سەر دایکم؟
کەوا بەئاسانی کۆ نابینەوە))...
کە کۆش دەبینەوە
کەون پڕ دەبێت لەژاوەژاو
هەمدیسان گەورە دەبینەوەو
بێدەنگی نازانێت
گەرا وردەکانی خۆی لەکوێ دانێت
تۆ هەمدیسان نازانی
منی لەتەڕۆحەکەی خۆت
لەکوێدا بدۆزیتەوە..
ژیان لەبەردەم تەراتێنی گەورەبوونا
دەمە بۆڵەی لەگەڵ مەرگدا

**درێژە بۆ پێ نادرێت!**

**ژیان وەک دایکێکی بێ دەسەڵات**
**گرەنتی نادات، یاقوتە درەوشاوەکانی**
**لەدەست بەرنەبێتەوە بۆ ناو گۆمی ئەفسووس**
**لەئاست پلارەکانی دەستی زوڵمەت**
**نەک گەمارۆی ترسنۆکانەو**
**ئەبەدیانەی مردن..**
**ئێستاش کەس نەزانێت، تۆ شاهید بە**
**ئەزیزم تۆ شاهید بە**
**کە بۆ منیش دەمێکە، هەر ساتەو مردن**
**بەبیانووی سەردانی هاوەڵەکانیەوە**
**کە لەمندا خێمەی رەشبینی بۆ هەڵئەدەن**
**دێت و زەمیلەیەک پڕدەکات لەو هەڵوژە رەشانەی**
**بە بەردی بێوەفایی ئازیزان کەوتونەتە خوارەوە**
**دێت و ئەو تازەترین کتێبانەی رۆحم لەگەڵ خۆیدا دەبات**
**هاوولاتییە خۆشەویستەکان خۆڵیان رشتە،**
**چاوی پەیڤەکانیانەوە..**
**دێت و لەبەردەم هەڵفڕینی لەناکاوی پەپولەدا**
**لاپەڕە لەناوەڕاستی دەفتەری جۆش و خرۆشی**
**شوعلەی مۆمم دەکاتەوەو**
**نەختێک شەڕە پشیلەی تیا دروست دەکات و**
**دوایش فڕێی دەدات..**
**ئەزیزم، چۆن مردن پێش ژیانم ناکەوێتەوە؟**
**کە ئاگر بەردان لەهەرێزی سەوزم**
**نایابترین داوەتی ئینسان بێت،**

بۆ ریاکاری..
کە بۆکرۆزی خەڵفە نەمامەکان و
مەشخەڵی شێخەڵێک سەرکزیم
رووناکی بەشی شەوە دەیجوورەکانی
نیەت خراپی بدات.!.
کە ئێمە هێندە گیرین لەوەی
لەیەکتریدا خۆمان رووت و قوت هەڵخەین
بۆ خواردنەوەی خۆر
بۆ تامکردنی نوور..
کە نایەین دڵمان توانی پێدەشتێک
گوڵی مێلاقە بکەین،
تائاسمان هێندە شینایی پێ بێت،
بتوانێت خۆی دابەشبکات بەسەر رۆحی ئێمەو
ئەبەدییەتی دڵنیایی..
کە نایەین رەوە گورگەکانمان
بەیەکجاری بنێرینەوە بۆ دوندو
هەڵەموتە عاسییەکان..
بۆ ئەو شوێنانەی من و تۆ هەرگیز پێی تێنەخەین و
ژیانیش قەت پێی سەغڵەت نەبێت
بۆیە دواجار لەم تەنگ پێ هەڵچنینەدا
سەر بەسەر گومانەکانما لار دەکەمەوەو
لەمناڵیە تۆقیوەکانم،
لەڕازە وردیلەکانم ورد ئەبمەوەو
هەناسە دوای هەناسەش بەتۆ دەڵێم:
بەر لەڕۆیشتن،

پڕ بەجێگای دۆشەکی سۆزێک،
دڵدانەوەم بەسە..
لەسەر بانێژەی هاوینێکی دەم و گفت شیرین
کە مانگەشەو میوانی بێت و
پاڵیان دابێتەوەو
باسی خوداو جوانی بکەن.!.
کە من پیاوێکی راسبی
ناو تاقیکردنەوەکانی عەشاماتی گەورەبوونم
پیاوێکم.. بەکۆشیک مناڵییەوە
هەتا بڵێی دەستکورتم لەسەروەتی بێباکی
سفرەو خوانم تەنها نانەڕەقی گومانی لەسەرە
ماڵەکەم لەسەرپشتی ئەسپێکی پیری وا
جێی دەبێتەوە
کە دڵنیام،
لەهەڵدێرانی.! ..
ئیتر بۆ کوێ بڕۆم،
بەکۆشێک مناڵیەوە بۆ کوێ بڕۆم، بۆ کوێ؟
بمبورە زۆرجار
لەنیازپاکی خۆمداو بەکارێزی خەیاڵێکی قوڵدا
بەشوێن ئاودا کە دەمەوێت بگەمە حزوری تەڕایی تۆ
وا هەستدەکەم کەڵەکی هەموو بیرەکانی دنیاو
دیواری هەموو بەهاکان
خەریکە بەسەرما بڕوخێن..
لەکوچەو کۆڵانی ئەم سەردەمە نەفرەتییەدا
چۆن ئەژنۆم شل نەبێت لەئاست

چەقۆیەکی خوێناوی و
سەر بڕاوێک و
جەلادێک
جەلادێک.. کە زۆر دەترسم،
هەر ئێستا نا تاوێکی تر
لەژێر سێبەری شەنگەبییەکی خۆویستی منیشدا
خەبەرییێتەوە!
نا.. ئەزیزم، بەکۆشێک منالْیەوە
رۆژی ئەوە نییە رێ دەرکەم. .
ئاخر کێ دەلْێت،
بەلایەنگریم بۆ نێچیر
دلْی سەرکۆنەی ئەم خوێنە ئاو دەخواتەوە؟
تریفە لەسەربانی هەمووماںا رادەکشێت و
کەچی کەسمان نیشتمانی ئەبەدی
مانگەشەوێک نین..
چۆن بەکۆشێک منالْیەوە
پیاوێکی ڕاڕا نابم؟
ئاخر لەم سەرماستانەدا
هەرچۆن لێکی ئەدەمەوە
قازانجی ئەم ڕەتبوونەی هەمیشەییم
بەناو چڕە دوکەڵی زەمەندا
سەری مایەی،
پشکۆکانی بیرەوەریم دەخوات. .
بۆیە بڕوام پێ بکە
بەم تاریکە سەلاْتە

**تەنیا بەبینینی پێکەنینی تۆ**

**دنیام ڕووندەبێتەوەو**

**مناڵییەکانیشم دەکەونە یاریکردن..**

**لێرەوەیە خوازیارم**

**لێو بنێمە سەر لێوت و پڕ بەموشتاقیم**

**قوم قوم شیعرو زەردەخەنەت بخۆمەوە!**

**خوازیارم لەگەڵ تۆ**

**لەجیاتی ئەوەی خۆمان**

**بەژماردنی برینەکانەوە خەریک بکەین،**

**ڤیروسیای لێ بکەین**

**چاوی مردن و دنیا بەبەستینەوەو**

**خۆمان لەناو قامیشەڵانی میهرو**

**سەردانی هەمیشەیی بادا بۆ شمشاڵژەنین**

**بشارینەوەو**

**لەگەڵیاندا،**

**دەست بکەینە چاوشارکێیەکی ئەبەدی..**

٢٠٠٧

کانی ژاژی : ڕەزو کانیاوێکە لەناوچەی شارباژێڕ، بەرامبەر هاوینەهەواری سەرسیر

rebazmahmud@hotmail.com

# هەشت

بۆ رۆحی هەموو ئەو کچ و ژنانەی بوونەتە قوربانیی دەستی پیاوان و کۆمەڵگە

**هەلاڵەی پێنجوێن**

**مەگەر مانگێک بێبەریم لەمانگانەم**

**تا بەتەک رۆژەوە ببینم ئێوە**

**شاعیرانە خوێناوییە هەستم**

**بۆیە شەوێک نامئاخنێتە پاکبوونەوە**

**هەموو رۆژێک هەشت جار لەمندا دەترەکێ بکوژو**

**منیش سەرسەختانە بەدووی**

**سپیبوونەوە کەوتووم**



**هەشت جار دەگەزێمە دڵی رووداو**

**خاڵی دەبمەوە**

**ئیدی تۆ**

**ناپیاوانە فرسەتت لەمیهرەبانیم**

**رەخسا**

**مەیکە...... مەیکە**

**تەنها هەشت چرکە کەنەماوە**

**بۆ عاشقبوون**

**کات سوپاسی ناوێ**

کەئێمە لەمیهرەبانیەوە گلاین

ئاسودەبن

با زەمەن بڕشێتەوە مەنزڵی حەزتان و

مەئیوستان بکات لەمیهرەبانی مێ

من نامەوێ تەڵاق

کەبەیانی گەلێ شک دەبەم

لەسەرجەستەی رووتم لەناو پێخەفەکەمدا

خودا بۆ ئەبەد

مردووە...

ئەگینا هەڵورە بۆ ئەو پارشێوانە دەکەم

کەدەستپەڕی کچێتیم دەخۆنەوە

تێناگەم

نەدەشیا هەرگیز بەلوتفی فڕینی ئێوەوە

گەشەکەین و

بێ ئێوەش کەمەزڵومین

سبەی حەگاڵێ بۆحینجەی خەونەکانم دەکڕم

تاباران نەچێتە ناو چاوانم

بۆئەدرەسی مێیەتیم مەگەڕێ

ونە لەخۆم

خۆشەویستی نادۆزرێتەوە

من دەزانم

لەوە بەرینتربووم بەختەوەرتکەم

کەچی بیرکردنەوەم نەخۆشە

لەچەقی هەموو خەونمدا

ڕەش دەچێتەوە جەستەم

لەفارگۆنی هەموو ژیاندا من بەدبەختترین و ناسکترین ژن،

بۆیە دوورە لێمەوە سەرکەوتن بەبەژنی تۆدا

هەمیشە لێمەوە نزیکە

دەستەکانی خۆم بگرێ زەمەن و

تۆش کەهەردەم وێڵی

لەکوێ هەموو ئازارەکان تۆم دروستکرد

مەگەر نەمزانی

تەنها ئازار

ترسابوو هەمیشە دایکم لەمەرگی کچەکەی

تۆ منت کوشت و ئەویش

تێنەگەیی

لە

بکوژ

هەموو ڕۆژە نوێکان

کاتژمێر هەشت

من گازندەم لەژیان

لەپڕبوونی لێوەکان



لەماچی ناخۆش و زامی کۆن و هەرای کۆن

بۆیە هەشت جار

باوەڕناهێنم بەتۆو

پێنج جاریش بەباوکم

دیسان ویستی مێنەو پرسیاری ماندووووووو
بێ وەڵام هۆگری مەستی ڕۆژو
تاریکی نووسینی شیعری یار...
مێژوو جەستەی حەرامکردین و
تۆش خەساندت ئەی پیاو
زووتر
دەمهەوێ فەتحی دڵنیایی ڕەشبوونت کەم
کە نامەوێ ئارامت بم
پەلەتر دەکەم بەردەوام
تاهیچ بەدەست بهێنم لەمارسدا
زووتر
ئاوەژووی لەدەستدانی خەونت و منیش جەستەم کەلێم زیادە
زووتر کەدەمەوێ
خامی بەرائەتم بەخورپەی دڵتان نەء
بەئیحای پەنجەکانی خۆم بدڕێنم و
ژنێتیم کەشەلالی شەهوەتی
بەردی ئەبەدی و
تۆش کەلەمن و ژیان ناگوزەرێی
ئیدی هەشت جار ئیمان ناهێنم بەتۆو
پێنج جاریش بە(..........)
بێبەرگم بەم ئاڵۆزکانەی نەست
ڕووتم وەک تەئویلی چەمینەوەی مەلێک و
تاریکترم لەزاراوەی حوزنی شەو

رووتم لەمەراقی قوڵیداو

بێماناترم لەومانایەی لەتۆدا نییە

چی بەخۆتان دەڵێی

کۆی ئێمە میهرەبانی و یەکسانی ئێوەش

ئ ە ت ک ک ر د ن

ئەمە چارە نییە

بەڕووتی عارو بەپۆشتەی مەحکوم

بەزاری ئێوەوە کە هێڵنجتان دێ

رووتم ... کەغەریبیم دژوارە لەحزوری لەمستاناو

سەفەریشتان لەخۆتان ناترازێ

ئێمەش لەپێگەیندا هەرمێ...

دەناوەرین لەخەونی ئێمەوە بۆناوگەڵی شەهوەتتان

مەگەر تکابکەم

جوانی فەرامۆش نەکەن

سەرەتای رووتیم سپیتر لەبەفر چویەوە

داپۆشینم سیاتر بەمەچەکی ئەدیانەکانەوە

ڕووتم وەک پەیکەری نووستوی ناو گەلەرییەکان

سەییرە؟؟

نەگەرمی و نەساردی نابێتە بەرگ

رووت رووت و بێبەریم

لەتۆو گشت سەردەمەکان کە لەشی خۆشم وەیشومەمەو

تۆش سەبەبی بێحورمەتی کارەساتەکانی ژن

هەموو دەمیٚ هەشت جار ئیمان ناهیٚنم

بەتۆووووو

پیٚنج جاریش بەباوکم

٢٠٠٨/٢/٢٨



# ڕۆیشتن لێرە..!
# بەخەیاڵێکی پایزەوە..

**شیرین تاهیر**

ئەمساڵ..
دوا وادەی نیشتەجێبوونی منە
(داود) بۆ ئەم عەشقەی،
سەدهەمین جارە دێت،
لەدەرگام دەدات
سەری (ئەهریا) لەگۆڕدەنێ
(قابیل) وادەی کوشتنی بێ بەهانەی زەمەنە
ئەم جەنگە..
نە یەکەم و نە دووەم و نەسێیەمی جیهانەو
نە شۆڕشی ڕاپەڕینی کۆیلەکان و
نە دەست و پێی خەناوی
هەزار ڕاپەڕینی تر..
تۆ کە دێیت..
بێبەهانە ئەم پشکۆیە داگیرساوەو
دەستی سپی پێکردوومەتەوە،
پریاسکەی نەکراوەی خۆشنودی
کلێنسەکانی ئەم چەرخە
تەڕدەکات بەئەسرینی ئاونگی تەمەن



تۆ کەدێیت..

هەموو شتێک ڕەشکراوەتەوە

وادەی خوێنی زایەندەی گوڵێک

بەبەفری لۆکەی سانتییەک

کۆتایی بەمێژووی سوریی هات

خونچەیەک،

لەئەزموونی، بێئەزموونی جەستەی گوڵێکدا کامڵەو

تانەیەک،

لەهەموو ئەندازە تەرییبییەکان

لەکەمەری بازنەیی ئاڵاوە

من تەنیا بوونەوەری ئەم کۆشکە..

بێ ماڵە نیم

سنوورم لەهاتنە دەرەوەوە دەستپێدەکات

تا دەگاتە دوورترین

حەساری بێ سەرگوزشتەو

بێ ساپیتی ئەم سەرزەوییە

لەناو گۆڕانی کۆترێکدا،

بێ هێلانە ماڵ دروستدەکەم

دەمێک بوو من..

لەکۆشکی حەرامسەرەکاندا،

نۆتەی ئاوازم ئەشکاو

دەنگی نووساوم ملکەچی

دڵی ئاشتیخوازیی (ئینجیل) بوو

(خوا سەری مەسیح بوو مەسیح ـ یش

سەری پیاو، پیاویش سەری من)*

لەناو تەمومژی دیلی دەست بەستراوی

ئایەتێکدا،

من کێڵگەی بێئارەزووی

داستانی کراس سەوزی

(داهۆڵ)ی پیاو بووم

ئەوە سەروەختێکە..

ئەی قەدیسە رێبوارە داکردووەکە

لەماڵەکەی خۆتدا..

تەنیام ناکەیت و لەزمانیشم تێدەگەی

بەدەستە موبارەکەکانت دەموچاوم نورانی دەکەیت

نیەتت بوو بەسەر پردی سەبووریمدا بپەڕیتەوە

خۆم و چەترێکی سنەوبەریی رەش نەبزواین

کە پەنجەرەکانی ئاسمانی تۆ کرانەوە

(تشرین) بوو.

ماڵەکەت دایە دەست من، لەوساتەدا

بۆ هەموو ساتەکانی تر،

ئاگر ساردبووەوەو شەویش سپی

شاتویەکی کاڵفام شەلاڵ، شەلاڵ

دەبووە قەقنەس

بۆ رووخانی ئیمپراتۆری خۆر

داخۆ بۆ ئاشتی من و تۆش

چ جەللادێکی خەزەڵوەڕ

دەبێتە چەتری

سنەوبەری هەموو دنیا

ژیان بکوژی ژیانە..

رۆیشتن لێرە..!

بەجلی خەیاڵێکی پایزەوە

خوێنی ئەندێشەم دەڕێژێ و

دەستی ژیانیشم دەبڕێ



*ئینجیلی لۆقا

# ملوانکەی شین

فەیسەڵ هەمەوەندی

(لەگەڵ سەرهەڵدانی هەموو ساڵێکی نوێ،
زرێبار.. دووجار هاوار دەکات،
جارێ.. تا ئاسمان بوزرگتری بکات،
جارێکیتر.. تا مەردوم یەکێك بکەن بەقوربانیی بۆی).

***

سەدای دەنگی باوەژنەکەی، ڕێی گەڕانەوەی پێ بڕیبوو، کە ئەم ئاوڕی دەدایەوە، موچڕکێك گوڵەی خوشکی رادەچڵەکاند، گوڵەیش.. لەزریانی بیرکردنەوەیدا کەشتییەکی راپێچکراوبوو دەیزانی کە کەش هار بوو.. سەرما کەوتە گەڕ، چی دەقەومێ، بۆیە بەدەم لووشە لووشی گریانەوە، هاواری رووەو ئاسمان دەکرد، بەڵکو رووحی دایکی فریای کەوێ.

ئەمیش بەدەم ڕێوە، متمانەی بەسەدای دەنگی باوەژنەکەی دەدا، کە دەبێ بگاتە جێ، نەك باوەژنەکەی بچێتە گژ گوڵە. لەتەوقی سەریەوە تا بنی پێی بەرەنسکی دەدا. لەدووتوێی کراسەکەشیەوە، لەو شوێنەی کە قۆپچەیەکی کەوتبوو، سەرما زمانی ساردی پیا دەهێنا، بیری چوون باوێلکەیەك بەگشت لایەکدا دەهات و دەچوو. گوڵە بۆ کێ بەجێبێڵێ، باوەژنی بۆ بەم سەری ساڵە، بەدەم هاواری زرێبارەوە دەچێ، دایکی لەئێوارەیەکی وادا بۆ نایەتە خوار، باوکی...!

گریان لەئەوکی گوڵە، گریانە بۆ برا.. بۆ دایك.. بۆزوڵمی باوەژن و باوکێکی نابینا.

بیری هەردووکیان لەو دەمەدا لەیەك دەگەڕان، کاتێ ئەم دەبوو بکەوێتە ڕێ، باوەشیان لەیەکدا، هیوا بۆ یەکەمینجار هەستی بەبۆنی دایکی کرد، بۆنی سۆزو بەزەیی.. بۆنی پرچ و ئارەقەی لەش و هەناسەی کوێرەوەریی. گشت ئەم خەسڵەتی بۆنانە لەگوڵەوە هەڵدەقوڵا. زەمەن لەچڕنووکی پشیلەیەك تیژ تر بوو..لەچاوی واشەیەك بەئازار تربوو.. لەگیانەڵانی مرۆڤێك رەشتر بوو.. کڕنووشی بۆ سەدایەك دەبرد لە... گەورەتربوو.

چاوانی گوڵە، لەسکالاو سەرزەنشتی و کڕوزانەوە نەدەکەوتن، تەنیا رستەیەکیان تیا دەخوێندرایەوە:

(خودایە هیوام لێ نەبڕی.. خودایە هیوام لێ نەبڕی.. خودایە هیوام.. هیوام.. هیوووا..م)

خەڵکی لەتابلۆی ئاڵکانەیەك و ئاڵشتکردنەوەی سۆزی ئەو دووانە، بێخەبەربوون، رەنگەکانی هەست مەگەر شەریفێ بیاننەخشێنێ..دەنا ئەم باوەش لێکردن و هەست دانەیەکە لەوەدەچوو مەردوم هیوایان بەخشیبێت بەهاواری زرێبار؟!

سەدای دەنگی باوەژنەکەی لەگوێیدا دەزرینگایەوە:

((ئەر ماسیت بۆ نەگیرا، خۆت خەرە زرێبار)). هەر بەدەم رێوە، دەستێکی لەقژی رابردووی گوڵەو دایکی وەردا، رۆژێك بوو خۆرەتاو، دایکیان شێوی ئامادەدەکرد، باوکیان لەکار نەگەڕابۆوە.

هیوا پەنجەی بۆ سەرخوانەکە درێژکرد، دایکی چاوی لێ زەق کردەوە، وەك بڵێ:

بێ ئەدەب مەبە. چاوەڕوانی باوکت بە، تا بەیەکەوە شام بکەین. چەند جارێکی دی بەشێوەی گەمە دەستی بۆ سەر خوانەکە درێژکردەوە، بەڵکو جارێك دایکی رێی پێ بدا.

دایکیشی دەیڕەوانەوە. ئەمێستا رقی لەدایکی دەبێتەوە.کە باوکی خۆشتر دەوێ، ئەمێستا ئەو رقەی هەر لەدڵدایە، ئەگەر بهاتبایەو زللەیەکی لێ دابا، ئێستا شوێن ئێشەکەی وەبیری دەهێنایەوەو هەستیدەکرد دایکی نەمردووە.

لەپڕێ..سەدای دەنگەکە کشەی بەگشت بیرەوەرییەکان کرد.

((ئەر ماسیت بۆ نەگیرا، خۆت خەرە زرێبار)). چزی سەرما لەم دەربەدەرییەدا، هیچ شتێك سارێژی ناکا، وەلێ ((ئەم)) یادی ئەو رۆژانەی، دەگەڵ گوڵەی خوشکی فەرامۆشی دەدا، بەزەردەخەنەیەك گشت چزەوەکانی سەرمای لەگیانی خۆی دادەماڵی.

کەڕەتێ دوو بەدوو لای حەوزێ ئاو دانیشتبوون، وێنەی خۆیان لەئاوەکە دەشڵەقاند، کاتێ ئاوەکە دادەساکی، چوون خەونێکی سەوز لەگلێنەی چاوی حەوزەکە، دونیای بەهەشتی خۆیان دەدی.

گوڵە لەباخچەیەك كەهەر هەمووی گوڵ بوو، راكشابوو، ئەمیش دا بگا بەخوشكەكەی، دەبوو بەسەر پەرژینی باخچەكە باز بدا.. هەر چەندی كرد..نەیتوانی..لەپڕ پەڵە هەورێك بوو بەئەسپ و هات بەهانایەوە، هەر كە خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەكە..لەگەڵ قەڵەمباز، هێند بەرزەوە بوو، نەیدەتوانی بێتە خوارەوە..بەرزەوە بوو.. بەرزەوە بوو.. تا ئاسمان. دەنگێ لەئاسمان رایچڵەكاند.

((ئەر ماسیت بۆ نەگیرا خۆت خەرە زرێبار)). كەوتە خۆی، دا دوانەكەوێ لەگەڕانەوە،، پشتی لەبیرەوەرییەكان كردو بەرەو زرێبار كەوتەوە رێ، لەسەر رێگاكە شتێكی بەر چاوكەوت، دەستی بۆ برد، كەهاتە نێو دەستی..رووانی ملوانكەیەكی شینە.

زۆردڵخۆشبوو بەدۆزینەوەی ئەو ملوانكەیە، دا بەدیاری بیدا بەخوشكەكەی و لەملی بكا.

لەجاران زیاتر پەرۆشی گەڕانەوە بوو..هەستی دەكرد.. گوڵە ملوانكەكەی لەدلا زۆر شیرین دەبێ.. یەكجار پێی كەیفخۆشبوو، تا گەیشتە سەر زرێبار، دەیان شێوەی پێشكەشكردنی ملوانكەكەی، لەخەیاڵدا رسكا، دا بەجوانترین شێواز بیداتێ. ملوانكەكەی بەدەستێكیەوە بوو..قولاپی ماسیگرتنەكەیشی بەدەستەكەی تریەوە.

بۆ دەیەمینجار قولاپەكەی دەكردە ئاوەكەوەو ماسییەك دەنووكی لێ نەدەدا.

جێگاكەی گۆڕی، هەر بێ سوود بوو، خۆر لەڕمێ كەمتری مابوو ئاوابێ، كەمێ بەرەو ژورتر هەڵكشا. هەستی بەناڕەحەتی كرد، نیازێك دەچووە گیانییەوە دا بگەڕێتەوە.. سەدای دەنگەكە.. گلی دەدایەوە، خەیاڵێك بردییەوە رابردوو...

خۆی و گوڵە.. دەستیان لەناو دەستی یەكبوو، بۆلای گۆڕەكەی دایكیان دەچوون، ئافرەتێكی نورانیی بەپیریانەوە هات. هیوا لارە ملێی لەوە نەبوو، كە دایكێتی، بەڵكو زۆرتر بیری لەوە دەكردەوە، كە ئەو تیشك و رووناكیانەی سەروسیمای پێشتر نەبوون. گوڵەیش هەر زوو ملوانەكەكەی ملی بەدایكی نیشاندا، كە هیوا بۆی كردووە بەدیاری.

دەستیانی گرت و بەرەو باخچەیەكی گەورەی بردن، سەر تاپا گوڵ بوو، بۆنی هەر گوڵێك رووحی دەبووژاندەوە، باخچەكە گەڕان.. هێندە گەڕان بەمەزنەنەی خۆیان جێ نەما نەگەڕێن، وەلێ دایكیان پێیانی راگەیاند، تا سەد ساڵی كە بگەڕێن ناگەنە نیوەی.

هیوا قولابەکەی دەستی شلەوە بوو.. لەدەستی بەرەوە بوو.. زوو پەلاماری دایەوە، زۆری خەفەت خوارد، وا نەبوایە ئەو راتەکانەی قولاپەکە، پێدەچوو ماسییەکی گەورە بوو بێ.

شەو و تاریکیی زەفەریان پێ برد، بەڵام بێئومێد نەبوو لەئاست گوڵە..دیارییەکەی ئەو تەواو دروست بووە. تا درەنگێ شتێك لەناو ئاوەکە قولاپەکەی رادەتەکاند.

بەڵام ئەم فریای نەدەکەوت سەرما مۆڵەتی نەدەدا، دا پەتەکەی زوو راکێشێ. هەستی بەبەزەییەك کرد، رەنگە بێئومێدی نەکا، قەدەر دەنوکێکی بکا بەدواوە، لەئاست باوەڕنەکەی، زیاتر لەڕۆخی ئاوەکە نزیکەوە بوو. ململانێی ئەو شەوە، دەتگووت تەواو نابێ. بەڵام.. بەیانی کە خەڵکی هاتنە دەرو جموجۆڵیان تێکەوت، شتێکیان بەسەر ئاوەکەوە بینی، کە دەریانهێنا مناڵێکی خنکاو بوو.. سەر ئاو کەوتبوو، ملوانکەیەکی شینی لەچنگدا بوو.

تێبینی. ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە کەشوهەوای شیعرێکی شەریفە کردومە بەسەرچاوە.

# لەناو سەیارەکەدا

## محەمەد ناکام

خۆر هێندەی دەمی کراوەی ماسییەکی مۆری ماوە بۆ ئـاوابوون لـەئاسمان و ئـاوێکی مەیلەو شیندا، کە من و هەردوو خاڵۆکەم خەریکین شتەکان دەپێچینەوە، من خـەیاڵم لای بووکەشووشــەکەمە، کــە بــاڵا بــەرزو چــاو شــین و قــژمۆرە، رەنگــە بەدیمــەنی خــۆر ئاوابوونەکەدا پڕابێتە ناو زەینمـەوە، یـەکێك لـەخاڵۆکانم سـەیارەکە هەڵـدەکاو جامەکـەی تەنیشتی تا خواری خوارەوە دەکاتەوە، من خەریکم جاجمێکی خاڵخـاڵیی رەنـگ قـاوەیی دەدەم بەسەر کوشـنەکاندا، تـاوەکو نـاو سـەیارەکە پـڕ نەکـەم لەوردەشوشـەی عەشـق، لەوردەتۆز، لەوردەبزماری مەراق.

بەرێکـەوت ئاوڕێـك دەدەمـەوە، دەبیـنم منـداڵێکی چـەتوون بـەخۆی و قورسـایی لەشییەوە، بـەخۆی و قورسـایی پرسـیارەکانی مەکتەبیـەوە، بـەخۆی و خۆزگەکانییـەوە، خۆی بەسەرپشتی چەماوەی جاشـولکەکەرێکی رەشـداوە، بەئەدەبـەوە دەسـت بەگوێیـە درێــژو باریکەکانیــدا دەهێنێــت و پڕیــان دەکــات لــەوردە حیکایــەت، لــەوردەیاری، لەوردەپرسـیار، لـەوردەئامۆژگاری، لـەوردەژیان، بـەڵام جاشـولکەکە زۆر لـەوە دامـاوترە بەرگەی ئەو هەموو چپەچپە تەنکەو ئـەو هـەموو قورسـاییە ئەسـتوورە بگرێـت، هێنـدەی نەماوە لەپەلوپۆ بکەوێ، لەو دوورییەوە هەر بەبزنێکی لات و لەڕ دەچێ!

بـەبێ هـۆ، خاڵۆکـەی تـرم کـە لەشـاردنەوەی خاکـە نازەکـان دەگەڕایـەوە، لـەدیتنی دیمەنەکە ئاگاداردەکەمەوە، ئەم خاڵۆیەم کەمێك بـچووکترو کـەمێك تـووڕەترو زۆر دەنـگ زبرتـرە لـەوی تریـان، بـەدەنگێکی فەرماندەرانـەوە هـاوار دەکـات.. (هێـی بـێ مێـشك، لەسەرپشتی ئەو داماوە وەرەخوارەوە)، بـەڵام منداڵەکـە غـرور دەیگـرێ و ئاوڕنادتـەوە، ناچار خاڵۆم بەبێ حەوسەڵەیی خۆیەوە، بۆ هەڵگرتنەوەی وردە بلۆکێك کە هـەر هێنـدەی گوێزێکی شکاوی لێ ماوەتەوە، دادەنەوێتەوە، راست دەبێتـەوەو بـەبێ نیـشانەگرتنەوە، دەست بۆ نێو هەوا رادەتەکێنێ و هێندە نابا، وردەبلۆکەکـە، بەرکەمـەری دارتێلێکـی بـێ وایەر دەکەوێ و ئەو ناوە پڕدەبێت لەدەنگدانەوە، جاشولکەکە رادەچڵەکێ و منداڵەکەش بەردەبێتـەوە، جاشـوولکەکە دەبیـنم لـەو نـاوە دوور بتـەکێنێت، بەنەفرەتـەوە ئاوڕێـك

دەداتەوە، جاشولکەکە دەبینم دیارنەماوە، منداڵەکە دەبینم ژێر چەناگەی رووشاوە، لوتی پڕاوە، لێرەدا خاڵۆکەی ترم کۆتایی بەم دیمەنە دەهێنێت و دەڵێت.. (سەرکەون، با بەرەو ماڵ بینەوە).

لەناوەڕاستی کۆڵانێکی مەملەکەتی گەنم و جۆداین، دروست لەدووریی چەند فەرسەخێکەوە بەرامبەری ئەو شوێنەیە کە فڕۆکەکانی نیشتمانی لێ دەنیشنەوە، بەڕێگاوەین، واخەریکە دەگەینە سەر جادە قیرەکە، هەستدەکەم گەرمامەو بیر لەشتێك دەکەمەوە، بەئەسپایی جامی لای راست دەکەمەوە، پاڵ دەدەمەوەو هەستدەکەم فێنك دەبمەوە، بەڵام خەیاڵم هەر لەدەرەوەی سەیارەکەدایەو هەستدەکەم دڵم بەناڕێکی لێدەدا، چاو دەگێڕم، ریزێك سنەوبەر لەگۆشەی گۆڕستانێکدا سەریان ناوە بەیەکەوە، بەڕەنگیاندا وا دەردەکەوێت، گاڵە بەبەفرو بەپایز بکەن کە ناتوانن زەفەریان پێ ببەن و رووتیان بکەنەوە، لەنێوانی درەختەکاندا سێ چوار گەنج دانیشتوون، پێدەکەنن، گۆرانی دەڵێن، دەخۆنەوە، یەکێکیان گۆشت دەبرژێنێت، یەکێکیان سیگار بۆ یەکێکی تریان دادەگیرسێنێت، ئەویتریشیان کەمێك لەخوار ئەوانەوە، بەجووتێك چاوی هەڵبزڕکاوەوە بەسەر کێلی مردوویەکدا نووشتاوەتەوە بۆ رشانەوە، هەر کە لەوێ رەت دەبین ئەو دیمەنەش دەسڕمەوەو دەمەوێت بزانم و بیرم بکەوێتەوە، دڵم بۆچی تەنگ بووە، دوای ئەو هەموو جموجوڵ و لەئاسمان روانینە، دوای ئەو هەموو ئارەق سڕینەوەو ماندووبوونە، نازانم بۆ واهەستدەکەم شتێك بەجێماوە لەدواوەی دواوەی ئەم هەموو دواییانەوە، وەك بەجێمانی نزایەك بەناو لەپی دایکمەوە، دوای پاڕانەوەکان و دوای ماڵ کۆکردنەوە.

(حەمە شێت، هەینی داهاتوویش لەگەڵماندا دێیت؟)، ئەوە دەنگی خاڵۆم بوو کە لەوسەری خەیاڵەوە، دوای ئەو هەمووە لەهۆشخۆچوونە وەئاگای هێنامەوە، دوای هەڵمژینی ئەو هەموو (با)یەی لەجامی سەیارەکەوە بەسازو ناسازییانەوە، بەبۆنی عەتری کچانی سەرشۆستەوە، بەدووکەڵی سەیارەکانی پاش و پێشمانەوە، بەهەڵبوونەوەو کوژانەوەی ترەفیکلایتەکانەوە، بەجووڵەو دەست راوەشاندن و فیکەکێشانی مردووەکانەوە، خۆیانکردبوو بەزووری دڵمداو بەبێ سلاو بێ خودا حافیزیی هاتبووشنە دەرەوە، گەرووم وەك سمی تۆزاوی ئەسپێك وشك و رەق هەڵاتبوو، لێوەکانم وەکو گژوگیای ژێر زووقێکی زۆر سڕببوون، سەری رەزامەندیم بۆ لەقاند، دوای ئەو هەموو

بێدەنگییە زار بۆ باوێشکێك دەکەمەوە، کە لادەکەمـەوە، لەبـەردەرگای مـاڵی خۆمانـدام، بێئەوەی بیر لەهیچ بکەمـەوە، بەبێئـەوەی جامەکـە دابخەمـەوە، بێئـەوەی خوداحـافیزی بکەم دەسکی دەرگای ژوورەکەم دەترازێنم، لەبەردەم بووکە شووشەکەمدا بەچۆکدا دێـم و بیرم دەکەوێتەوە کە دڵم بۆچی تەنگ بووە بۆ گەیشتن بەو ئێوارەیە بووە کە لـەدواوەی سەیارەیەکدا بەقاتێکی شـین شینەوە دانیـشتووم و جـامی لای راسـتم کردووەتـەوە، بـۆ ئەوەنا گەرمام بووەو رێگە بدەم هەموو (با)یەك خۆی بـەژووری دڵمـدا بکـات، تـەنیا یـەك (با) هەیەو تەنیا یەك (بـا) ماوەتـەوە، ئـەویش (بـا)ی پیرۆزبابیـە، چـونکە خـودی بووکـە شووشـە راسـتەقینەکە بەکراسـێك پێکەنینـەوە لەپاڵمـدا دانیـشتووەو دەسـتی چـەپی بەئەسپایی لەسەر لای راستی دڵم داناوە..!

٢٠٠٨/٣/١١



# دەزانی ئەو نامانە نامرن

## نیگار نادر

هەندێك نامە هەن بەدڵ دەنووسرێن، هەندێکجار خاوەنەکانیان کەسی ئاسایین و ئەدیب نین، لێ نامەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ پەخشانێك یان دەقێکی ئەدەبی نایاب، من پێموایە ئەودەمەی مرۆ بەدڵ دەنووسێ هەرشتێك بنووسێ دەبێتە دەقێکی ئەدەبی، پاراستن و بڵاوکردنەوەی ئەڤ ئێمەیڵ و نامانە جێی خۆیان دەگرن لەئەدەبدا، ئەو نامانە نەهی یەك کەسن نە لەیەك کات و ساتدا نووسراون، هەرچەند ناوی خاوەنەکانیان لەسەرنییە لێ هێندە جوانن، پاراستن و بڵاوکردنەوەیان بۆ من وەکو ئەرکێکەو دەچێتە خانەی بەرهەمێکی ئەدەبی.

Gyana taza la xawe hastwm, wara sar koshm bzanm lobezary awro. ba macheky rwmatt chakt dakamawa e. lera hatawa w lay to baran, wak away baran w hatawy mn w to banaw yak bbaren. hataw ba barany to zardtr dabe wak zardaparry mamakant dabresketawa gyana. loxot bro shweny xo´sh, aw warzya hamisha amadaya gyana, chwnka basheka la jyany dwnya. mn wak hamesha dachma dare sar daryachayk wak mrawy sawzakan malawany dakam, kotry sory tosh deta sar skm e lasar lapm daneshe.

گیانە، گوێبگرە زۆر حەزدەکەم بەرلەوەی بمرم ئەتو دڵنیابی چەندەم خۆشدەوێ و خۆشەویستی من بۆ تۆ ئاسایی نییە، دەزانم جارێ منداڵی و زۆر شت هەیەنایزانی و نەتدیوە، باپێت بڵێم ئەمن نهێنییەکم لەتۆدا دیتۆتەوە دەنا قەت تەحامولی ئەو هەموو دڵشکاندنەت ناکەم.

تورە نەبی ها...تادەمرم خۆشمدەوێی

توورەش ببی شێتیش ببی تازە هەرهی خۆمی و خۆشمدەوێی.

gyana dlm la bn guly krasa kaskakat w lera wak tam daswremawa. hatawy era wak payz xamgena w awesh wak to garma.

سڵاو

چاوەکانت ماچدەکەم

دەزانی هەرکتێبێك دەبینم لەهەر کوێی دونیا یەکڕاست ئەتۆم دێتە پێش چاوان.

ئەو دەمانەی پێدەکەنی و رووەمەتەکانت بڵند دەبن، بۆیە لەخۆشیان شاگەشکەدەبم وەك

دەست بەپشتە دەستت دابێنم دەست بەبەرگەکەی دادێنم و بۆنی دەکەم.

کتێبە جوانەکەی خۆم.

gyane esta la xoshy wenakat komputarakam krdawa. Heda la chaw w gwara w parchm w garnd w lashy lary narm w garmt ramam xarek bwm let bzr bm. dast w bazna
hangwnyakat wenay narm w narnjy w hanary naw dll w lashtm dadane. chand narm danwshtwy.

سڵاو

گیانە سەد جارم پێ وتوی ئـەمن ژنێکی بێسەروبەرم، باسـی خۆشەویستی عاشـقبوونی خۆتم لەبۆمەکە، باش دەزانی من تازە ناخم پێگەیشتوەو ئەگـەر پیاوێـك زۆر زیـت و وریـا نەبێ ناکەوێتە بەر دڵی من، تکایە خۆت ماندوومەکە دەگەڵ من، چونکە عاشقبوونی پیاو بۆمن وەکو نووسینی شیعرە نازانم لەکوێێ و کەی روودەداو ئامادەییم بۆی هەیە.

gyane amro hataweky narmy payzy wak ruhy ema, basar zawy daprje.esta hatwmatawa w nama lo dla dlyakam danusm. atu la darawaw w
pyasa w bedangyakanm har lanaw gyanmy. har dalye hamesha amaday lanaw koshm.

بەیانیت باش گیانە

توسەری من بڕۆ سەیری رۆژنامە بکە جا بڵێ هەقم نییە خەنی ببم لەخۆشی تۆ، ئەتو خۆت دیتیە چۆن دادەنیشی؟ لەمێژە پێمگوتووی ئەتو وەکو شاژنان دادەنیشی، بۆیە ئەگەر لەناو سەد ژنیش دا دانیشی دەتناسمەوەو لێم ون نابی.

شاژنە چاوڕەشەکە

kotrila awa har esta wistm namat lo bnusm, dabinm atu hatya koshm. syara dazany? mn baw hawreyatay to dlxoshm.
w dazanm hamw dabe ruhy toyan tedabe. gyana law weranayada dabe baw paywandaya paka dlxosh bin. jwany namawa lanaw kurdan. mn dlxosh dabm ka to xarika
radeytawa lawe. mn bashm w loxom ba to dlxoshm ka bo mn hay w pekwa sarman pek krdwa law dwnya aloza.
kameky tr ba yady to daroma dare. ewarash la bn qalate macht dakam ha e.

گیانێ،

ئەوە دوسێ رۆژە نازانم رەنگی کراسەکەت چۆنە؟ لەبۆیە زۆربێ کەیفم و نازانم چۆنم رۆژلێ دەگوزرێ و لەگەڵ هەموو کەسیش توڕەدەبم.

تکایە هەرئێستێ وەڵامم بدەوە یا هەرکووەك بێت خۆتم پێشان بدە با دڵم داکەوێت.

چاوەڕێی وەڵامتم

gyane koy amro. lera harwa baran dabre w mnesh har tarr dabm ba xam w berawaryakany chyakan w kotre hawlere. lera hech shtekt nwe lasar zawy nye. mn wak shabangek la yadgary w dangy gmay kotrawa banaw baran tedaparm.

هەی گیانە ئەو نامەیەم وەکو من خۆت پێدادەدا..
وەرە با ئاشت بینەوە ئەوجارەش، دەزانی ئەگەر بەشەڕدێین لەخۆمان زیاتر کەسی دی نییە ئاشتمان بکاتەوە، هەرچەندە تووڕەت کردووم، لێ هیچی دی خۆڕاناگرم بەبێ تۆ..
ئەمن ئاشت بوومەوەو باوەشم ئاوەڵایە، ئەتۆش کەیفی خۆتە.
باوەش.

نیگار گیان
باش دەزانی بوون و پاراستنی برادەر لەناو ژیانی تێکوپێکچووی ئەوڕۆی کورددا زۆر سەختە، بەتایبەت برادەرایەتی رووحی، لەبۆیە من هەمیشە ئومێد دەکەم خوا لەمنت نەستێنێ.
هێندەی دونیا دڵم پێت خۆشە، بۆ هەمیشە یەك وەسیەتت لێدەکەم، توخوا لەوەفایی خۆترا، لەوەفاداری کەس مەڕوانە، چونکە دڵنیام تووشی ئازار دەبی..

*لەبەر جوانی ئیمەیڵەکان حەزمکرد وەکو خۆیان بهێڵمەوەو نەمەویست دەسکاریان بکەم و لەبۆیە پیتەکانم نەگۆڕین هەر بەلاتینی هێشتمنەوە.

## دیدار لەگەڵ خالد سلێمان

حەمە کاکەڕەش

## دیدار لەگەڵ:
## مارف عومەر گوڵ

بەیان محەمەد عەبدوڵڵا



# دیدار

## دیدار لەگەڵ

## خالد سلێمان



# دەبێت ئێمە توانای دروستکردنی هەواڵێکی نوێمان لەسەر هەموو ئاستەکانی کارەساتی ئەنفال هەبێت

**دیداری: حەمە کاکەڕەش**

### ئەنفال، دانپێدانان، لێبوردن

حەمە کاکەڕەش: **ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا رووینەدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگیەکی وابکرێت، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپی؟**

خالد سلیمان: بێدەنگی لەسەر ئەنفال، بێدەنگبوون نییە بەقەدەر ئەوەی دانپێدانەنانە بەسروشتی پرۆسەی ئەنفال وەك خۆی، واتە وەك " جینۆساید". بەڕای من هەموو بێدەنگییەك لەسەر ئەنفال لەم خاڵەوە دەستپێدەکات و هەر لەم خاڵەشدا کۆتاییدێت. لەهۆش و نەستی نوخبەی کەلتوری و سیاسی کوردیدا دەتوانرێت بەئاسانی هۆکاری یەکەمی ئەم بێدەنگییە یان ئەم دانپێدانەنانە بەوە دابنرێت کە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیداو بەمانای عەرەبی– ئیسلامی ئەنجامدرا، بەڵام ئایا ئەمە راستە، یان چەند راستی هەڵدەگرێت، تا چ رادەیەك لەتاکرەهەندیی دوورمان دەخاتەوەو لەهۆکارەکانی تری هەمان ئەو دانپێدانەنانە نزیکمان دەخاتەوە.

پێش هەموو شتێك، پرسیاری لەم شێوەیە رادەیەکی زۆر لەفرەڕەهەندی وەردەگرێت و مەسەلەکەش (بە ڕای من) تەنها لەم ئاستەدا کۆنابێتەوە، چونکە کارەساتی ئـەنفال و بێـدەنگی لەبەرامبەریـدا تـەنها لەڕوانگـەی ئاسـتی جیۆپۆلـۆتیکی و ئاینییـەوە، ئاسـتە نێودەڵەتییەکەیمان لەبیردەباتەوە.

باشتروایە هەر "ئەگەر" ێك لەباسـکردن لەسـەر ئـەنفال دوور بخەینـەوەو سەرچـاوەو هۆکارەکانی بخەینە ناو کاری تیۆری کوردییەوە لەسەر پرۆسەکەو سەراپای سەرهەڵدان و دەستپێکردن و ئەنجامدانییەوەو هەروەها ئاکارەکانیشی. بەشێوەیەکی تر لەمیانەی ئـەم بیرۆکەیەدا دەمەوێت بڵێم : بۆ ئەوەی قەبارەی کارەسـاتەکە نەچێتە خانـەی رووداوێکـی ئاساییەوەو لەبێدەنگیدا نەپێچێنرێتەوە، پێویـستمان بەزیندوکردنـەوەی وردەکارییـەکانی هەیە، واتە بەڵگەنامەو شایەتحاڵ و وێنەو کەلوپەل و هەرشتێك پەیوەندی بەڕووداوەکەوە هەیە. هەڵبەتە لێرەدا زۆر ئاسانە بڵێین ئەگەر ئـەنفال لـەوڵاتێکی ئیـسلامیدا رووی نەدایـە ئەوا هەر لەکاتی رووداننییەوە بە "جینۆساید" دەناسـرا، ئەمـەش مانایـەکی زۆر لەڕاسـتی هەڵدەگرێت ، لەهـەموو کاتێکیـشدا ئەگـەر رەهەنـدی جیۆپۆلـۆتیکی کوردسـتان خۆیمـان خستە پێش ئەم مانایە.

ئەگەر بەم ئاسانکارییە بێت وڵامی هەر پرسـیارێك لێـرەدا کۆتـایی پێـدێت، بـەڵام ئایـا ئەگەرێکی وەها لەبـەردەم واقیـع و قـەبارەی کارەسـاتەکەدا بـەکوێمان دەگەیـەنێت، یـان بەشـێوەیەکی تـر دەشـێت ئـەو ئەگـەرە لەدۆخـە مێژووییەکـەی دابپـچڕێت و بخرێتـە پێشمانەوە، یان بۆ خۆی ئەگەرێکە لەپێشمانەوەیەو هێشتا نەکەوتووەتـە دواوە؟ لێـرەدا پرسیارێکی نوسەر و روناکبیر "مەریوان قـانع"م بیردێتـەوە کـە دەڵێـت: (داخـۆ ئـەنفال رووداوێکە سەر بەمێژووەو کۆتاییپێهاتووە، یاخود رووداوێکە دەکرێت سەر بەئایندە بێـت و رووبداتەوە، شتێکە بەسەرچووە یاخود تائێستاش ئەگەرێکەو تێنەپەڕیوە، کارەساتێکە لەدوامانەوەیە یاخود مەترسییەکەو هێشتا لەپێشمانەوەیە؟).

لێـرەدا نـاڵێم بێـدەنگبوون، بـەڵکو ئەگـەری رووداننـەوەی ئـەنفال لای کـورد (لەدۆخـە دروونییەکەیـدا بـەلانی کەمـەوە)، پرسـیاری " شـوێنی ئیـسلامی"، تاکـە رەهەنـد نییـە لەگەڵاڵـەکردنی هـەر دیدێکدا بەرامبـەر بەکارەسـاتەکە، بـەڵکو لەهەناویـدا ، پرسـیاری " شـوێنی قـەومی " کـوردو ئیـسلامبوونی بەشـێکی تـری هاوکێـشەی هـەر بۆچـوون و تێخوێندنەوەیەکە رۆشنبیریی کورد بەرهەمی بێنێت.

لەميانەی ئەم فيکرەيـەدا پـەراوێزێکی بچووك هەيـە، ئـەويش پاشەکشەکردنی ڕۆڵ و ناسنامەی ئيسلامييە لـەدياريکردنی سروشـت و کاردانـەوەی کارەسـاتەکەيە لەناوچـەکەو جيهاندا. هەر لەپاڵ ئەمەشدا " سونە" بوونی کورد وەك فاکتەرێکی مەززەبی هيچ ڕۆڵێکی نەبوو ، چونکە زۆر بەئاسانی، ئەنفال نمايشێکی قەومييانە بوو پێش هـەر ئاسـتێکی تـری بيرکردنەوە.

ئەم تێڕوانينە پێويستی بەدۆخێکی جيۆپۆلۆتيکيی هەيە دەتوانرێت نـاوی لێبنرێـت " دۆخی پۆسـت کۆلۆنيـاليزم " ، واتـە ئـەو سـنووره کەمـەی وا لـەدوای ڕێککەوتننامـەی " لۆزان " ەوە بۆ کورد وەك نەتەوەيـەك دانـراو. هـەر ئـەم دۆخـەش نەتـەوەکانی تـری پـێ دەمـارگيرتر کـراو گەياندييـە ئاسـتێکی ترسـناکی وەهـا، خـەياڵی قـەومی تيايـدا نـوقمی کەلتووری ئەوە بێت کە کورد کانەخەڵوزێکی ترسە !

لەدرێژەی هەمان ڕوانگەدا، دەتـوانم بڵێم ئەگـەر ئـەنفال دژی نەتەوەيـەکی تـری جيـا لـەکوردو جيـا لەئيـسلام بوايـە، ئـەوا بـەلانی کەمـەوە " ڕۆژئـاوا" هـەر بێدەنگييـەکی دەشکاندو چوارچێوەيەکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵيدا دادەنا. ئەگـەرێش ئـەو دۆخـە پۆسـت کۆلۆنياليیەی کوردی تيا ئەنفالکرا بەشێك نەبوايە لەکەلتووری کۆلۆنياليزم ئـەوا ئيمکـانی بێـدەنگيی کـەمتر دەبـوو. هـيچ يـەکێك لـەو دوو دۆخـە لەبەرژەوەنـدی کـورددا نـەبوو، لەئاکاميشدا دانپێدانان بەئەنفالـدا وەك جينۆسـايد لەسياسـەت و بۆچـوونی ڕۆژاواييـدا تـا ئێستا نەبووەتە پرۆژەيەك.

بەشـێکی زۆر لەناوەنـدە ئەمريکييـەکان بـاس لـەوە دەکـەن ئەگـەر بەڵگەنامەيـەکی ڕەسمی هەبێت و تيايدا بەرپرسە عێراقييەکانی حوکمی سەددام حسێن داوای لـەناوبردنی کـوردی تيـا دەکـەن. لێـرەدا وامـان بـۆ دەردەکـەوێت کـە ئـەو ناوەندانـەو زۆری تـريش لەئـەورووپا، بەئاشـکرا ئـەنفال لـەباری "بێـدەنگی" دا پێناسـەدەکەن، نـاوی لێنـانێن و لەخەسـڵەتە واقيعييـەکانی خۆيـەوە تەماشـای ناکـەن، چـونکە ناسـاندنی ئـەنفال وەك جينۆسايد، واتە نوێکردنەوەی پرسياری کورد لەدۆخی پـێش کۆلۆنياليزمـەوە، کـە تيايـدا ناسنامەی ميللەتێك لەڕووی جيۆپۆلۆتيکی و کەلتووری و کۆمەڵايەتييـەوە خرايـە هـەناوی پرۆژە قەومييەکانی ترەوە. بەشـيکی تـری ئـەو بێدەنگييـە ئـەوە بـوو کـە ئـەنفال خـۆی لەبێدەنگيدا ئەنجامدرا. بـەڵام بێدەنگييـەکی دروسـتکراو، کـە گرنگـی گـەلی کـورد تيايـدا

بەشێك بوو لەبەرژەوەندییەكانی رۆژاوا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێت كە پلانی لەناوبردنی كوردو هێرشی سوپای عێراق بۆسەر گوندو ناوچە جیاجیاكانی كوردستان لەلای حكومەتە رۆژاواییەكان ئاشكرا نەبوبێت، بەپێچەوانەوە، هەر سەرەتای دەستپێكرنی گفتوگۆكانی " عێراق – ئێران " بەكۆتاییهێنان بەشەڕە هەشت ساڵییەكەیان بەشێوەیەكی جیدی لەساڵی ١٩٨٨، ئیدارەی ئەمریكی بەتایبەت ئاگای لەپیلانەكانی عێراق بوو. بەشێك لەسەركردایەتی كورد لەوە ئاگادارن و هەر لەو ساڵەدا سیناتۆرێكی ئەمریكی بە "مام جەلال " سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستانی وتبوو كە رژێمی سەددام حسێن پیلانێكی گەورەی بۆ لێدانی كوردستان لەبەردەستدایە. هەروەها پێیوتبوو كە هەمان رژێم داوای گفتوگۆ لەسەرانی كورد دەكات. بەڵام ئەو زانیارییانە لای سەركردایەتی كورد بەجیدی وەرنەگیراو لەدواییدا دەركەوت راستبوون.

لێرەدا بەراوردێكی بچووك لەنێوان ئەنفال و جینۆسایدی " هوتو" ەكانی وڵاتی رواندا دژی " توتسی " یەكان جێگای وەبیرهێنانەوەیە، كە ئەمانی دووەمیان بەپێی شایەتییەكانی كۆماندانی كەنەدی " رۆمیۆ دالێر " سەركردەی هێزەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان لەو وڵاتەدا ساڵی ١٩٩٥ ، جینۆسایدێك بوو بیرۆكراسیەتی نێودەڵەتی و نەتەوەیەكگرتووەكان خۆی بووە هۆی ئەو هەموو كوشت و بڕینە كە نزیكەی ملیۆنێك مرۆڤی تیا كوژرا، بەڵام ئەوەی لەكوردستاندا روویدا بێدەنگییەكی لەرادەبەدەرو ترسناك بوو ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش " یۆست هێلتەرمان " رۆژاوا بەهاوبەش لەو تاوانەدا ناودەبات.

ئەوەی پەیوەستە بەرووەكانی تری ئەنفال لەناچەكەداو باری كورد تیایدا، وەك لەپێشدا ئاماژەم بۆ كرد ئیسلامبوونی شوێن و مەوقیعی ئیسلامیی ئەو وڵاتانە نەبوو ئەم بێدەنگییەی دروستكرد، بەقەدەر ئەوەی دەمارگیری قەومی چوارچێوەو كاراكتەری سەرەكی كارەساتەكە بوو. ئەگەر ئەوەی روویدا دژی عەرەبە سوننەكان یان دژی توركمانەكان بوایە ئەوا توركیاو سعودییە دوو دەرگای سەرەكی دەبوون لەشكاندنی دۆخی بێدەنگی و هاتنە دەنگ لەناوەندە نێودەڵەتییەكاندا. دیارە كوشتوبڕی دیاری شیعەكان لەباشوری عێراق لەكاتێكدا بوو (١٩٩١) ئیتر نە ناوچەكەو نە جیهانیش

لەبەردەم ماشێنی " قەتڵ و عام " ی سەددام حسێن و حزبەکەیدا توانای بێدەنگییان نەما. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتە عەرەبە سوننەکان دان بەو تاوانانەی باشوری عیراقدا نانێن و تەنها ئێران خۆی بەخاوەنیان دەزانێت، بێگومان لەمەشیاندا کەلتوورێکی مەززەبی یان با بڵێین " قەومی ئێرانی " پێوەری شتەکانەو چوارچێوەی ماشێنی راگەیاندنە.

لەپاڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا، گەلێك هۆکاری تر هەن پەیوەنییان بەکورد خۆییەوە هەیە. یەکێك لەوانە ئەنفال تا ئێستا نەبووەتە تراژیدیایەکی نەتەوەیی و لەدۆخێکی زارەکیدا ماوەتەوە. با لەوەوە دەستپێبکەین چی هۆشیارییەکی سادەیە ئەنفال لەهۆشیارییەکی کەلتووری دووردەخاتەوە، چۆن دەنگی کورد لەباسکردنی ئەنفالدا بەرز بێت، بەرپرسیارێتی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردی لەکوێی تراژیدیاکەدان ؟

حەمە کاکەڕەش:**ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لەهۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هۆشیارییەکی کەلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بەدەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

خالد سلێمان: لەوانەیە لەم بارەیاندا لەپرسیار دەرنەچین و نەگەینە بارێکی وەها توانای قسەکردنمان لەسەر ئەنفال هەبێت. قسەکردنیش بەو جۆرەی دەمانەوێت و رێگەمان بۆ خۆشدەکات لەبری باسکردن لەبێدەنگیی لەسەر ئەنفال باس لەتیۆریزەکردن و رەهەندە مێژووییەکانی بکەین، چیرۆکی ورد بنادبنێین. *Orale*و شاراوەکانی، هەروەها شایەتحاڵەکان بێنینە قسەکردن و مێژوویەکی زارەکی.

ئایا تائێستا سەنتەرێکمان بۆ بەڵگەنامەکانی ئەنفال هەیە، کەلوپەل و شتە بەجێماوەکانمان پاراستوە، شایەتیی رزگاربووەکانی نوگرەسەلمانمان تۆمارکردووە، وێنەیانمان لا هەیە، مۆزەخانەیەکمان هەیە؟ ئایا ئەنفال خراوەتە بەرنامەکانی خوێندن و

پەروەردەوە، مۆنۆمێنتێکی شایستە بەکارەساتەکە هەیە؟ ئایا شوێنێك کراوەتە رەمز بۆ ئەنفال و " ئۆشڤێتز " ێکی کوردیمان هەیە؟

لەولامی ئەم پرسیارانەدا، لەوانەیە بەشێوەیەکی سەرەکی دەسەلاتی کوردی و رۆشنبیران بتوانن شتێك بلێن، چونکە کۆمەلگای کوردی تائێستا خاوەنی دەزگای مەدەنیی و ئابووریی و کەلتوریی سەربەخۆی وەها نییە بتوانێت لەرێگەیانەوە یادەوەری خۆی بەزیندوویی رابگرێت. بەتایبەتی کۆمەلگا ئەنفالکراوەکە کە لە" بێ نەوا " زیاتر لەهێچی تر ناچێت.

من لەسەرەتای ئیشکردنمەوە لەسەر ئەنفال باوەرم بەوە هەبووە کە بەبێ ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی پرسیاریان لەسەر دەکەم ناتوانین لەو بێدەنگییەی باسی لێوە دەکەین رزگار بین. ئەمەش وا ناگەیەنێت کە لەبواری دۆکیومێنت کردندا هیچ نەکراوەو مادەیەکی خامی باش لەبەردەستدایە کە زیاتر هەولی تاکەکەسی کۆیکردوونەتەوە، هەروەها ئەو هەولە تیۆرییانەی وا لەسەر ئەنفال کراون. من لێرەدا باس لەکارێکی گەورەتر دەکەم، کارێك بتوانێت سەرنجی چاودێرە جیهانییەکان لەسەر جینۆساید راکێشێت، نەك یادکردنەوە سەرپێییەکان کە لەئاستێکی ناوخۆیی تەسکدا دەکرێت و لەهونەری زیندووکردنەوەوە دوورە.

لێرەدا مافی ئەوە بەخۆم دەدەم باسی پرۆژەیەك بکەم کە سالی ٢٠٠٦ خستمە بەردەم ناوەندە کەلتوریی و سیاسیی و جامیعییەکانی کوردستان و لەرۆژنامەی " ئاسۆ " دا بلاوکرایەوە. پرۆژەکەش تایبەت بوو بەیادی بیست سالەی ئەنفال لەسەر ئاستێکی جیهانی، بەشێکی زۆریش لەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن ئاگایان لەو پرۆژەیەیە، بەلام لەپشتگوێخستن زیاتر هێچی ترم نەبینی.

ئێمە تائێستا زمانێکی وامان نەدۆزیوەتەوە شایستەی ئەوەبێت ئەنفالی پێ تاووتوێ بکەین، مەبەستیش لێرەدا تەنیا زمانی قسەکردن نییە، بەلکو زمانی لێوردبوونەوە لەشتەبچووکەکانی ئەنفال، بەسەرهاتەکانی، چیرۆکەکانی، چۆنێتی پیادەکرنی، زیندووراگرتنی. هەموو ئەمانەش تەنیا لەرێگای کتێب و کاری تیۆرییەوە نابێت، شتی تر هەن کە رۆلیان کەمتر نییە لەکاری نووسین و لێکۆلینەوە، ئەوانەش وەك مۆزەخانەیەکی

تایبەت بەئەنفال لەسەر ئاستی کوردستان، هەروەها دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە پرۆسەکە تیایاندا گەیشتە ترۆپك، یان ئەو قەڵاو شوێنە سەربازییانەی خەڵکیان تیا کۆکرایەوەو خاڵی ئامادەکردن بۆ شوێنە نادیارەکان. لەلایەکی ترەوە تائێستا سەنتەرێکی نیشتمانیی بۆ بەڵگەنامەکانی ئەنفال نییە، کەس نازانێت چەند بەڵگەنامە لەبەردەستدایەو جۆریان چییەو بەکەڵکی چی لایەنێکی باسکردن لەئەنفال دێن. هەر لەم سیاقەدا دەمەوێت باسی شتێکی تر بکەم کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەبەشداریکرنی ئیدارەی کوردی خۆییەوە هەیە لەسڕینەوەی بەشێك لەیادەوەرییەکانی ئەنفال، لەوانە سڕینەوەی ناوی ئۆردوگای زۆرەملێی " سمود" بۆ "رزگاری". ئەمە هەڵوێستەیەکی زۆری دەوێت و لەبنەڕەتیشدا ئەوە دەگەیەنێت کە هۆشیاری کەلتوریی و سیاسیی کوردی لەجۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕیی نەبووەتەوەو پێی نەناوەتە ناو پرانسیپە سەرەتاییەکانی کارکردن لەسەر یادەوەریی و گرنگی ئاکارە دیارەکانی " بەعس" لەکوردستاندا.

دووای چەند ساڵێکی تر ناوی " سمود" لەبیر دەچێتەوەو "رزگاری" بەتەواوەتی لەیادەوەری خەڵکدا دەچەسپێت، لێرەدا ناوێکمان لەناوەکانی ئەنفال لەدەست دا، یان بابڵێین بەدەستی خۆمان سڕیمانەوە. دووریش نییە دووای چەرخێکی تر دەستکەین بەگەڕانەوە بەناوە راستییەکەداو پێداویستییەکانی کاری یادەوەریی و مێژوو ئەو جۆش و خرۆشە شۆڕشگێڕییەی کە ناوەکەی تیادا سڕایەوە، بمانخاتە ناو تونێلێکی بێ رووناکییەوە. لەسەر حکومەت و پارتە سیاسییەکان و بەپرسانی ئەو ئۆردوگایە پێویست بوو بەخەتێکی گەورە ناوی سمودیان بنەخشانایە نەك لەحاڵەتە مێژووییەکەی بیکەنە دەرەوە، چونکە زیندووراگرتنی ئاکارەکانی ئەنفال کە ئینسان و شوێن و یادەوەریی و هەموو پانتاییەکانی تری ژیانی گرتەوە، بەزیندووهێشتنەوەی کەرەستەکانی پرۆسەی ئەنفال خۆیەوە، بەندە. " سمود " یان هەر ئۆردوگایەکی تر بۆی هەیە لەداهاتوودا ببێتە مۆزەخانەیەکی روون و بەرچاو، بەپێچەوانەشەوە ئەو ناو گۆڕینەی دەبێتە کارێکی دژ بەمێژووی کارەساتەکە.

حەمە کاکەڕەش: **ئەو پێشنیازە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسیی مێژوویی لەیادەوەریی ئینسانی کورددا بەچەشنێک**

**بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری، لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدواڕۆژی کۆمەڵگای ئێمەدان؟**

خالد سلیمان: یەکێك لەو بنەما سەرەکییانەی لەجیهاندا بۆ لەبیرنەچوونەوەی کارەساتە مرۆییەکان پیادەدەکرێت " زیندووکردنەوەی یادەوەری"یە، ئەویش لەڕێگای یادکردنەوەو دانانی مۆنۆمێنت و مۆزەخانەو تۆمارکردنی هەرشتێکی پەیوەست بەکارەساتەکە، وەك وێنەو دەستنووس و کەرەستەکانی ژیانی رۆژانەی قوربانیی و بکوژو ستەمکار بەیەك ئاست. هەر لەم سیاقەشدا، ئەدەب و هونەرو کەلتور، تیایاندا کارەساتی ئەنفال وەك ئیکۆنێکی خەمبارێن لەیادەوەری کۆمەڵگای کوردیدا، جەوهەری هەر باسێکن لەسەر زیندوو راگرتنی ئاکارەکانی ئەنفال و جارێکی تریش دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ناوگۆڕینی ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە نموونەیان دووبارە نابێتەوە. زۆربەی زۆری ئەو نووسەرانەی لەسەر "هۆلۆکۆست" یان نووسی پێیانوایە ئۆردوگا زۆرەملێکانی سەر دەستی نازییەکان و ستالینییەکان دیارترین رووخساری سەدەی بیستەم بوون، هەر لەم روانگەیەشەوە باسێکی زۆر لەسەریان کراو زۆربەی ئەو شوێنانەی تیایاندا تاوان ئەنجام دران، بوونە شوێنی مێژوویی و سالانە هەزاران کەس لەیادکردنەوەی هۆلۆکۆستدا روویان تێدەکەن.

ئایا لابردنی ناوی ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ لابردنی ترس بوو، یان جۆرێك بوو لەخۆبینین بەسەر مێژووداو نەشئەی سەرکەوتنێکی بچووك بوو، تیایدا دەسەلاتی لۆکالیی کوردی هەولی خۆشاردنەوە دەدات. بەڕای من کارەکە لەتێنەگەیشتن لەکارەساتەکە بەپلەی یەکەم و دووەمیش بێئاگابوونە لەدونیاو چۆنێتی پاراستنی یادەوەریی و ئاکارەکانی تراژیدییایەك هێشتا جیهان دانی پێدا نەناوە وەك جینۆساید.

حەمە کاکەڕەش: **ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیریی وایە کە بتوانێت لەبری تۆلە، خۆبکات بەهێزێک کە هەلگری لێبووردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەستەلاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپێشاندانی؟**

خالد سلێمان: کورد کە کەوتە بەر ئەنفال و دووایش ئاکارەکانی و قورسایی ئەو یادەوەرییە قورسەی لەدووای خۆیەوە بەجێیهێشت و یادکردنەوەی و ناساندنی بەجیهان، تووشی سەرئێشەو بێتاقەتیی هات و پەناشی بۆ ئەزموونەکانی دونیا لەم بوارەدا نەبرد. پەنای بۆ پرانسیپەکانی کارکردنی لەبواری جینۆسایدا نەبرد، یانی نەئاشکراکردنی تەواوی راستییەکان و نە بەدواداچوون و نەچاککردنەوەی دامەزراوەکان و نەقەرەبووی قوربانییەکان و لەکۆتاییشدا نەزیندووڕاگرتنی یادەوەرییەکان. هەموو ئەمانەش پرانسیپە سەرەکییەکانی کاری (عەدالەی ئینتیقالی)ن، کە دەبوایە ئەنفالی پێ بناسێنرایە بەدونیا.

ئەگەر کورد لەم پرانسیپانەوە (ئاشکراکردنی راستییەکان، بەدووداچوون و لێکۆڵینەوە، چاککردنەوەی دامەزراوەکان، قەرەبووی قوربانییەکان، زیندووڕاگرتنی یادەوەرییەکان) نەڕوانێتە ئەنفال و کارێکی ناوخۆیی وەها بەرپا نەکات سەرنجی دونیای پێڕاکێشێت بۆ لای فایلی جینۆسایدی ئەنفال، ئەوا ناتوانێت لەکۆمەڵێك ئاهەنگی ماتەمینیی سواو بێتە دەرەوە.

دەربارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا کورد توانای لێبوردنی هەیەو دەکرێت ترس لەئەنفال ببێتە سەرچاوەی هێزی لێبوردن لەناوەوەی مرۆڤی کورددا، هەر شتێك بڵێین دیسانەوە دەچینە سەر ئەو پرانسیپانەی دیاریکران و لەزۆر شوێنی جیهانداو لەلایەن دەزگای تایبەتەوە بەکۆمەڵکوژیی و جینۆساید دەکرێنە پردی پەڕینەوە لەیادەوەرییەکی تاڵەوە بۆ ئاستێکی تر، کە دەرفەتی ئەوە دەدات باس لەلێبووردن بکرێت.

گرفتی ئەنفال وەك تاوانێك دژی مرۆڤایەتی لەوەدایە تا تاوانبارەکان بەکارێکی رەوایانزانی بەو شێوە" بەربەرییە" مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردو بگرە بەمافی خۆیان دەزانی خەڵك لەماف داماڵن. لەبەر ئەم خاڵە قوربانیی نازانێت کێ ببورێت لەکێ خۆش بێت، بەعس و کۆمەڵگا وێناکراوەکەی کە لەئاستێکی ئایدیۆلۆژییەوە گەیشتە ئاستێکی واقیعی و لەڕۆتیندا توایەوە، خۆی گلانە زەلکاوی " مەززەبی " یەوە، دەسەڵاتی نوێی عێراق بەهەمانشێوە لەهەمان زەلکاودایەو قوربانییەکان لەدۆخی قوربانی بوون و ناسنامەکەیدا نەهاتونەتە دەرەوە. ئیتر چۆن باسی کەلتوری لێبوردن بکەین؟ گرفتێکی تری مەسەلەکە لەوەدایە کەعەرەب و ژینگەی عەرەبی وەك چۆن بەدووای

بەئەفسانەكردنی " هۆلۆكۆست" دا دەگەڕێن، ئاوەهاش و زیاتریش بەدرۆخستنەوەی ئەنفالدا دەگەڕێن و دالدەی تاوانبارەكانی بەعس دەدەن. بۆیە لەهەندێ ناوەندی " شیعە مەززەب" زیاتر تێبینی ناوەندی تری عەرەبی ناكرێت كەئەنفال بەلایەوە راستییەك بێت.

كەلتوری لێبوردن لەكاتێكدا پێناسەدەكرێت و جێگای لەكارەساتی ئەنفالدا دەبێتەوە، كە تاوانبارەكان دان بەتاوانەكەدا بنێن، هەروەها لەدادگادا ببینرێن بەهەر شێوەیەكیشبێت، تەنانەت ئەگەر لەهەر ولاتێكیشەوەبێت بڕفێنرێن و بەدیلكراوی بدرێنە دادگا، وەك چۆن ئیسرائیلییەكان " ئایخمانت " ی نازییان لەئەرجەنتینەوە هێنایە بەردەم دادگا.

لەئاستی ناوخۆیی كوردستاندا بەشێكی زۆر لەتاوانبارەكان چوونە ناو دەسەلاتەوەو پێش راپەڕینی ١٩٩١ " بەرەی كوردستانی" بەبەیانێكی لێبوردن لەتاوانەكانیان رزگاركردن. زۆریشیان لەدووای ٢٠٠٣ چوونە دەەوەی كوردستان. هەڵبەتە لەهیچ كاتێكدا داوای تۆڵەكردنەوە لەو تاوانبارانە ناكرێت، دادگایی نەكردنیان لەژێر هەر بیانویەكدابێت كارێكە هەرگیز نابێتە مایەی خەمڕەواندنەوەی قوربانییەكان و لەهەموو حاڵێكیشدا نابێتە هۆی جێگۆڕكێی نێوان رق و كینە و كەلتوری لێبوردن.

پەژارەی قوربانییەكان هەر لەچركەساتی دەستپێكردنی تاوانەكەوە تا ئەو كاتەی داوای لێدەكرێت لەجەللادەكانیان خۆشبن، بەشێكە لەو كەلتوری لێبوردنە وا باسی لێوەدەكرێت، چونكە لەهەموو كاتێكدا ئامادەگی تەواوی لەنێوان قوربانی و جەللاددا هەبوو، بەڵكو پەیوەندییەكانی نێوانیانی لەئاستێكەوە بەرەو ئاستێكی تر دەبرد و وەك كەسی سێیەم دەردەكەوت. ئەمە با ئاسانی و بەبێ كاری تیۆری لەبەسەرهاتەكانی رزگاربووانی ئەنفالدا بەرچاو دەكەوێت.

ئەم پەژارەیە بەشێك نییە لەهەموو كۆمەڵگای كوردی و بەشێوەیەكی بەرچاو لەناو كۆمەڵگای ئەنفالكراودا رەچاودەكرێت. هەڵبەتە مەبەست لێرەدا تەنها لەپەژارەی تۆپزاوا و دووبز و قۆرەتوو و نوگرەسەلمان و شوێنەكانی تر نییە، بەڵكو ئەوەی ناو ئۆرودوگاكان و كۆمەڵگای بێوەژنەكان و منداڵە بێنەواكان و ئەو واقیعەی ئەنفال لەدووای خۆیەوە بەجێیهێشت. دەتوانین بڵێین قوربانییەكان لەساڵی ١٩٩١ ئاگایان لەوە نەبوو كە زۆرێك

لەجـەللادە کوردەکانیـان (جاشـەکان) کەوتنــە بـەر بڕیـاری لێبـووردن. بـەم مانایـەش لێبوردنەکە بەسەریاندا سەپێنرا بەبێ تێگەیشتن لەماناو ڕەهەندەکانی.

کێ لەئەنفالەوە دەست پێدەکات؟

حەمـە کاکـەڕەش:**ئایا ئـەدەبی کـوردی بـە تەعریفـە جیاوازەکانی ئێـوەوە بـۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوەدا لەئەنفال؟**

خالد سلێمان :پێش هەموو شتێك پێویستە ئاماژە بۆ ئـەوە بکـەین کەئێمـە تـا ئێـستا ئـەنفال لـەدورەوە دەبیـنین و نەچـووینەتە نـاو وردەکارییەکانییـەوە، هـەروەها لایەنـە شاراوەکانی تاوانەکەوە. هەر کارێکیش بەبێ وردەکارییـەکانی ئـەنفال ئەگـەر ئـەدەبیبێت یان فیکری و کەلتوری ئامـانجی زیندووکردنـەوە ناپێکێـت. دیـارە هۆکـاری زەمـەن ڕۆڵـی خۆی لەم بوارەدا هەیە و لەوانەیە باشترین دەقی ئەدەبی دوای نیوسەدەو لەسەر دەسـتی نەوەیەکی تری ئەدەبی کوردی دەرکەوێت نەك ئێستا.

بەڵام ئەوەی دەمەوێت تەئکیدی لەسـەر بکـەم زیـاتر لەنەناسـینی کۆمـەڵگای ئەنفالـدا دەردەکەوێت و زاڵبوونی خەیاڵ بەسـەر دەقـی کوردیـدا، دیارنـەبوونی شـوێن و زەمـەن و کاراکتەریزەنـەکردنی توخمـەکانی جینۆسـاید لـەکاری فیکـر و داهێنانـدا. بـەڕای نووسـین لەسەر سەدام حسێن و چوونە نـاو بیـۆگراف ژیانییـەوە کارێکـە بـۆ ئـەنفال دەگەڕێتـەوەو گــەڕان بــەدووای ئــەو دونیایــەی کوشــتنی تیــادا وەك ناســنامەیەکی تۆتــاڵ ناســرا. کەرەســتەکانی ئــەو ناســنامەیە کەخــەڵکی کوردســـتان بـــوون، بەشـێکی زۆر لێیـــان وردەکارییــەکانی ئـەو کوشـتنەیان لایـەو ئێـستا لـەئۆردوگاو شـوێنە لـەبیرکراوەکانی کوردستاندا دەژین. ئەوانـەی وا لەنوگرەسـەلمان و گۆپتەپـەو دووبـزو قۆرەتـوو و تکریـت گەڕانەوە، بەشێك لێیان دونیایان بەجیهێـشت و ئـەو کەسـە کەمانـەش مـاون زۆر نـاژین و تەمەنیان لەکۆتاییەکاندایە.

چیرۆك و بەسەرهاتی ئەو قوربانییـە زیندووانـە کەرەسـتەی ناساندنەوەی ئـەنفالن بـە کۆمەڵگای کوردی و وردبوونەوە لێیان دەبێتە بنچینەی کـاری ئـەدەبی و فیکـری گـەورە. کاری ئەفراندن و خەیاڵی ئەدەبی لەسـەر ئـەنفال لەوانەیـە لـەیادەوەری کوردیـدا جێگـای

بێتەوە، لەدەرەوەی خەیاڵی کوردیدا کاری دۆکیومێنت و مێژووی زارەکی و کەرەستەو بەجێماوەی قوربانییەکان جێگای لێوردبوونەوەو کارکردنن.

ئەگەر بە شێوەیەکی تر قسە لەسەر ئەنفال و ناساندنی بەدونیا بکەین، پێموایە پێویستە لەسەرمان باس لەکۆمەڵێ خاڵی زۆر پراتیکانە بکەین کەتائێستا لەکوردستاندا بوونیان نییە.

جگە لەمۆزەخانەیەکی نیشتیمانی و مۆنۆمێنتیکی شیاو بۆ تراژیدیاکە، ئەبێ دامەزراوەیەکی نیشتیمانی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەی لەسەری نووسراون و بەبەرهەم هاتوون و هەروەها ئەرشیفکردن و تۆمارکردنی ئەو شتانەی بە زارەکی ماونەتەوە. لەسیاقی هەر پرۆژەیەکی ئاوەهاشدا دەبێت لیژنەیەکی وەرگێڕان هەبێت بۆ وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە فیکریی و ئەدەبی و دۆکیومێنتانەی لەبەردەستدان بۆ زمانەکانی دونیا.

لێرەوە دەتوانین لەئەنفالەوە دەستپێبکەین و بیخەینە ناو سیاقی کارکردنێکی وەهاوە، بتوانین لەڕێگایەوە باس لەناساندنی بە جیهان بکەین.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم ئەنفال تراژیدیایەکە پێویستی بەدووبارەکردنەوەی بە"هەواڵ" هەیە. دەبێت ئێمە توانای دروست کردنی هەواڵێکی نوێمان لەسەر هەموو ئاستەکانی کارەساتەکە هەبێت، هەواڵێك ڕووداوەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بەرچاوی دونیا. ئایا ئەمە دەکرێ و کەی ، ئێ ، چۆن؟

# دیدار لەگەڵ:

# مارف عومەر گوڵ



**● لەهیچ زەمانێکی ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا وەکو ئێستا زۆرو بۆر نەبووە، بەرهەمی لاوازو مردوو زۆرن.**

**● من لەگوند سەرتاپام غەرق بوو لەخۆشەویستی ژیان.**

**● شیعر بۆ من بووە چەکی بەرەنگارییو داکۆکیکردن لەبوونو لێکدانەوەی رۆژانەم.**

## سازدانی: بەیان محەمەد عەبدوڵڵا

سروشتی جوانی هەشەزینی رێنیشاندەر بووە بۆ دەستگرتنی مارف عومەر گوڵ، یەکەم قوتابخانەش بووە بۆ ناسینی پیتە کوردییەکان، ئەویش لەسەر دەستی باوکیدا دروستبووە کە بێتە ناو دنیای ئەدەب و هونەر، هەروەها زوڵمو زۆری داگیرکەرانیش گیانی تورەیی و یاخیبوونیان کردووە بەبەردا، لەبن سێبەری چیا سەرکەشەکانی

کوردستان لەناو گرۆتینی شۆڕشدا نازناوی ( دلاوەر مەحمود) بوو بەپێناسەی نووسینەکانی شاخی.

ئەم چاوپێکەوتنە پەردە لادانێکە بۆ خستنەڕووی ژیانی پڕ لەهەڵبەزو دابەزی شاعیرو نووسەر (د.مارف عمر گوڵ)، کەسایەتییەکی ناسراو و هێمنو لەسەرخۆی نەتەوەکەمان، سروشت و جوانیی فۆلکلۆری گوندەکەیان ملوانکەیەکی جوانن بۆ رازاندنەوەی ئەدەبیاتی (گوڵ)و لەڕوانگەیەوە ئاسۆی بیریان فراوانکردووە.

پێمباشبوو بەم پرسیارە کلیلی پرسیارەکانی تر بخەمە سەرپشت.

**بەڕێزتان تائێستا ژیاننامەی خۆتان نەنووسیوە، لەکوێ وساڵی چەند لەدایکبوویت، حەزیشدەکەم باسی چەکەرەی خۆشەویستی خۆتم بۆ بکەیت، لەکوێ بوو؟ لەگونددا بوو یان لەشاردا؟ ئەگەر لەگونددا بوو جیاوازی خۆشەویستی لەگوندو شاردا چییە؟**

—ئاسان نییە بەوردیی باسی ژیانی خۆت بکەی، پێموایە هەرچەند وردەکار بم ناتوانم بەجوانیی گوزارشت لەو ژیانە بکەم کە منی گەیاندووەتە رۆژگاری ئەمڕۆ. خۆزگە بمتوانیایە بەزمانێکی رەوانو بەدەربڕینێکی هونەریی باسی رابردووی ژیانی خۆم بکردایە. من لەبنەماڵەیەکی ئاینیی لەدێی (هەشەزینی) سەر بەناحیەی (سەنگاو) لەدایکبووم.



لەتیف هەڵمەت سەعدوڵلا پەرۆش مارف عومەر گوڵ

لەناسنامەکەمدا نووسراوە (١٩٥٦/٧/١)، بەڵام لەڕاستیدا وەکو باوکم بۆی باسکردووم پێش ئەو مێژووە لەدایکبووم. لە(هەشەزینی) وەکو دەگێڕنەوە من منداڵ بووم کە دایکم مردووە. خۆشم نەهیچ شێوەو سیمایەکی ئەوم لەخەیاڵدایەو نەهیچ شتێکیشم لەبیرەو

نەئـەویش وێنـەی هەیـە، کەواتـە مـن لەقۆناغێکدا بـووم زۆر منـداڵ بوومـە. هـەر لـەلادێ چوومەتە قوتابخانەو لەهەشەزینی فێـری خوێنـدەواریی بـووم. پاشـتر لەکـەرکوك درێـژەم بەخوێندنەکەم داوە.

وەکـو وتم، مـن لەبنەماڵەیـەکی ئـاینیی بـووم. بنەماڵـەی شـێخ عـارف هەشـەزینی کـە دەکاتە باپیرە گەورەی من لەهەشەزینییەوە سەری هەڵداوە. ژیانی ئاسایی دەشتو دەرو ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەوێـت، سـەرەتاکانی هەسـتکردنو فێربـوونو یـادەوەریی مـنن. تائێستاش سروشت جوانترین دیمەنە لەبەرچاوم، بەڵام داخی گرانم دێهاتەکانی کوردستان کەیف و سەفای جارانیان نـەماوە، ئـەو پێشکەوتنە زۆرەشیان بەخۆیانـەوە نـەدیوە کـە بەدونیادا بڵاوبووەتەوە.

ژیـانی سـادەی لادێ، لەهـەموو بوارەکانـدا یەکـەم قوتابخانـەی مـن بـووە، پاشـتر لەکەرکوك ژیاوم و خوێندنی سەرەتاییو ئامادەییم تەواوکردووە.

دوو جۆر خۆشەویستی هەیـە: یەکـەمیان خۆشەویـستی ژیـانو پێکهاتـەکانی، ئـەویتر: خۆشەویستی ئافرەت. من لەگوند سەرتاپام غـەرق بـوو لەخۆشەویـستی ژیـان، سروشـت، فۆلکلۆر، خەلەو خەرمان، چەمو رووبار، بەفر، باران، گۆرانی.

دیمەنـە سەرنجڕاکێـشەکانی بـەهاران، بـەڵام هـیچ خۆشەویـستییەکەم نییـە لـەلادێ پەیوەندیی بەئافرەتەوە هەبێت. تەنیا ئەوەندە نەبێت وەکو چۆن عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر وەسفی لادێ دەکاتو دەڵێت:

بەردەرگاکەتان( قوبـان) مونتـەزری جلیـوەی ئـەهلی نیـازە. لـەوە بترازێت کەسـێکی دیاریکراو لەیادەوەریمدا نییە لەلادێ.

بـەڵام لەشـار، منـیش وەکـو هـەزارانی تـر تێکـەڵی ژیـانی جیـاواز بـووم، لەهـەرەتی هەرزەکاریمدا منیش بەو قۆناغە هەستیارەدا تێپەڕیوم، ئەگەر بەلێکدانەوەی کـاتی خـۆی قـسەی لەسـەر بکـەیت، ئـەوە بەشـێکە لـەژیانی هـەرزەکاریی، یـان مـرۆڤ بەشـێوەیەکی گشتیی. برینەکانی کاتی خۆی زۆر دەمێکە قەتماغەیان بەستووە، با دەسـتیان لێنـەدەین باشترە.

بێگومانیش جیاوازیی نێوان خۆشەویستی لـەلادێو خۆشەویـستی لەشـاردا زۆرە. ئـەو سـادەو سـاکارییو خەیاڵـەی لەگونـدو دەشـتو دەر لای مـرۆڤ دروسـتدەبێت، لەشـاردا

بەجۆرێکی دیکەیە، لەگوند سروشت بەئاوەدانییەکی کەمەوە. لەشاریشدا قەرەباڵغیو تێکچڕژانی مرۆڤ و گرفتەکانی، دوو ئاستی ژیانو دوو ئاستی بیرکردنەوەی جیاواز دروستدەکەن.

**سەرەتا لەشانۆوە دەستان پێکرد، وەکو هاوڕێیەکت دەڵێت لەبواری شانۆدا سەرکەوتوو بوویت، چی وایلێکردی بەرەو شیعر بێیت؟**

بەڵێ، سەرەتا لەکەرکوك بەشانۆ دەستمپێکرد، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر کەم لەو بوارەدا کارم کرد، ناتوانم بڵێم سەرکەوتوو بووم، بەڵام یەکەمجار کە بەرامبەر جەماوەر راوەستام لەشانۆدا بوو. ئەویش بەدەوری (کۆمبارس) لەشانۆگەری (گڵکۆی تازەی لەیل). لە دەرهێنانی (مەهدی ئومێد) بوو.

سەرەتا زۆر حەزم لەگۆرانی دەکرد، ئێستاش بەبێ گۆرانی ناحەوێمەوە، زۆر پەست دەبم کە گۆرانییەکی خراپو سەقەتم گوێ لێدەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر گۆرانییەکی چاك، لەلایەن نا هونەرمەندێکەوە بووترێت.

لەسەرەتای حەفتاکاندا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی باش لەکەرکوك هەبوو، من لەچەند کارێکی شانۆییو هونەریدا بەشداریمکردووە وەکو:

١-شانۆگەری گڵکۆی تازەی لەیل.

٢-شانۆگەری کەبابخانەکەی خولە شەل، لەنووسینو دەرهێنانی(جەمیل جێماو). لەم شانۆگەرییەدا رۆڵێکی دیارم هەبوو.

٣-ئۆپەرێتی شەهید. ئامادەکردنو دەرهێنانی (مەهدی ئومێد).

٤- ئۆپەرێتی زێڕی رەش. نوسین و دەرهێنانی ( مەهدی ئومێد).

٥-چەند کارێکی شانۆیی تر.

پاش ئەوانە، خوومدایە نووسینو کاری رۆژنامەوانی، لەرۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا (هاوکاری و برایەتی)، بەردەوام نووسینو رێپۆرتاجو بابەتی جۆراو جۆرم بڵاودەکردەوە، بەڵام بەردەوام خوێندەوارێکی باشی شیعری کوردی بووم. تاکو گەیشتمە قۆناغی زانکۆو ساڵی (١٩٧٧) لەکۆلێجی یاسای زانکۆی بەغدا وەرگیرام. ئیتر دەستمکرد بەبڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانەی کە دەمنووسین. تا وام لێهات شیعر بوو بەدیارترین کاری رۆژانەم. جاری وا هەبووە شەوی تاقیکردنەوە من خەریکی شیعر نووسین بووم.

بەرهەمــەکانی ئــەو ســاڵانەم، لەکۆمەڵــە شــیعری (هێلانــەی نــوغرۆ)دا ســاڵی (١٩٨٤) بڵاوکراونەتەوە. هەر لەو سەردەمەدا هەندێك شیعری ترم هەبوون، کە لەڕووی سیاسییەوە ڕێگــەی بڵاوکردنــەوەیان نــەدەدرا، بۆیــە بــەناوی (دلاوەر مــەحمود)ەوە هەنــدێکیانم لەبڵاوکراوەکانی ناو شۆڕشدا بڵاوکردەوە.

شیعر بۆ من بووە چەکی بەرەنگاریی‌و داکۆکیکردن لـەبوون‌و لێکدانـەوەی ڕۆژانـەم. هەم گوزارشت بوو لەناخی خۆم، هەم بەگژداچوونەوەی واقیعێکی سیاسـیی‌و کۆمەڵایـەتی سەخت. لەو سەردەمانەشدا ڕژێمی بەعس لەچڵەپۆپەی تاوانەکانیدا بوو بەرامبەر بەکورد. نابێت ئەوەم لەبیربچێت، لەبەرئـەوەی لەکـەرکوك ئێمـەی کـورد لـەدۆخێکی سیاسـی زۆر سـەختدا دەژیـاین، بەگژداچـوونەوەی ڕژێـم بەشـێك بـوو لـەژیانمان، ئەگـەر نـەڵێم هـەموو ژیانمانی داگیرکردبوو.

**لەســاڵانی هەشــتاکاندا کەوتیتــە زیندانــە تاریکــەکانی ڕژێمــی فاشیــستی بەغداوە، ئازاری بەندیخانەو تەنیایی و نامۆیی دەرونیی لەزینداناو لەبواری شیعردا چی پێبەخشیت؟**

سـاڵی (١٩٨٢) خوێنـدکاری پـۆلی چـوارەمی کـۆلێجی یاسـا بـووم لـەزانکۆی بەغـدا، ڕۆژێکیان چەند کەسێك هاتنە بەشی نـاوخۆیی‌و بـۆ مـن دەگـەڕان، هاتنـە ژوورەکەمـەوە، یەکسەر زانیـم پیـاوانی ئـەمنی ڕژێمـی بەعـسن، دوای هەنـدێك قـسەکردن، دۆڵابەکـەمیان پشکنی‌و دەفتەری شیعرەکانمیان دەرهێناو منیان بـردو هـەر لەبـەردەم بەشـی ناخۆییـدا سواری قەمەرەیەکی ( جی ئـێڵ)یـان کـردم، لـەناو ئوتۆمبێلەکـەدا یەکسەر کەلەبـچەیان کردە دەستم‌و تا (ئەمنی عامە) نەوەستان، ئیتر لەوێ هـەر لـەماوەی چـەند دەقیقەیەکدا رووتیانکردمەوەو چاویان بەستم‌و کەوتنـە لێدان‌و فەللاقـە کـردنم، پـاش ماوەیـەکی کـەم لەئازاردان‌و هەڵواسین‌و بە کێبڵ کوتان، من بووم بە مرۆڤێکی دیل‌و پەککەوتە. ئەم بەزمە ڕۆژانەو شەوانە چەند بارە دەبوونەوە.

نامـەوێت وردەکارییـەکانی لێکۆڵینـەوەو قـسەکانیان بـاس بکـەم، بـەڵام ئـەو زیندانـە دۆزەخێکی ترسناك بوو.

یەکێك لەو شـتانەی سـەبوریم پێیـدەهات لـەناخی خۆمـدا زیـاتر وورەی پێدەبەخـشیم‌و خـۆڕاگری دەکردم،کـە بـیرم دەکـردەوە لـەو حاڵەتـە نائاسـاییەدا بەخـەیاڵ مـن بـیرم

لـەدەرەوەی زینـدان بـوو. ماوەیـەکی کـەم پـێش زینـدانیکردنم کتێبـەکانی (د. نـوری جەعفەر)م خوێندبووەوە لەسـەر (بـافلوف)، بەتایبـەتی کتـێبی (طبیعـة الانـسان في ضـوء فـسلجة بـافلوف)، هـەروەها کتـێبی (الـسجن، المـراه، الحیـاه) کـە لەسـەر ژیـانی (نـازم حیکمـەت) نووسـرابوو، ئـەو کتێبانـە منیـان کردبـوو بـەمرۆڤێکی تـر، مرۆڤێکی خـۆڕاگرو بەورەو نـەڕووخاو، لـەڕۆژە سـەختەکانی زینداندا بـەردەوام بـیرم لەشـیعرێك دەکـردەوە، لەبەرئەوەی نەك هەر قەڵەم، کاغەزیشم پێنەبوو، بەڵکو بەردەوام دەستم لەکەلەبچەدا بوو چاویشم بەسترابوو، لەبیرکردنەوەی خۆمدا شـیعرێکی درێـژم داڕشـت، تـەواوی شـیعرەکە بەناوی (لاپەڕەیەك لەپەیامی زیندانییەك) لەبیرمدا داڕێژرا، بەڵام دوای ئەوەی کە لەزیندان دەرچـووم ، لەماڵـەوە هـەر لەسـەر هـەمان بیرکردنـەوەی ئەوسـام دەسـتمدایە قەڵـەمو شـیعرەکەم نووسـییەوە، هەنـدێك داڕشـتنو وێنـەو بیرۆکـەی جیـاواز بـوون لـەوەی کـە لەزینداندا لەخەیاڵمدا بوو، بەڵام شیعرێکی سەرکەوتووی لێدەرچوو، هەروەها دواتر چـەند شیعرێکی تریشم نووسی کە لەناو شۆڕشدا بڵاوکرانەوە، تەنیا شـیعرێکیان نـەبێت بـەناوی (هاوار)، لەیەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کورد لەبەغدا بڵاوکرایەوە.

زیندانو ئازارەکانی، بـۆ مـن لـەڕووی تەندروسـتییەوە زۆر سـەخت بـوو، کـە زیـانێکی جەستەیی زۆری پێگەیاندم، هەتاکو ئێستاش پێمەوە دیارە، بەڵام لەڕووی مەعنەوییـەوە، ورەو خۆڕاگرتنی منی بەهێزتر کرد، ئەو رۆژە سەختانە چەند شیعرێکیان پێبەخشیم:

- لاپەڕەیەك لەپەیامی زیندانییەك.
- هاوار.
- گەلە گورگ.
- پێیان وتم باسی زیندان نەدرکێنم.

چەند دێڕێکی ئەم شیعرە، شاعیرو هونەرمەنـد محەمـەد سـاڵح دیلانـی رەحمـەتی، بـە مەقامێکی جوان وتوویەتی، لەم دواییانەدا دۆزراوەتەوە.

ئەم شیعرانە کاتی خۆی لەئەدەبیاتی شۆڕش و لەکۆمەڵە شیعری (خۆری زیندان)یشدا بڵاوکراونەتەوە.

هەمیشە لەزینداندا بیرم لەو شیعرەی گۆران دەکـردەوە کـە دەڵێـت ( مـن ئـەو دیلـەم لەزیندانی تاریکا.....).

**دەتوانیت بەجۆرێک لەجۆرەکان باسی ژیانی بەندیخانە بکەیت و ئەوەمان پێبلێیت تا چەند شارەزای دەروونی ئەو کەسانە بوویت کە لەگەڵیاندا بەندکرابوویت؟**

ژیانی بەندیخانە وەکو وتم دوو لایەنی بۆ من هەبوو، لەڕووی جەستەوە زۆر ئازارم چەشت، بەڵام لەڕووی مەعنەوییەوە بەهێزتری کردم.

وردەکارییەکانی ناو زیندان خۆش و ناخۆشن. هەمیشە لایەنی دەروونیی مرۆڤ رەنگدانەوەی واقیعی سەختی ناو زیندان بووە. هەموو ئەو رۆژانەی لەزینداندا بووم چاوم بەسترا بوو، دەستیشم لەکەلەبچەدا بوو، لەبیرم ناچێتەوە بەدزییەوە سەیری کەلەبچەکەم دەکرد لێی نوسرابوو. (Made in British) واتە: دروستکراوی بەریتانیا.

ئەو کەسانەی لەزینداندا بوون، بەچاو هیچیانم نەدی. تەنیا بەدەنگو لەکاتی لێدانو ئازارداندا گوێمان لەدەنگی یەکتر دەبوو، یەکێك لەوانە کاك (ئاراس محەمەد غەریب)، ئەو کاتە خوێندکار بوو لەزانکۆی (مستنصریە)، ئاگامان لەیەکتر بوو تەنیا بەدەنگ، بەڵام بیست ساڵ دوای زیندان یەکتریمان دۆزییەوەو هەردووکمان ئێستا لەسلێمانین.

حاڵەتێکی تر کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، کابرایەکی کوردی دێهاتەکانی سەر سنووری ئێرانیان هێنابوو، بەدەنگیدا لەپیاوێکی بەتەمەن دەچوو، لەکاتی لێداندا هاواری دەکردو دەیوت، (ئاوایی هاوار، عەشرەت هاوار) سەرباری خەمو ئازاری خۆم، هاواری ئەو کابرایە زۆر کاری تێکردم، ئیتر هاوارەکانی ئەو لەشیعرەکەی مندا بەناوی (لاپەڕەیەك لەپەیامی زیندانییەك) بەم دوو دێڕە رەنگیداوەتەوە.

(عەشرەت هاوارە، گەلۆ هاوارە، کێ فریادڕەسی ئێشو ئازارە).

لەڕاستیدا، خوێندنەوەی لایەنی دەروونیی ئەوانەی لەزینداندا بوون شێوازی جیاجیای هەبوو، کەسانی ماڵوێرانو بێ ورە، کە بەیەکەم زللە ناوی چەندین هاوڕێو ئاشنای خۆیان دەوتو دەیانهێنان بۆ زیندان، کەسانی وایشی تێدابوون ، سەر سەختو خۆڕاگر بوون.

کوڕێکی عەرەبیان هێنابوو، ماوەیەك لەو ژێرزەمینەدا بەستبوویانەوە کە منی تێدا بەکەلەبچە بەدیوارەوە بەسترابوومەوە. ئەو کوڕە زۆر تێکچوو بوو، لەبەر خۆیەوە هەر قسەی دەکرد، بەردەوام باسی سەیرانو گاڵتەو قسەی خۆیی‌و هاوڕێکانی دەکرد لەزانکۆو

بازاڕو بەشی ناوخۆیی، بەردەوام ئەو شتانەی دەوتەوە کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا چۆن هەڵسوکەوتی دەکرد.

نامەوێت لێرەدا زیاتر باسی زیندان بکەم، ئەم قسانە هەڵدەگرم بۆ فرسەتێکی تر.

**بۆچی گۆڤاری نێرگز کە لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیری کەرکوکدا دەرتاندەکرد، دوای دوو ژمارە ئیتر جوانەمەرگ بوو؟**

گۆڤاری نێرگز، بەبیرۆکەو هەوڵی من دامەزرا، بەڵام نووسەرانی ئەو سەردەمەی کەرکوك بەگەرمی کاریان دەکردو بگرە ئەرکەکەیان خستبووە ئەستۆی خۆیان، من خۆم بۆیە ناوم نا (نێرگز) دەمزانی هەروەکو نێرگز تەمەنی کەم دەبێت، لەبەر باری ئابووریی‌و سیاسیی، بەتایبەتیش من خۆم لەشاردا نەمام، چونکە ئەو دوو ژمارەیەی کە دەرچوو داینەمۆی کارەکە خۆم بووم، بەڵام برادەران کاك زاهیر رۆژ بەیانی‌و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدو عەبدوڵڵا سەراجی چیرۆکنووس بەپارەو کارکردن زۆر ماندو بوون لەگەڵیدا، ژمارەی سێیەمیش ئامادەکرا، بەڵام نەتوانرا چاپ بکرێت. مەبەستی سەرەکی من لەگۆڤاری نێرگز بەگژداچوونەوەی رژێمی بەعس بوو لەکەرکوك، کە لەو سەردەمەدا تەحەدای راگەیاندنی بەعس بکەین‌و بڵێین مادام وشەی کوردی لەکەرکوك هەیە، کەواتە کوردی لێ هەیە، بەتایبەتیش هەوڵماندەدا ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرانەوە بەمەبەست دەمانووسین، ئەو قەڵەمانە خەڵکی کەرکوك بوون، ئەویش بەمەبەستی سیاسیی. ئەو دوو ژمارەیەی نێرگز کاتی خۆی دەنگدانەوەی باشی هەبوو، من گۆمەکەم شڵەقاند.

**گۆڤاری قەندیل گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیریی جوانە کەلە شاخ دەردەچوو، وابزانم سێ ژمارەی لێ چاپکرا. بەڕێزتان سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بوون، دەکرێت باسی چاپکردنی ئەو گۆڤارەمان بۆ بکەن؟**

گۆڤاری قەندیل، یەکەم گۆڤاری کوردییە کە بەقەبارەی گیرفان دەرچووە، چوار ژمارەی لێدەرچوو، هەر چوار ژمارەکەی لەدەزگای راگەیاندنی شەهید (سەیدا ساڵح یوسفی) چاپکراوە، کە دەزگای راگەیاندنی حیزبی سۆسیالست بوو لەناو شۆڕشدا.

چەند مەبەستێکم هەبوو لەدەرکردنی ئەو گۆڤارەدا:

یەکەم: قەبارەکەی بچووك بێت، بۆئەوەی پێشمەرگە بتوانێت لەگیرفانیدا هەڵی بگرێت، دووەم، بۆئەوەی بەئاسانی بتوانین بیگەیەنین بەشارەکان، سێیەمیش یەکەمجار

بوو بەو قەبارەیە لەمێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا گۆڤارێك دەربچێت. ئەو گۆڤارەش بۆ سەردەمی خۆی ڕۆڵێکی باشی هەبوو.

**قەبارەی گۆڤاری قەندیل زۆر جوان و بچوکە کە بۆیە بەو شێوەیە چاپتان کردووە تاوەکو لەناو گیرفانی پێشمەرگەدا جێی بێتەوە، بۆ هاوکاریکردنی ئەو گۆڤارە کێ یارمەتیداویت؟**

دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی سۆسیالست هەموو ئەرکی چاپکردنی گۆڤارەکەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، من وەکو سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەوساش و ئێستاش ئەو هاوکاریی و پشتگیرییەم لەبەرچاوە.

**مامۆستا، باسی ڕووداو و بەسەرهاتی کاتی ڕووخاندنی گوندی کانی پانکەی پەرخیان بۆ گێڕامەوە، کە لەناو گۆڤاری قەندیلدا بڵاوکراوەتەوە، بەڕاستی زۆر سەرنجیڕاکێشام، ئەمە وایلێکردم لەنزیکەوە تۆ بناسم، تاکو جوانتر ئەم ڕووداوە ببیستم.**

لەڕاستیدا هەندێك هەواڵ هەبوون، من لەسەر زاری پێشمەرگە یان هاووڵاتییەوە کە خۆیان لەناو ڕووداوەکاندا ژیابوون، وەرمدەگرتن و لەقەندیلدا بڵاومدەکردنەوە، ئەو ڕووداوەش زۆر کاری لەمنیش کرد. ڕژێم گوندی (کانی پانکە) بەشۆفڵ وێراندەکات، جاشی کورد لەگەڵ شۆفەڵەکاندابوو، بەڵام دێڵە سەگێك کە بیچووەکانی لەناو یەکێك لەخانووەکاندا بوو، پەلاماری شۆفڵەکە دەدات. ئەمە ڕووداوێکە زۆر کاریگەرە، فلیمسازێکی زیرەکی دەوێت، لەگەڵ چەندین ڕووداوی تری لەو جۆرەدا پێشانی دونیای بدات. ڕووداوەکانی ژیانی ئێمە لەبن نایەن، هەزاران دیمەنی سەیرو سەرنجڕاکێشی تێدایە. هێشتا نەتوانراوە ئەو ڕۆژە سەختانە بەجوانیی تۆماربکرێن.

بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا (دۆو دۆشاو) تێکەڵبوون.

**ناوەڕۆکی نامەی دکتۆراکەت لەسەر جینۆسایدە. جینۆساید کاریگەرییەکی زۆر ناهەمواری بوو لەسەر نەتەوەی کورد، ئایا ئەو کاریگەرییە نالەبارە شیعرو ڕۆشنبیریشی گرتووەتەوە؟**

ساڵی (١٩٩٠) ماستەرنامەکەم لەسەر جینۆسایدی کورد بوو، ئەو سەردەمە ئاسان نەبوو قسە لەجینۆسایدی کورد بکرێت، یان هەر بەخەیاڵی هەموو کەسێکدا نەهاتبوو یان زەحمەت بوو بە بەڵگەوە ئیسپاتی بکەیت، بەتایبەتیش کارەکەی من یاسای نێو

دەوڵەتان بوو، پێویست بوو لەڕووی تیۆرییو پراکتیکەوە ئەو کارە بکەم. هەر لەو زانکۆیەی کە ماستەرنامەکەم تێدا پێشکەش کرد، لەسەرەتاوە پێیان دەوتم، چۆن جینۆساید لەعێراق هەیە؟ من پێم لێداگرتو لەکارەکەمدا سەرکەوتم، خۆشبەختانە، حەڤدە ساڵ دوای ئەوەی من وتومە جینۆساید بەرانبەر بەکورد کراوە، دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراقدا بەبڕیاری ڕەسمیی ئیسپاتی کرد. من ویژدانم زۆر ئارامە یەکەم کورد بووم دەستم بۆ ئەو کارە بردووە، بەڵام ئێستا بازاڕەکەی گەرمەو زۆر کەس لەسەری دەنووسن. من خۆم کاتی خۆی ئەو دەسپێشکەرییەم کرد، با دوای من هەوڵی زیاترو چاکتر بدرێت.



د.جاسمی جەلیلی      مارف عومەر گوڵ      ئاری کاکەیی

یەریڤان/پایتەختی ئەرمینیا ساڵی ١٩٩٠

لەڕاستیدا بۆ من ئاسان نەبوو لەسەر جینۆساید بنووسم، من لەشیعرو ئەدەبیاتەوە، لەدونیای خەیاڵو ڕۆمانەوە، لەواقیعی سەختی کوردستانەوە، پێم بەجەرگی خۆمدا ناو ڕێڕەوی ژیانی خۆمم گۆڕی، ئەوەش بەدەستی خۆم نەبوو، ئەو کارەساتەی بەسەر میللەتەکەمدا هات، منی تووشی رامانو سەرسوڕمان کرد، نەمتوانی بەوشەیەکیش باسی ئەو کارەساتانە بکەم، جینۆسایدم بەچاکترین بابەت زانیو ئێستاش شانازیی بەو هەوڵەمەوە دەکەمو پێوەی سەربەرزم.



کییف ـ کریشاتك ١٩٨٩/٥/٩

مـــانگی شەشـــی ســـاڵی (١٩٩٠) مـــن ماســـتەرەکەم لـــەزانکۆی کیـــیڤ لـــەئۆکرانیا پێــشکەشکرد، هـــەر مـــانگی شـــەش، بـــەڵام لەسـاڵی (٢٠٠٧) واتـــە حەڤـدە سـاڵ پاشـتر دادگا بڕیاری دەرکـرد کـە ئـەنفال جینۆسـاید بووە. ئەو بەرهەمە بە کوردی تا ئێستا چوار جار چاپکراوە.

بـەڵێ، کارەسـاتەکانی کـورد لەسـەرجەم بوارەکاندا رەنگیداوەتەوە، بـەباشو خـراپ. بەباش بەرهــەمێکی هونــەریی‌و رۆشــنبیریی‌و دۆستگەلێکی باش بـۆ کـورد دروسـت بـوون، بـــەڵام بـــەخراپ، ئاســـەواری بەســـەر ژیـــانی کــۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و دەروونیی هەزارانی خەڵکی کوردستانەوە جێهێشتووەو هەر دەمێنێت، بەتایبەتیش تاوەکو ئێستا نـەتوانراوە بەگوێرەی پێویست بەدەنگ ئەو جۆرە کەسانەوە بچن کە لەناخ‌و جەستەدا گیرۆدەبوون.

**هێلانــەی نــوغرۆ یەکــەم کۆمەڵــە هــۆنراوەی چــاپکراوتەو لــەکاتی خــۆی خوێنــەرانی شــیعر بەگــەرمی پێــشوازییان لێکــرد، ئێــستا ئەگــەر خــۆت بکــەین بەڕەخنەگر چی دەربارەی ئەو دیوانە دەڵێیت؟**

بەڵێ، هێلانەی نوغرۆ، یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەمە ساڵی ١٩٨٥ لەبەغدا چاپکراوە، ئـەو کاتە من لەڕژێم قاچـاخ بـووم، بـەڵام توانیمـان تـەگبیری بکـەین. سـەرجەم بەرهەمـەکانی جگەرگۆشەی منن، باش بن یان خراپ بەرهەمی ئەو سەردەمەن بایی ئەوەندە شـانازییان پێوەدەکەم کە لەسـەردەمی خۆیدا دەنگدانـەوەی باشـی هـەبوو، شـیعرەکانی (هێلانـەی نوغرۆ) تێکەڵبوون لەژیانی رۆمانسیی‌و سیاسیی‌و سروشـت‌و دۆخـی کۆمەڵایـەتی خۆمـان، هەتاکو ئێستا هەر شـتی باشـم لەبارەیـەوە بیـستووە، هـەر کەسـێکیش بیروڕایـەکی تـری هەبێت ئاساییە،لەو بارەیەوە با ئەم دوو دێڕە شیعرەی (نالی) وەبیر بێنمەوە :

(لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدەن مەعنایی خراپ

بێ خەتا کەس نییە رازی کە لەئەولادی درێ)

ئەگەر خۆم رەخنە گریم، هەندێك وشەو رستە نەبێت دەسکارییان دەکەم، ئەگەر نا ئەوانی تر وەکو خۆیان دەهێڵمەوە، چونکە رەنگدانەوەی ئەو سەردەمەی تواناو دەربڕینی خۆمن، لەڕووی زمانو وێنەو بیرۆکەوە، شانازییان پێوەدەکەم.

**بەڕای تۆ شیعری ئێستای کوردی لەچ ئاستێکدایە، ئەگەر رەخنەگربیت چۆن دەربارەی لایەنی هونەریی ئەو شیعرانە دەدوێیت و هەڵیدەسەنگێنیت؟**

ئێستا بوارێکی زۆر هەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەو ئەندازەیەی کە هەندێکجار بەمەبەستی پڕکردنەوەی لاپەڕە نووسین بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لەهیچ زەمانێکی ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا وەکو ئێستا (زۆرو بۆر) نەبووە. بەرهەمی لاوازو مردوو زۆرن، بەڵام بەرهەمی زیندووش هەن.

**بەمنداڵی یا هەرزەکاری، ئەو دەمەی حەزت لەشانۆو شیعر بوو کەرکوک چی بۆ گەیاندی و ئێستا چیت بۆ دەگەیەنێت؟**

من بە شانۆ دەستمپێکرد، تێکەڵی شیعر بووم، لەشیعریشەوە پەنام بۆ یاسای نێودەوڵەتی برد. بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەر بوارێکی کارکردندا بێت بەرهەمی سەرکەوتوو پێشکەش بکات. کەرکوك لەو سەردەمەدا بۆ من (قوتابخانە)ی بیروباوەڕم بوو، لەواقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتی ئەو شارەوە فێری کوردایەتی بووم. بەداخەوە ئێستا ئەو شارە زۆر شێواوە، ئەوەی بەعس بەو شارەی کرد زۆر سەخت بوو، بەڵام لەبیریشمان نەچێت ئەو شارە پیاوی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو رۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندی دیاری لێدروست بوو.

**گوڵ ناوە یان نازناوە؟**

گوڵ ناوی باپیرمەو لەناسنامەی خۆمو باوکمو باپیرمدا هەر نووسراوە گوڵ. خۆی لەناو خەڵکیدا ناوەکە ( سەید گوڵ)ە، بەڵام لەناسنامەدا تەنیا (گوڵ) نووسراوە.

**ئەگەر سەفەر بکەیت بۆ شوێنێک و ئەو شوێنە هەموو ئامێرەکانی سەفەری هەبێت حەز دەکەیت بەئۆتۆمبێل یا کەشتی یا فڕۆکە یا بەشەمەندەفەر سەفەر بکەیت؟**

فڕۆکە، سەرنجڕاکێشترین ئامرازی سەفەرو گواستنەوەیە، بەتایبەتی جیهانێکی جوانو سەرسوڕهێنەرت پیشاندەدات. فڕۆکەش دونیا بچووك دەکاتەوە، جوانترین دیمەن، ئەوەیە لەکاتی بەرزبوونەوەو نزمبونەوەی فڕۆکەدا چۆن خوارەوە دەبینیو بەناو هەورا نەوی دەبیتەوە. هێمنی شاعیر دەڵێت:

(لەسەر لوتکەی بڵندو بەرزی هەڵگورد

پەڵەی هەورم لەژێر پێمدا بەدی کرد).

لەناو فڕۆکەشدا دەکەویتە سەر هەورو دیمەنێکی سەرنجڕاکێشت بۆ دروستدەبێت.

**زۆر کەس لێرەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەچن بۆ ئەوروپا، بەپێچەوانەوە تۆ لەئەوروپاوە سەری خۆت هەڵگرت و گەڕایتەوە بۆ نیشتمان، ئەویٚ و ئێرە چۆن دەبینیت؟**

من لەکاتی خۆی بۆ خوێندن چوومە دەرەوەی وڵات، بەڵام ناچاربووم دوایی روو لەوڵاتێك بکەم تاوەکو بەڵگەنامەیەکم هەبێت بۆ هاتوچۆ. کە گەڕامەوە بۆ کوردستان سەردەمێکی سەخت بوو. ئێرە وڵاتی منە، خەڵکی ئێرە میللەتی منن، ئەوە ژیانو گوزەرانی میللەتەکەمە، لەو ئاستەدایە کە دەبینرێت، یان دەبێت پشت لەنیشتمانی خۆت بکەیت، یان تۆ نەوەی ئێرەیت. من لێرە دەحەوێمەوە، ڕەنگە خەڵکی تر هەبن، لێرە نەحەوێنەوە. ئیتر ئێرە بۆمن هێلانەیە، جا نوغرۆبێت یان ئاوەدان.

**لەگەڵ ئەوەدایت ئێمە بەقەڵەم بازی بێبەرنامە بدەین و لاسایی ئەوروپا بکەینەوە، بەونیازەی بگەینە ئاستی ئەوان؟**

پێشکەوتن دەبێت بەبەرنامەو پلان بێت، هەر کۆمەڵو وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر پلانو کارێك تایبەتمەندی سروشتو جوگرافیاو کۆمەڵی ئێرە لەبەر چاو نەگرێت خراپ دروستدەبێت.

**چۆن ژیانی زانکۆو بەرنامەی رۆشنبیریی خۆت پێکەوە گرێدەدەیت؟**

زانکۆو ژیانی رۆشنبیریی من تێکەڵ بوون، زانکۆ گەلێك شتی پێبەخشیم، بەڵام هەندێك شتیشی لێ زەوت کردم. پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ خەڵکیداو بەشێوازێکی زۆر فراوان، پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ کاری زانستییو خوێندنەوەی بابەتی ئەکادیمی، بەڵام زۆرجار بێبەریم دەکات، لەشانۆ، کۆنسێرت، پێشانگە، گەشت، ئەگەرچی ژیانی زانکۆ بۆ خۆی دەوڵەمەندە لەگەڵ گیروگرفتەکانی زانکۆکانی ئێمەدا، بەڵام بۆخۆی تاموچێژی تایبەتی هەیە. بەداخەوە ئێستا وەکو جاران ناتوانم زۆر بخوێنمەوە بەتایبەتی ئەدەبیات، ئەگەر نا لەبواری پسپۆڕییو کاری خۆمدا هەمیشە سەرقاڵم. هەر کە لەزانکۆ دەردەچم بەڕێکەوت نەبێت، نامەوێت باسی بکەم، حەزدەکەم شتێك بخوێنمەوە، بەڵام کە گەڕامەوە ناو زانکۆ، دەکەومەوە دونیایەکی پانو بەرین، پڕ لەکۆكو ناکۆك، پڕ لەگونجاوو نەگونجاو، پڕ لەجوانو ناشیرین، پڕ لەهونەرو بێ هونەر، پڕ لەباشو خراپ، بەڵام پەیوەندییەکی بێ کۆتایی لەگەڵ دەوروبەردا.

**جگە لەشیعر دەقی دی دەخوێنیتەوە؟**

بەڵێ، شیعریش دەخوێنمەوەو بەرهەمی تریش چیرۆك، رۆمان، لێکۆڵینەوە، مێژوو، یاسا، کۆمەڵایەتی، رۆژنامە، گۆڤار. ئیتر ئەوەی فریا بکەوم، بەڵێ گوێ لەگۆرانی دەگرم، لەخۆشیو ناخۆشیدا بەگۆرانی ئارام دەبمەوەو دەحەسێمەوە، پێموایە ئەوەی گوێ لەگۆرانی نەگرێت زۆر بەستەزمانە !

**رۆژێک لەڕۆژان چویتەتە پۆلەوە تووشی هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەر بوویت؟**

ژیان پڕە لەسەرسووڕمانو هەڵچوونو داچوون، پڕە لەبۆڵەو قسەی خۆش، پڕە لەتاریكو روون، منیش مرۆڤم. مرۆڤ رووبەڕووی هەڵوێستو رووداوی جۆراو جۆر دەبێتەوە، بەڵام سەیرترین دیمەن بەلای منەوە ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت درۆبکاتو

وابزانێت تۆ هەستی پێناکەیت، بە سەدان درۆم لەبەرامبەرەکانم قبوووڵ کردووەو هەر دەنگیشم نەکردووە. ئیتر دونیا سەیرە! بەڵام لەناخمدا پێوانەم کردووە.

**وەکو شاعیرێک و رۆشنبیرێک ئاستی قوتابیانی زانکۆ لەمڕۆدا چۆن دەبینیت؟**

قوتابیانی زانکۆ، وادەبینم نەوەی ئێستا لەڕابردوو دابڕاون، واش دەبینم نەوەی ئێستا هەمووشتێکی بەئامادەکراویی دەوێت، هیچ کەسێك خۆی بەبەرپرسیار نازانێت بەرامبەر بەهیچ. ئەمە بۆخۆی نیشانەی پاشاگەردانییە، بەڵام کەسانی وریاو زیرەکیش زۆرن لەناو نەوەی ئێستادا، ئەمەش یاسای ژیانو پێشکەوتنە.

**دەتوانیت خۆشترین و ناخۆشترین بەسەرهاتی شاخمان بۆ بگێڕیتەوە؟**

–ژیانی شاخ، خۆش و ناخۆش، هەر زۆرن نازانم چی بگێڕمەوە، بێ تاقەتیی زۆری تێدایە، بەڵام پیاوەتیو شەهامەتو سەربەرزیی زۆریشی تێدایە.

بۆ یەکەمجار لەبەفرێکی زۆردا بەکاروانێکی درێژ بەفرمان دەبڕی، جارێکیان خەریك بوو لەناو بەفرو زریاندا پەکم بکەوێتو بەرەو مردن بچم، بەڵام رزگارم بوو، ئیتر سروشتی جوان، قسەی خۆشی خەڵکی، بەڵام هەندێك جاریش کاری نابەجێ، ئەمانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە.

**بەتەما نیت کۆمەڵە هۆنراوەیەکی تر بە چاپ بگەیەنیت؟**

بەتەمام سەرجەمی شیعرەکانم چاپ بکەم، بەڵام پێویستم بەکەسێکی باش هەیە کارەکەم بۆ بکات خۆم سەرپەرشتی بکەم.

## بەتیرێک بمکوژە نەیبینم!

تۆ پەپولەی دەور تروسکەی تەمەنم بووی
دوێنێ لەجیهانێکی بێ سەرو سنوردا پێدەکەنیت
ئێستا بوویتە بە ئەستێرەیەک هەڵدێتو هەڵنایەی
دوێنێ چڵاو چڵ ئەم گەڵاو ئەو گەڵات دەکرد
ئێستا نەدڵێک ئاوەدان دەکەیتەوە
نە لەپەڕەی گوڵدا دەنووی
یا بمدەرە بەر ڕێژنە بارانێک،
نەهاتە ساڵی خۆزگەمی تیا پەڵە بدات
بە وشەیەک سەر زەنشتم کە نەیبیستم
یا بە تیرێک بمکوژە نەیبینم..........!

٢٠٠٤/٨/١ شیکاگۆ

# وەرگێڕان

**کەی و چۆن...**
**فەلسەفەو دەریام ناسی**
شێرزاد هەینی

**شەڕی ناوخۆ**
فاروق هۆمەر

**ئەوێ خۆرو...**
**ئێرەش تاریکی**
عەبدوللا مەحمود زەنگنە

**شەوی خۆشنووسان**
تۆفیق عەبدول

# کەی و چۆن...

# فەلسەفەو دەریام ناسی

**نوسینی: حنا مینه**

**و: شێرزاد هەینی**



حنا مینه

زارۆکێك لەدایکی پرسی:

دایە گیان بۆ ژنانی دەریاوانی بەردەوام چاویان بەفرمێسکە...؟؟

ئەویش لەوەڵامدا وتبووی:

چاوی ئەو ژنانە خوێی زۆری دەکەوتێ.

منیش کە لەدایکبووم ئەو ئاوە سوێرەم بەردەوام لەدەمدا بووە، خوێیەکەش خوێی ژان و ئەزموون و ئازاری روح و گیان بووە، کۆشش بوو بۆ دادی کۆمەڵایەتی و رزگاربوونی

مرۆڤایەتی لەجەورو ستەم. بۆیە مافی رەوای خۆمە پرسیارو رامان لەو دونیایە بکەم، بەئاوی گێژاو لەناو دەریا ناوبنرێم، بەخەبات لەدەریاو وشکایی چارەسەری مردن بکەم، وەك پاڵەوانی رۆمانی چارۆگەو گێژاو.

تەرۆسی وتویەتی:

ژیان بێراوەستان و بەبەردەوامی خەباتە لەدەریا یان لەوشکایی، ئەوەش یاسایەکە لەیاساکانی سروشت. پێش خوێندنەوەی کتێبەکانی تیوریی و فەلسەفی لەخەڵکی سادە فێری ئەو تیوریانە بووم، کە چوومە ناو دەریا هێشتا منالبووم، لەو ئاوەدا، پێش مەلەوانی فێربوون زۆر شتی فێرکردم. تکا دەکەم مەپرسن چۆن فەلسەفەو دەریات ناسی، ئەوەیان نهێنی و سەیرو سەمەرە، من لەتەمەنی دوازدە ساڵییەوە لەداستانی گەڕان بەدوای نانەوە دەستم پێکردبوو، من لەو رۆژەوە بەردم بۆ پەڵکە نانێ شێلاوە! پێش ٦٤ ساڵ قسەم لەگەڵ کاغەزکردبوو، پاشان بوومە نووسەری سکاڵانامەی ئاوایی، تەنیا کوڕی خوێندەوار بووم لەو زوڵکاوە، من خوێندەواریان بووم.

لەلێوای داگیرکراوی عەرەبی (ئەسکندرونە) چوومەتە بەرخوێندن، لەو شارەدا پیتی نووسینم ناسی. ئەو نامانەی بۆ خەڵکی ئاواییم دەنووسین، بەفرمێسك و ئەسرین تەڕدەبوون، ئەوانەی من دەمنووسین، یان بۆیانم دەخوێندنەوە لەهەموویان بۆنی برسییەتی و نەخۆشیی دەهات. بۆ ژنان یان بۆ پیاوان بوایە وەك یەك بوو، لەهەموویان ئاخ و ئۆفیان پێوەبوو. لەو تەمەنەوە هەستم بەبوونی یەکسانیی و دادپەروەریی و شادیی و لاچوونی ستەم لەسەر مرۆڤایەتی کرد. کە پۆلی شەشەمی سەرەتاییم تەواوکرد، لەبەر خوێندن دەرکرام، بوومە شاگردی پاسکیلچی. لەڕۆژی یەکی مایس وەستاکەم بەتاوانی هەڵواسینی ئاڵای سوورەوە گیرا، زووتر چاوی لەسەربوو، ئەو بەتەنیا لەگەڵ خوشکێکی دەژیا، جارێك لەماڵەکەی چەندین فستانی سووریی دوراو بەدەستی خوشکە دوورمانکەرەکەی گیرا. ئەو سەردەمە ئەو رەنگ و مۆدیلەزۆر باوبوو. وەستاکەم ناوی عەفیفە درێژبوو، پیاوێکی رووخۆش، گەنمڕەنگی درێژبوو، چەندی بڵێیت سادەبوو، جارجاریش ترش و تووڕەش دەبوو، کەسی لەئاهەنگێك نەیدیبوو، لەئەشکەوتەکانا بەشداری کۆبوونەوەکانی دەکرد، لەبەرئەوەی نەخوێندەواربوو، ئێواران بۆ خوێندنی

بەیاننامـەکان مـنی دەبـردەوە ماڵـەوەیان، لـەویێ یەکـەمجار وشـەی فەلـسەفەم بیـست.
بەوەستاکەمم وت، وشەی فەلسەفە مانای چییە....؟؟

وەستا پاسکیلچییەکەم وتی: ناسینی یاساکان...

ـ کام یاساکان..؟؟

ـ یاساکانی خۆرئاوا، ئەوانەی باس لەدونیاو مرۆڤ و دیرۆك و هـەژاری و دەوڵەمەنـدی.. دەکەن.

ـ لەکوێ دەفرۆشرێن..؟؟

ـ لەوڵاتانی دەرەوە.

ـ بۆ لەوڵاتانی ئێمەش نافرۆشرێ..!!

ـ چونکە قەدەغەن، بەزمانی فەرەنگی نووسراون..

ـ تۆ چۆن ئەوەت زانی..؟؟

ـ ئەوەیان نهێنییە، هێشتا تۆ بچووکی، لەنهێنیەکان مەپرسە! بەردەوام بوو و وتی:

ــ فەلـسەفە وەك دەریـا وایـە، بەرینـە، گەورەیـە، سەیروسـەمەرە، خوێنـدەوارەکان تێیدەگەن..

ـ کێ دروستیکردوون..؟؟

ـ پیاوێك دروستیکردوون، ناوەکەیم لەبیرنەماوە..

ـ بەدیداری ئەو پیاوە شادبوویت..؟؟

ـ ئەو پیاوە ئەلمانی بوو، پیاوێکی ریشداربوو، تەنیا وێنەی ئەوم دیبووە.

ـ ئەدی چۆن تۆ لەزمانەکەی گەیشتی..؟؟

ـ من لەزمانەکـەی ناگـەم، کوڕەکـەم زمـانی فەلـسەفە زەحمەتـە، تێگەیشتنی ئاسـان نییە، فەیلەسوف کەسێکی زانایە، کتێبی زۆری لەسەر ئەو جیهانە بەرینە خوێندووەتەوە، مێشك و کەللەی سەری ئەو گەورەیە جێگای زانستی زۆر دەبێتەوە، وەك دەریا وایە چۆن ئاوی زۆر دەگرێت، مێشکی ئەو فەیلەسوفانەش وا گەورەیە.

ئەو دەمە سەری ئەو فەیلەسەفانەم بە چیای گەورەو جەستەیان وەك کەڵەپیاوانی ناو داسـتانەکان دەشـوبهاند، بـیرم لـەوە دەکـردەوە ئـەو کەللەسـەرانە چـۆن جێگـای ئـەو

هەزارەها کتێبانە دەبێتەوە، ئای کە کەسانی گەورەو شکۆدارن، ئەوانە بێگومان وەك ئەو پیاوانەنین کە من رۆژانە هاموشۆیان دەکەم، ئەوانەی من دەیاننناسم.

عەبدە حوسنی ئەوەی لەرۆژانی شەڕی ناوخۆی لوبنان کوژرا، ئەوەی لەرۆمانی (بەفر لەپەنجەرەوە دێتە ژوورەوە) بە خەلیلی کرێکار ناوم هێناوە، بە جۆرێکی تر وێنەو شێوەی فەیلەسوف زۆرتر بۆ ئاشناو نزیککردمەوە، بە کوڕی خاوەن چاپخانە تاقانەکەی ئەسکندەرونەی ناوبرد، ئەوەی زۆری دەخوێندەوە، لەشەقامەکانی شاردا تەنیا دەسوڕایەوە، زۆر دادەماو بیری دەکردەوە. یەکەمجار کە وەفدێکی سیاسی لەساڵی ١٩٣٦ هاتە ئەو شارە، لەسینمای روکسی وتارێکی پێشکەشکرد، لەو رۆژەدا پاڵتۆ یەتیمەکەشم لەسەردانا لەناو ئاپوورەی ئامادەبووانداا بۆ بیستنی ناوەرۆکی دیدارەکە هاتبوون هەڵوەشا. لەو رۆژەوە رێزو پایەی کەسایەتی فەیلەسوفم لا گەورەتربوو، وێنەو ئاکاریان جوانترو باشتر لام بەرجەستەبوون. رۆژانە لاسایی کەسایەتی فەیلەسوفم دەکردەوە، شێوەی کەسی لاوازو قژئاڵۆزو نیگابڵاوم دەنوواند، باوەشم بەکتێبی گەورەی وەك کتێبی (الف لیلەو لیلە) قەرەباڵغ دەکرد، رۆژانە منداڵانە وەك کەسایەتی فەیلەسوف دەجوڵامەوە، بیری بوونە فەیلەسوفیم دەکردەوە، کە وەستاکەم عەفیفە درێژ دەرۆیشت تا ببمە فەیلەسوف دەرگای پاسکیلخانەکەم لەسەر خۆ دادەخست و لەبەر فانۆسە بەگازەکە زۆرم دەخوێندەوە، تا منیش ببمە فەیلەسوف زۆر وام دەکرد.

تا شێوەم لەفەیلەسوفان بچێت، قژم پەخشان دەکردو تەنیا رێم دەکردو کتێبی (المدراج) م لەبن هەنگڵ دەنا، کەم قسەم دەکرد، بە فیزەوە بە هاورێکانم دەووت، ئەوانەی من ناویان دەزانم، ئێوە نایانناسن، ئەو پیاوانە دۆستی هەژارانن و ڕقیان لەفەرەنسییەکانە، ئەو حکومەتەیان ناوێت فەرەنسییەکان دروستیان کردبێت. کە وەستاکەم گیراو بۆ دادگاییکردنی لەدادگای تێکەڵاوی فەرەنسی رەوانەی شاری حەلەبکرا، من دووکانەکەم داخست، بۆ کارکردن چوومە بەنداو، کرێکاری زۆرترم بینی، پەیوەندییم بەوان پتەوکرد، لەبارکردنی پاپۆرەکان کارمکرد، کە لەسەر گوشەکانی بارەکان بە مەرەکەب ژمارەو ناوی مارکەکانم دەنووسی نەرم نەرم گوێم لەکرێکارەکان رادەگرت، گوێم بە وشەی سەندیکا ئاشنابوو، ئەو وشەیەیان زۆر دووبارە دەکردەوە.

نیوەرۆیـەکیان بارێکمـان داگـرت و چـاوەڕوانی پاپۆڕەکـەمان دەکـرد تـا بارەکـەی بـۆ بگوازینەوە، دانیشتین، بەیەکەوە لەگەڵ (فازیل) ناوێك کەوتینە ئاخاوتن، باسی مەکتـەب و خوێندنی سەرەتایی و کتێب خوێندنەوەمان کرد، کە فازیل ئەوەی بیست مـن شـاگردی عەفیفەدرێژبوومـــە و کتێـــب دەخوێنمـــەوە، زۆرم کتێـــب لـــەناو دووکانەکـــەی ئـــەو خوێندووەتەوە، یەکسەر فازیل پارچە کاغـەزێکی لـوولی چـاپکراوی لـەگیرفانی دەرهێنـا، یەکەمین بڵاوکراوەی حزبیم لەلای فازیل بینی، لەو بڵاوکراوەیەش وشەی فەلسەفەم بینی، بـە دیـتنی ئـەو بڵاوکراوەیـە نهێنیـە زۆر ترسـام، سەرسـام بـووم، چۆن نەترسـێم، دیـارە ئەویش لەجەماعەتی عەفیفەدرێژو عەبدەبوو. بڵاوکراوەکەم خوێندەوە، کەمی تێگەیـشتم، فازیـل تەمـەنی چـل سـاڵ دەبـوو، بۆیـە بـە مامـە فـازیلم وت: مـن کـە کتـێبی (المـدراج) دەخوێنمەوە، تێدەگەم، بۆ لەو بڵاوکراوەیە ناگەم، لەسەرەتایی زۆری نـەمابوو (ئینجیـل) لەبەربکەم، ئەو دوو کتێبەم خوێندووەتەوە، لـەناو ئـەو دوو کتێبـەدا وشـەی فەلـسەفەیان تێدا بەدی ناکەم، ناوی هیچ فەیلەسوفیشی تێدا نییە...؟؟

مام فازیل وەڵامی دامەوە، ئەو کتێبانە ناوی فەیلەسوفان ناهێنن، ئەوە بڤەیە، ناویـان و شرۆڤەی فەلسەفەش ناکەن بە زەحمەتیشی دەزانن، منیش نازانم مانای چی یـە، بـەڵام لەگەڵ ڕۆژگارا بوومەتە فەیلەسوف، بەڵام بـە شـێوەی خـۆم، واتـە فەلـسەفە خـواردنێکی رووت نـی یـە، بـەڵکو کارکردنـە.... تـۆش وەك ئێمـە کاربکـە، بـەو شـێوەیە دەبیتـە فەیلەسوف، دەکرێ بێ خوێندنەوەی کتێبیش ببیتـە فەیلەسـوف، بـۆ نموونـە بـە دانـانی سەندیکایەك، فەلسەفە ئەوەیە تۆ یادی جەژنی کرێکاران لەیەکی مایس بکەیتـەوە، دژ بـە فەرنسییەکان نارەزایی دەربڕیت، ئەوەش فەلـسەفەیە، ئەگـەر بـڕوات بـەوە هـەبێت ئـەو هەژارانـە هـەروا هـەژار نامێنێنـەوە، ئـەوەش فەلـسەفەیە، ئەگـەر بـڕوات وابـێ ئـەو دەوڵەمەندانە هەتا هەتا خوێنی هەژاران نامژن، ئەوەش فەلسەفەیە. ئەگەر لەهـەر وڵاتێك کرێکارو جوتیاران حکومەتیان دامەزراند، ئەوان هاودەنگ و پشتیوانی ئێمە دەبن، بـڕوات بـەوە هـەبێت، ئـەوەش فەلـسەفەیە، سـەرکەوتنی حـەتمی دادو دادپـەروەری لەهـەموو شوێنێك ئەوەش فەلسەفەیە.

من دان بەوەدا دەنێم ئەو کرێکارە سادەیە ئەلفوبێی فەلسەفەی فێرکردم، کە بەدوای لەتێ نان رامکردووەو ویستوومە ئەو بیردۆزەیە پیادەبکەم، رەنگدانەوەی راستی ناوەرۆکی فەلسەفەم لەناو خوێندنەوەی خۆپیشاندانەکانی دژ بە فەرنسییەکان بینی. کە سەرکردەیەکی عەرەب بەسەردان لەئەنتاکیاوە هاتە شاری ئەسکەندەرونە، فەرنسییەکان دەستگیریانکرد، ئێمەش لەبەردەم سەرای حکومەت راوەستایین، داوای ئازادکردنیمانکردو بەردبارانی پۆلیسمان کرد، شووشەی سەرامان شکاند، ئەوانیش تەقەیان لێکردین، لەتەنیشت منەوە لەدووری چەند مەترێکەوە هاورێیەکیان کوشتم، من لەو ساتانەوە فەلسەفەم پیادەکردووە.

رۆژگار هات و رۆیشت و لیوای ئەسکەندەروونە بە وڵاتی تورکیاوە لکا، ئێمەش لەو شارەوە بەرەو شاری لازقیە بارمانکرد، لەوێ کاری زەیتون رنینیم دەکرد، رۆژنامەم دابەشدەکرد، رۆژگار فێری سەرتاشی کردم، لەنزیك سەربازگەیەك دووکانێکی بچووکم کردەوە، هەردەبووە خۆپیشاندانێك، یان کۆبوونەوەیەکی میللی هەبوایە من زوو دووکانەکەم دادەخست. لەکۆبونەوەیەکی کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی پیاوێکی فەیسەلییە لەسەر، گۆپاڵێکی بەدەستەوەبوو، لەپشت نەخشەیەکی وڵاتانی عەرەبی قسەی بۆ کردین، ئەوەی من لەقسەکانی حاڵی بووم، لەخەباتی بەردەوام بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی و دامەزراندنی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی دەدوا، ئەو وڵاتە یەکگرتووەش دەکارێت دژ بە داگیرکەرانی فەرنسی و ئینگلیزی خەبات درێژەپێبدات و لیوای ئەسکەندەرۆنەو وڵاتی فەلەستینیش رزگاردەکاتەوە، لەو رۆژەوە خەونی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی خەونێکی جوان و شۆرشگێرانەبوو لەناخمدا دەژیا.

لەو سەرتاشخانەیەمدا زۆرم کتێب خوێندەوە، خوێندکاران زۆر لەلام کۆدەبوونەوە، لەوانە خوێندکارانی زانکۆی دیمەشقیش کە دەگەرانەوە شاری لازقیە بۆ شرۆڤەکردنی چەندین رەوشی هەستیار لەدووکانەکەمدا بەشدارییان دەکرد، لەو دیدارانە، لەخوێندنەوەی زۆری کتێب و گۆڤارەکان سوودی زۆرم بینی. رۆژێك پیاوێکی تەرپووش لەسەری حەلەبی بەناوی عبدالجلیل سیرس هاتە لام، وتی من ناوی تۆم بیستووەو هاتوومەتە لات، بۆ دامەزراندنی سەندیکاو چەند بەرنامەو کاری تایبەتی تر هاتوومەتە

شارەکەتان، حەزمکرد تۆش ببینم، پرسیاری ئەوەی لێکردم، کەوا چی دەخوێنمـەوە، بـۆ خوێندنەوەیان ناوی چەند کتێبی تـری بـۆ دەستنیـشانکردم. چـەندین ناميلکـەی نوێشی دامێ، لەوانە ناميلكەيـەك نـاوی نووسـەرەکەی ئەگـەر لـەبیرم مابێـت (سـیجال) بـوو. لـەو ناميلكەيە زۆر سەرەتاکانی فەلسەفە فێربووم. پاش خوێندنەوەی ئەوانەو چەند کتێبی تـر خۆم بە رۆشـنبیر ناسـی، ورەو ئـارەزووم بـۆ خـەبات و کـارکردن گەشـەیکرد، زۆر گـیرام، چەندین زیندانم دیت، چەکدارێك بەناوی ئەبو حمد، بـە ماسـولکە بـەهێزو نـەترس و دڵـرق ناسـرابوو، کـە مـن بـە وتارێـك لەرۆژنامەيـەکی دیمەشـقی کـارە توندوتیژییـەکانی ئـەوم ریسواکردبوو، دارکاری کردم، سەروکەللەو دەمووچاوی شین و مۆرکردمەوە.

لەو رۆژانەدا، وسفی البنی وتارێکی بە پێشەکی ئەو پارچە شیعرە بڵاوکـردەوە (زوڵـم بەدەستی خۆمان ژانی زۆرترە)، ئەویش ئاماژەی بەو پیاوانەی دەرك دابوو، کە لـەپیاوانی فەرەنسی زۆرترو تونـدتر ئـازاری گیراوەکانيـان دەدا. لەسـەر رەوشـی زینـدان و ئازاردانـا شانۆنامەیەکم نوسی، پاڵەوانەکەی خۆم بووم، رووداوی شـانۆنامەکەش خـەونێك بـوو، بـۆ گۆڕینی جیهان بە شەش رۆژو نیشاندانی رووداوەکان و گـۆڕانی خێـرای رەوشـی رۆژانـەی ئەو سەردەمەبوو. وتارێکم بۆ رۆژنامەی (الاحرار) لەبەیروت نارد، خاوەنی رۆژنامەکە وەك مەسەلەکەی نووسەر جبران خلیل جبران سوێندی بە ژن خوارد، کـە پارچـەيەکی پـیرۆزی رووحە، وتارەکەم بۆ بڵاوبکاتەوە، بەداخەوە بڵاوینەکردەوە، بەنامەیەکی بـچووك وەڵامـی دامەوە، بیانوی بۆ بڵاونەکردنەوەی بۆم روونکردبووەوە، یـەکێك لەهۆيـەکان، نوسـيبووی کـەوا وتارەکـە دوورە لەسیاسـەت و رێبـازی رۆژنامەکـەمان. لـەو رۆژانـەدا، رۆژنامـە چوارلاپەڕەیەکانیشان وەك رەوشی گەرمی شەڕی دووەمی جیهـانی دەسـوتان. بـەردەوام بابـەت و وتـارم بـۆ دەنـاردن، لەڕۆژنامەيـەك بەچـوار دێـڕ وەڵامـی بابـەتێکیان دامـەوە، ئەگەرچـی داوای لێبوردنیـان لەبڵاونەکردنـەوەی کردبـوو، بـەڵام ناوهێنـانی مـن و وەڵامدانەوەیان بۆ من زۆربوو، کە ناوم لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەك نوسرا زۆر دڵشادبووم. کورتیلەنوسینێکم بەناوی (منالێك بۆ فرۆشتن) لەیـەکێك لەگۆڤارەکانـدا بڵاوکـردەوە. بـەو نوسینەم بەبێ قدیس یوحناو بێ ئاوی ئـوردن، بـە ئـاوی دەریـای لازقیـە نـاوم لـەخۆم نـا نووسەرو قەلەمێکم بە چاکێتەکەم هەڵواسی.

سەرتاشخانەکەم چاوی زۆری کەوتەسەر، هاموشۆی کەمتربۆوە، بازاڕ نەما، بەناچاری لەلازقیە بارمکرد، چوومە بەیروت، لەوێ زۆر شەیدای دۆزینەوەو پەیداکردنی کارێك بووم، هیچم دەستنەکەوت، گەڕامەوە دیمەشق، سێ مانگ بەبێ پارە لەبواری راگەیاندن کارمکرد، مامۆستاکەم واتە سەرنووسەرەکەمان مامۆستا ئەحمەد علوش بوو، پاشان گۆڤاری (هاوار) ی دەرکرد. لەدیمەشق دیداری زۆری رۆشنبیرانم دەکرد، بەشداری دامەزراندنی (یەکگرتووی نووسەرانی سورییەکان) و (نووسەرانی عەرەب) م کرد. لەوێ کتێبی (راس المال) م خوێندەوە، پەیوەندییم بە فەلسەفە پتەوتربوو، ئەوەی فازیلی کرێکاری هاورێم لەکەنارەکانی دەریاو رۆژانی بارکردنی ناودەریا فێری کردبووم بناغەو بنچینەبوون، هەموو قسەکانی ئەو بە شێوەیەك لەشێوەکان لەنووسین و بۆچوون و دیدەکانم چەسپاوو ڕەنگی دەدایەوە. بەو شێوەیە سەربردەو دۆستایەتیم لەگەڵ ئەو فەیلەسوفە پەیداکرد، (ئەوەی بە سەرو بە جەستە چیایی و گەورەییەکەی لەپیاوانی ناو داستانەکان دەچوو)، بە ریشە درێژە سپییەکەیی و نیوچەوانی پانی و قژەدرێژەکەی و بینینە رۆشنەکەی، زۆری پێبەخشیم. ئەو فەیلەسوفە لەدڵ و رووحم نزیك دەبۆوە، جیهانی پێناساندم، بەو دیدەوە چاوانم کرانەوە، چەشەی ئەدەبی گەشەترکردم، هۆش و زانیاری و جوانکاریشی لاپیرۆزکردم. هەڵەیە ئەوەی وا بزانێت بێ فەلسەفە لەو جیهانە دەگات، نووسەر تا لەبنچینەی فەلسەفە نەگات، لەنووسین رانایەت. ئەو بیردۆزانە رێنمایی نین، بەڵکو رێبەری کارکردنی سیاسیەت و ئەدەبە. لەو جیهانەدا بۆ نووسەرو سیاسەتمداران باوی ئەوە نەماوە بێ فەلسەفە رێبکەن، هەر فەلسەفەیە لەدەریاکان و بیابانا رێ نیشاندەرەو بۆ هەژارانی گوندو شار پشتیوانە، کرێکاران و خوێندکاران رێنمایی لەفەلسەفەوە وەردەگرن. ئەو کاتەی گۆرگی رۆماننووسی رووسی حەماڵ بوو لێیان پرسیبوو، تۆ چۆن زانستی ئابووری فێربویت، لەوەڵامدا وتبووی:

تەماشای پشتم بکەن، ئەو دەرسانە لەسەر پشتم هەڵکەندراوە.! ئەگەر ئەو پرسیارەش لەمن بکەن، تۆ چۆن و لەکێ فەلسەفەت ناسی..؟؟ لەوەڵامدا دەڵێم: من لەناو پاپۆرەکانی باردا فێربووم، لەو رۆژە تاریکەو خەمگینانەوە فێربووم، لەو رۆژانەوە لەسەر دڵم هەڵکەندراون. بەئارەقەی پشتمەوە بەناو پیستمەوە رۆچوون.

من لەگەڵ دەریادا سەربردەو بەسەرهاتی سەرسورهێنەرم هەیە. تەمەنم هەشت ساڵان بوو ئەو ڕۆژەی هاورێیەکی خوێندنم منی بردە سەردەریای ئەسکەندەرونە.لەوێ نیقۆلای تەمەن گچکە وتی:

تەنیا ئازایەتیە خەڵکی فێری مەلەوانی دەکات. منیش پرسیم چۆن. ئەویش لەوەڵامدا وتی:

- ئەگەر بچیتە سەرووی سقالەو لەوێیەوە خۆت بخەیتە ناو دەریاوە..

- ئەگەر خنکام..؟؟

- (برا گەورەکەی وەڵامی داینەوە)، ئینجا باشە.! منیش بە ترسەوە پرسیم:

- چۆن ئەوەیان باشترە، خنکان، واتە مردن..!! ئەویش بە سووکییەوە، بە چاوە سوورو برۆ هەڵگەڕاوەکانی نیگای کردم و ووتی:

- ئەوەی مەلەوانی نەزانێ بۆ خنکان و مردن باشە..!

ئێستا دەزانم ئەو قسەیەی ئەو پەندبوو، ئەو بەپەندی زانی، ئەو واتێگەیشتوبوو ئەوەی مەلەوانی نەزانێت بۆ خنکان و نەمان باشە.! شاعیری ناسراو ئەبو قاسم الشابی ئەو پەندو ڕستە کورتەی بەو شیعرە هونیوەتەوە، کە وتویەتی:

ئەوەی لەسەرکەوتنی هەورازی شاخا بترسێت، تا ماوە لەناو قۆرتەکانا دەژێت. لەو کاتانەدا منی منداڵ و ماندوو نەمدەتوانی لەپەندی گەورەکان و لەشیعری الشابی تێبگەم، نەمدەزانی گیانبازی سەرکەوتنی هەورازی شاخ و دەریا مانای چییە. بۆیە وتم:

- ناکرێ من لەڕووبارەکانا مەلەوانی زووتر فێربم.!؟

نیقۆلا وەڵامی دامەوەو وتی:

- دەکرێ..!!؟

بەڵام دمیانی برا گەورەکەی زوو وەڵامی مناڵی ئێمەی دایەوەو وتی:

- من کە وتم نابێت، واتە نابێت، نابێ...!

بێدەنگ و بە ترسەوە بەدوای دومیانەوە ڕۆیشتم، دەترسام و لەرزم گرت، کەشەکە پایزێکی ساردبوو، منیش دەرپێیەکی کورتی شیتی شینم لەبەربوو، دوا بە دوای ئەو ڕۆییشتم، لەسەر بوارەکەی سەردەریا هاوشانی ڕۆیشتم، ئەو خۆی هاویشتە ناو ئاوەکە،

سەری لەبن ئاوەکە دەرهێناو نقوومی کردەوە، نیقۆلای براشی وەك ئەو خۆی هاویشتە ناو ئاوەکە، منیش تەنیا لەسەر بوارەکە مامەوە، بە ترس و خەمەوە گەڕامەوە سەرکەنارە قوومییەکەی دەریاکە، لەوان و لەبوارەکە دوور کەوتمەوە تا لەکەنارەوەو لەشێوەی منالآن بێمەوە ناو ئاوەکە، هێدی هێدی بێمەوە ناو ئاوەکە، نەك وەك ئەوان، لەناکاو دمیان هاواری کردمەسەرو قیژاندی:

- بۆ کوێ..؟؟

- بۆ سەر کەنارەکە..!

- واتە بۆ سەر قوومەکە..!!؟

- منالآن لەوێ مەلەوانی دەکەن، ئەوێندرێ شوێنی منالآنە..؟؟!!

- بەڵام دەبێ تۆ لێرە مەلەوانی بکەیت...!!

- بۆ..؟؟

- حەزدەکەم، من کەسی ترسنۆکم خۆشناوێت..

- من ترسنۆك نیم، من مەلەوانی نازانم، من...!!

- کەس لەناو قوومدا مەلەوانی فێرنابێت، لەناو... تێگەیشتیت..!! وەرە تەماشای ئێمە بکە چۆن مەلەوانی دەکەین، تەماشامان بکە. دیقەت بدە دەست و پێیەکانمان، تۆ بۆقت نەدییوە، بۆق ناناسیت..؟؟

- ئەوەیان دەناسم.

- وەك بۆق بکە.

- لەکوێ، لەناو گۆمەکەی مەکتەب..؟؟

- گۆم.. دەری..!!

- بۆق لەدەریا ناژین.

- با، بۆق لەدەریاش دەژێت، وەرە تەماشاکە..!!

لەسەر بوارەکە ڕۆیشتم و بەرەو پێشەوەو بۆ ناو قولایی دەریا سەرکەوتم، هەرچەند دەچوومە پێشەوە چاوەکانم زۆرتر لەناو دەریاو لەئاوەکە وردتر لەبۆقەکان دەگەڕام، بۆ دیتنی ماسیەك نیگام دەکرد، هیچم بەرچاونەکەوت، لەدوورەوە گەنجە مەلەوانەکانم بینی

بەرەو پاپۆرێكی دووری ناو دەریا دەچوون، هاورێكانم دەیانووت، ئەوەی لەو پاپۆرانە نزیكبێتەوە، بە پەیژەیەك دەتوانێ بچێتە ناو پاپۆرەكە، دەتوانێ بەئاسانی سەركەوێ، لەوێ قوبتانەكان شوكولات و بسكویتی خۆشیان دەدەنێ. لەسەر پاپۆرەكە ژنی نیمچەرووت و بە جلی مەلەوانی دەبینین، ژووری قوبتانەكە، قەمەرەكانی دەبینن.

لەو خەیال و بیركردنەوانەدابووم، لەناكاو بۆ ناو ئاوەكە پاڵدرام، كەوتمە ناو ئاوەوە، هاوارم لێهەڵسا، ئاوی سوور قوورگی پڕكردم، هاوارم دەكرد، دمیان لەتەنیشتم دەركەوت و دەستی گرتم و وتی:

- مەترسە ! ئەو لەناخەوە بەهاوارم هاتبوو، منیش دەگریام..

بەدەم گریانەوە، وتم:

دمیان فریام كەوە وا دەخنكێم.

ـــ دەست و پێت بجولێنە، وەك بۆق بكە، دەی وەك بۆق، وا من دوور دەكەومەوە..!!!

دمیان دووركەوتەوە، دووبارە كەوتمەوە بن ئاو، هەرچەندی چوارپەلم دەجوڵاند سوودی نەبوو، بنئاو بووم، دووبارە ئەو هاتەوەو بنهەڵگلی گرتمەوەو وتی:

- براقۆ، دەی بۆقی وشكایی!

كۆششی زۆرم كرد، بەناچاری ئاوی سووێرم زۆر خواردەوە. دمیان رایكێشام، داوای كرد دەست بە رۆخی بوارەكەدا بگرم، بۆ خۆی رایكێشام و وتی:

- پشوو بدە، وەك من دەستت بگرە.. پاشان دمیان وتی:

- ئیسراحەتت كرد..! دووبارە وەرەوە ناو ئاوەكە، دەی...

بەناچاری گەڕامەوە ناو ئاوەكە، بێ هاوارو پاڕانەوە گەڕامەوە ناو ئاوەكە، لەنزیكم راوەستاو بە دەستی ئیشارەتی هاتنی بۆ كردم و وتی:

- وەرە لای من...

بە زەحمەتی گەیشتمە لای ئەو... كە گەیشتمە لای وتی:

- ئیمرۆ ئەوەندە بەسە... دەستی بە تەنیشتمەوە گرت و وتی:

ـ خۆت بگرەو سەرکەوە. کە سەرکەوتم لەسەر تەختەکە پاڵکەوتم، ماندووبونم پێوە دیاربوو، خوێی ئاوەکەم هێنایەوە، ڕشامەوە، ئەویش بە پێکەنینەوە لەسەر سەرم راوەستابوو، منی خستە سەر تەنیشت ووتی:

ــ بۆق لەناو گۆما مەلەدەکات، مرۆڤ لەناو دەریا مەلەدەکات و دەچێتە قولایی، بەیەکجار ترسیشی دەشکێت، ترسی خنکانی نامینێت و دەبێتە دلفین.! بە ڕق و تووڕەییەوە تەماشام دەکرد، توانای قسەکردنم نەمابوو، ئاسمانێکی شینی بێگەردم لەسەر سەربوو، نەورەسی سپی زۆرم دەبینی، هەوری سپی و نمە بایەك بەرەو ئاسۆیەکی دوور دەڕۆیشتن.

کە گەورەبووم و تەمەنم گەیشتە شازدەساڵان و لەسەر پاپۆر کارمکرد، ئەو بەسەرهاتەم بۆ ریس تەنجەر گێرایەوە.

ـ راستە جیاوازی نێوان مرۆڤ و بۆق، دەریا و گۆمی ئاوە، وەك چۆن دومیان دەیووت..

ـ بەراستی ئەو دومیانە فەیلەسوف دەریابووە..!!

ـ ریس بەراستی فەیلەسوف.. فەیلەسوف..!!

ـ بەڵێ، راستی وتووە، ئەگەر یەکەمجار لەسەر قوومی دەریا مەلەتکردبایە، ئێستا لەگەڵ من نەدەبوویت..

ـ راستی وتووە، مرۆڤ بۆ دەریای بەرین و قووڵ و بۆقیش بۆ گۆمی تەنکی ئاو.. چیرۆکەکە وایە، ئەو دمیانە چی بەسەرهات..؟؟

– نازانم، پاش دابڕانمان لەمەکتەب یەکترمان نەدیتەوە، بیستم چوویتە بەیروت. قسەکەی بڕیم و وتی:

ــ واتە بۆ ناو دەریا رۆییشت..؟؟! ! وایە وایە، هەلۆ چیای سەرکەشی هەیەو دەریاوانیش دەریای هەیە.. دەزانی بۆ...؟؟

ـ چونکە مرۆڤە..!

ـ تەواوە، مرۆڤی هەلۆش هەیە، هەلۆی دەریاش هەیە، تەیر بەرەو بڵندی دەفرێت و مرۆڤیش بەرەو قولایی دەریا دەچێت... چیاکان، قولایی و مردنە، لێرەو لەوێ، بە شانازیی و کەرامەت.. هەموومان دەمرین بۆیە لەناخی دەریاو شۆڕبوونەوە مەترسە!

ئەگەر لەناو دەریا بمریت، بە سەربەرزیی و شانازیی دەمریت، ئەوەش لەلوتکەی شاخ و هەڵۆ دەوەشێتەوە.. هەڵۆش لەبەرزایی دەمرێت، لەسەر شاخان!

منیش وتم:

ـ ریس مرۆڤ لەهەڵۆ بەهێزترە...!!

ـ نەخێر، هەردووکیان بران، هەریەکەو بواری خۆی هەیە، هەریەکەو مەیدانی خۆی هەیە، مەسەلەکە بەندە بە وەڵامی ئەوەی تۆ بۆقی یان پیاوی..؟؟!!

منیش وتم:

ـ پیاو..!!

دەستی لەشانم داو وتی:

ـ ئەوەش بەیانی دەردەکەوێت، کە رووبەڕووی باهۆزی بەتەوژم دەبیتەوە.

منیش وتم:

ـ وا دەکەم.

واشم کرد، ئەوەش یەکەم دەرسی دەریاوانی بوو کە فێری بووم.

**

حنا مینە، لەخێزانێکی هەژاردا لەساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە، مناڵییەکەی لەگەڕەکی هەژارنشینی المستنقعی لیوای ئەسکندەرونە ژیاوە. کاری حەماڵیی و سەرتاشیی و کاری دەریایی و شاگردی پاسکیلچییەتیی و پەروەردەکردنی مناڵەدەوڵەمەندێك و بەردەست لەدەرمانخانەیەك و رۆژنامەنووسی و نووسەری درامای میللی لەڕادیۆو فەرمانبەری حکومی و چەندین پیشەی تری بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی کردووە. پاش ئەو گەشتە تاڵ و بەژانەی وەك رۆماننووسێك گیرساوەتەوە. بەرهەمی نووسینی زۆرە نزیکەی ٣٠ رۆمانی چاپکردووە، زۆریش لەوانە کراونەتە کاری درامای تەلەفزیۆنیی. لەسەر کاری سیاسی زۆر دەربەدەرو شارو وڵاتی کردووە، درێژترین ماوەی دوورکەوتنەوەی بۆ وڵاتی چین بووە، لەوێ ١٠ ساڵ ماوەتەوە. رۆمانە ناسراوەکانی ئەوانەن.

"المیَابیح الزرق" و"الشراع والعایَفة" و"الیاطر" و"الرِبنوسة البیضاء" و"حکایة بحار" و"نهایة رجل شجاع.

Sherzad٥٥@hotmail.com

# شەڕی ناوخۆ

## ئادویلْ ماجا پیەرس

## و. فاروق هۆمەر

١

دابەشبووین بەسەر دوو دەستەو هەر دەستەمان چووینە کوخێکەوە. فەرماندەکەمان گوتی: (کاتژمێری پێنج و نیو هەموو کۆدەبینەوە). ئێمەش لەکاتی خۆیدا گەڕاینەوە.

لەو کوخەی ئێمەی لێبووین، ژنێك لەسەر پارچە حەسیرێك راکشابوو، لەتەنیشتیەوە پیرەمێردێك لەسەر ئەرزەکە هەلْگورمابوو. کە ئێمەی دی، لەقسەکردن وەستاو هەستایە سەرپێ تا بەرەو لامان بێت. لەوە دەچوو پێستی لەشی بەسەر ئێسقانەکانیدا کشابێت.

(بەخێرهاتن، بەڕێزان بەخێرهاتن). ئەوەی گوت و رووی بەرەو لای ژنەکە وەرگێڕا کە هیچ جولْەیەکی تیا نەبوو.

(نابینیت میوانمان هەیە؟ هەستەو خزمەتیان بکە).

ژنەکە، کە ژنێکی گەنج بوو، بەبێدەنگی هەستاو بەرەو گۆشەیەك گەڕایەوە دواوە، بەتەماشایەکەوە کە پڕی بوو لەتۆقین، لەئێمەی دەڕوانی و بوخچەیەکی بەدەستەوە گرتبوو.

پیرەمێردەکە دەستەکانی بەرزکردەوە (ئێرە تەواو چکۆلەیە، بەلاْم بەڕێزان مالْی خۆتانە. چا دەخۆنەوە؟).

(شلْۆقی مەکە). من گوتم.

(پیرەمێرد، هێزەکەت لەکوێ خۆیان حەشارداوە؟). هاوڕێکەم گوتی.

(هێز ؟).

(بەلْێ، هێزەکەت لەکوێن؟) پیرەمێردەکە پێکەنی.

(پێتوایە نوکتەت بۆ دەکەم؟)، هاوڕێکەم ئەوەی گوت و دەمانچەکەی لەکیفەکەی دەرهێناو بەدەستیەوە گرت و پرسی:(لەکوێن؟).

(نەمان). پیرەمێردەکە گوتی.

(هەندێکیان لەژیاندا ماون، من بڕوات پێ ناکەم، پێموایە خۆیان لەدارستانەکەدا حەشارداوە، چاوەڕێی ئێمە دەکەن بنووین). ژنەکە دەنگێکی لێوەهات.

(چاوەڕێی ئێمە دەکەن، من دەتوانم هەست بەوە بکەم) هاوڕێکەم گوتی: (مۆمێك داگیرسێنە، دەزانم تۆ دەتەوێت پەنگێکمان پێبدەیت).

(بەڵام....) پیرەمێردەکە ویستی شتێك بڵێت.

(مۆمێك داگیرسێنە، پێمگوتی، گوێت لێم نییە؟). هاوڕێکەم لولەی دەمانچەکەی کردە پیرەمێردەکە.

ژنەکە دەستیکردە گریان و دەیویست هاوار بکات، بەڵام من رووم تێ کردو سەرێکم بۆ راوەشاند. کە مۆمەکە داگیرسا، بەرەو لای هاوڕێکەم جوڵام، بەچرپە پێمگوت (هێمنبە، ئەوەت لەبیربێت ئێمە پاسەوانەکانمان هەموو لایەکیان تەنیوە، ئەگەر شتێك روو بدات ئەوان ئاگادارمان دەکەنەوە، با سەرخەوێك بشکێنین، بەدرێژایی ئەمڕۆ رێگاوبانمان بڕیوە، بەیانیش بۆ ئێمە هەروا دەبێت). بەگومانەوە لێمیڕوانی.

(دەتوانیت حەسیرەکە بەریت بۆ خۆت). من گوتم.

روانییە ژنەکە، کە نەدەجوڵایەوە.

(وەرە ئێرە). ئەو گوتی.

ژنەکە دەمی کردەوە شتێك بڵێت، بەڵام هیچی بۆ نەگوترا، تەنیا ترس و تۆقین رژابووە چاوەکانیەوە.

(تۆ کەڕیت). پیرەمێردەکە گوتی. ژنەکە هێزی دایە بەر قاچەکانی.

(نیشانمبدە). هاوڕێکەم داوای کردو ئاماژەی بۆ ئەو بوخچەیە کرد کە بەدەستی ژنەکەوە بوو، ژنەکە دەستیکردەوە بەگریان و چنگی توند بەبوخچەکەوە گرتبوو، ئەو زللەیەکی تێسرەواندو بوخچەکەی لەدەستی راپسکاند، ئەوەی لەبوخچەکەدا بوو منداڵێکی شیرەخۆرە بوو.

(مردووە)، ئەو گوتی (ئایا دەزانێت ؟). پیرەمێردەکە هەردوو شانی بێباکانە جوڵاند. لەو کاتەدا من چوومە دەرەوە.

کاتێ هاتمەوە ژوورەکە هاوڕێکەم و ژنەکە پێکەوە لەسەر حەسیرەکە پاڵکەوتبوون، پیرەمێردەکەش دوور لەوان لەپاڵ دیوارەکە هەڵگوڕمابوو، منیش لەبەر دەرگاکە راکشام و نوستم.

هێشتا تاریك بوو کە بەخەبەرهاتم، گوێم لەدەنگە دەنگێ بوو لای حەسیرەکەوە، کە چاوم بەتاریکاییەکە راهات، بەرەولای پیرەمێردەکە روانیم، هەر لەشوێنی خۆی مابوو، لەژن و هاوڕێکەم ورد دەبۆوە. چاوەکانم نووقاند.

بەیانی دەرچووینە دەرەوە، کۆمەڵێك بووین شوێن بەزەیی بووین، بۆ ماوەی هەفتەیەك بوو لەشەڕدا بووین و تواناو وبرستمان لەبەربڕابوو، مێشوولە بەدرێژایی رۆژ لێمان نەدەبووەوەو تیشکی خۆریش سوتاندبووینی، بەخۆراکێکی زۆر کەمەوە کە ئیدی بەشی نەدەکردین.

ئەوانەی کە بریندارببووبوون، دەبوو خۆیان گوێیان بدایە بەخۆیان، هەندێکیان نزیکی ئێوارە کەوتنە دواوە، هەڵنەدەکەوت جارێکی تر چاومان پێیان بکەوێتەوە.

کاتێ کۆبووینەوە فەرماندەکەمان گوتی:(بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆم پێموایە ئێمە لەنزیك شارۆچکەی (٠) وە بین، بەخت یاربێت دوو سبەی دەگەینە ئەوێ، ئەوەندەی بۆتان دەکرێت بحەوێنەوە، من خۆم کاتژمێری یەکەم پاسەوانیی دەکەم).

لەپڕێك هاوڕێکەم هاواری کرد (من باوڕت پێناکەم فەرماندا، ئەوانەی تۆ پێمان دەڵێیت هەمووی درۆیە).

بەرەولای ئەو رامکرد، خەریکی ئەوە بوو دەمانچەکەی دەربهێنێت، بەرلەوەی من بگەمە سەری دەنگی فیشەکێك هات و کەوت، کاتێ پێیراگەیشتم ئەو گیانی دەرچوو بوو. فیشەکەکە کەللەی سەری بڕیبوو و چوو بووە ناومێشکیەوە.

چاوەڕێم کرد تاهەموو لایەك نووستن و ئیتر من هەڵاتم.

کاتێك بۆم دەرکەوت تەواوێك لێیان دوورکەوتوومەتەوە لایتەکەم داگیرساند. ناو دارستانەکە پڕ بوو لەدەنگدانەوە، لەگەڵ گوزەرانی هەر چرکەیەکدا چاوەڕوانی مەرگی خۆم بووم.

که گەیشتمەوە ناو لادێکە بەدوای کوخەکەدا گەڕام، لەپێش دەرگا ئێستێکم کرد، گوێم لەدەنگی ئاشنای پیرەمێردەکە بوو، بەدەنگێکی نزم، بەزمانێك قسەی دەکرد کە من نەمئەتوانی لـێی تێبگەم. چوومە ژورەوە.

(ئەوە کێیە؟). پیرەمێردەکە بەدەم ئاوڕدانەوە لەمن، پرسیاری کرد.

رووی لایتەکەم کردە خۆم و ئینجا پشتم تێکردن، ژنەکە لەسەر حەسیرەکە راکشابوو بوخچەکەی بەدەستەوە گرتبوو.

(ئەوە گەڕایتەوە؟) ئەو پرسیاری کرد.

(بۆ... بۆ ئەوەی بزانم ئایا ئەتوانم شتێکت بۆ بکەم). من گوتم.

(هیچ خواردنێکت هەیە؟). ئەو پرسیاری کرد.

(نا.. بەڵام هەندێك پارەم هەیە). چەند کۆمپیالەیەکم دەرهێنا، هەر ئەوە شك دەبەم. تفێکی کردەوە سەر ئەرزەکە.

(ئەوە چی بۆ ئێمە دەکات؟). پرسیاری کرد.

(نازانم). من گوتم.

(کەواتە بچۆرەوە بۆ لای ئەو خەڵکانەی خۆت، تۆ ناتوانیت هیچ خێرێکت بۆ ئێمە هەبێت).

ئەوەی گوت و پشتی کردە من، بەسەر ژنەکەدا نووشتایەوەو بەزمانە غەریبەکەی خۆی کەوتەوە لاواندنەوە.

بەرلەوەی بچمە دەرەوە ماوەیەك لەوێدا وەستام.

٢

لەدەرەوەی شارۆچکەی (٠) بۆ ماوەی سێ رۆژ نەخۆش ومانـدوو برسـی، لەناو جەنگەڵەکاندا جەولەمان دەکرد. لەپڕ کەوتینە کەمینی هێزەکانی فیدڕالەوەو تەنیا چەند کەسێکمان توانیمان قوتاربین.

ئێمە ئیستا بێ ئازووقەین، ئەگەر زۆر بەخێرایی خۆراك و پەناگە پەیا نەکەین ئەوا هەموو تیا دەچین. دەستەیەکمان بێ چەك و تەقەمەنی مابووینەوە، هیچ رێگایەکمان لەبەردەما نەمابوو تەنیا ئەوە نەبێت کە ئومێد بدەینە خۆمان. دوای رۆیشتنێکی

دورودرێژ بەپێ تەواو لەپەل و پۆ کەوتبووین، نەشماندەتوانی بنووین، لەوەش خراپتر کاتی شەوان بوو.

بریندارەکانی ناومان کەوتنە گازەندەو گلەیی، لەسەرەتادا بەشێنەیی و لەسەرخۆ، بەڵام لەشەودا بەرەو زیادبوون دەڕۆی، بەرزو پڕ هاوارتر، ئەوەش تەنیا دەنگێك بوو کە لەناو ئەو بێدەنگییە قووڵەی هێڵی ئیستیوادا دەهاتە گوێمان.

وەك ئەوەی ئەو باردۆخەی ئێمەی تیا ئەژیان بەس نەبووبێ، هەزاران مێشولە هێرشیان هێنایە سەرمان، هەڵبەت بۆنی خوێنی بریندارەکانیان کردبوو. بەیانی رۆژی چوارەم زانیم کە دەبوو شتێك بکەم، تەنیا یەك پیاو هەبوو کە متمانەی تەواوی پێبکەم، ئەویش دوایین پیاو بوو کە هەندێك شارەزایی لەجەنگ هەبێت. بانگم کرد.

(یۆشا، ئێمە دەبێت بەرەو رۆژئاوا بگەڕێینەوە، رووەو شارۆچکەی (٠))، من گوتم.

ئەو سەرێکی راوەشاند.

(لەو باوەڕەدای بتوانین بەرۆژێك ئەوە بکەین).

(تەنیا بەشێوەیەك کە خۆمان لەنەخۆشەکان رزگار بکەین). ئەو وتی.

کتومت لەمن تێگەیشت. جەنگ لەهەموو هەست و سۆزەکان بەتاڵی کردبۆوە، لەبەر ئەوە خۆشم دەویست.

(کۆیان بکەرەوەو گوڵبژێرێکیان بکە). من گوتم.

(ئەوەی پێویستە دەیکەم و دوایی ئەتبینم). خۆی ئامادەکرد بۆ رۆیشتن، بەڵام دوو دڵ بوو.

(هیچ کێشەیەك هەیە؟). من پرسیم.

(رێگام بەخۆم ئەو کارە جێبەجێبکەم، ئەوانە هاوشاری منن، هەڵبەت بۆ ئەوانیش خۆشتر ئەبێت).

من رازیم. ئەوانەی کە دەبوو بەجێبمێنن چوار کەس بوون، یەکێك لەوانە کوڕێکی چواردە ساڵان بوو، گوللە لەڕانیەوە پێکابووی، تووشی گانگرین هاتبوو، هەرچونێك بێت بێ دەواو دەرمان بۆ خۆی هەر دەمرد.

لەگەڵ ئەوانەی کە مابوونەوە کەوتمە ڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسێك هیچی نەگوت، دەمزانی بیر لەچی دەکەنەوە، بەڵام لەوەش دڵنیا بووم کە هەموو ئارامبوون لەوەی کە من ئەو کەسە نەبووم ئەو بڕیارەم داوە.

ئەو شەوە گەڕاینەوە بۆ ناو شارۆچکەکە. بووین بەدوو بەشەوەو ڕوومانکردە ئەو ماڵانەی کە دەمانزانی ڕوومان لێ ترش ناکەن. هێزەکانی فیدراڵ لەهەموو شوێنێك پەرش و بڵاوبووبوونەوە، بەڵام ئێمە هەوڵماندا لەگەڵیانا تووشی هیچ ڕوو بەڕووبوونەوەیەك نەبین. ئەو ماڵەی تیا کۆبووینەوە، ماڵی پیرەمێردێك بوو، کوڕەکانی هاوسەنگەری ئێمە بوون و پێیان خۆش بوو بمانبینن. لەو کاتەدا کە کچەکەی خزمەتی دەکردین، زانیاری تەواوی دەربارەی دابەشبوون و جوڵەی دوژمن داینێ.

بەیانی من یەکەم کەسێك بووم لەخەو ڕابووم، تازە کازێوە کەوتبوو. هەستم بەژیانەوە دەکرد. لەشوێنێك لەقووڵایی ناخمەوە بیرۆکەیەك لەپڕجوڵاندمی و بەپرتاو بەدوای یۆشادا کەوتمە گەڕان، لەگۆشەیەکی ژووری دانیشتنەکە لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو، قوڕقوڕاگەی بەپارچە ئاسنێکی تیژ هەڵدرابوو، جۆڕاوگەی خوێن بەگەردن و لاملەیەوە وشکبووبۆوە. دەبێت کام لەپیاوەکانی من ئەو کارەیان کردبێت؟. تۆ بڵێی هەر هەموویان پێکەوە ئەو پیلانەیان داڕشتبێت؟. تۆ بڵێی ئەوەیان بەناوی تۆڵە سەندنەوەی خوێنی براکانیانەوە ئەنجام دابێت؟

٣

پاش شەش مانگ شەری سەخت و گران، شاری (ن) یان لەیاخیبووان خاوێنکردەوە. مردن و نەخۆشی هێزوتوانای لەبەر بڕیبوون و تاڕادەیەك زەخیرەشیان هاتبووە کزیی. هێزی فریا گوزاری بەڕێوەبوو بۆیان تا ئەوان بگەڕێنەوە سەربازگەکانی خۆیان، ئەو گەشتەش شەشسەد میلی دەخایاند. دواشەوی خۆیان لەشارەکەدا بەئاهەنگێڕانەوە گوزەراند.

((ئولوەجۆ)) لەیەك دوو کاتژمێری سەرەتادا کۆمەڵێك بیرەی خواردەوە، تا نزیکی نیوەشەو لەمەیخانەیەکەوە دەچووە مەیخانەیەکی دی، تاوەکو خۆی لەیانەیەکی

شەوانەدا گرتەوە لەگەڵ سێ هاوڕێــی تریــدا. خواردنــەوەی بـۆ تــەواوی ســەر مێزەکــەی بانگ کـردو کەوتە ســەماکردن. کات بەو جۆرە گوزەرا تا لەهۆش خۆی چــوو.

کاتێ بەئاگا هاتەوە بەیانی بوو، خۆی لەسەر جێگای نووستنی ژنێکی گەنج بینییەوە.

(ئێمە لەکوێـین؟). ئەو پرسیاری کرد.

(لەژوورەکەی منیت، چییە دەڵێـی لەبیرت نەماوە؟).

(ئەو هەموو ڕێگەیە خۆت بەپاڵ منت کێش کرد بۆ ئێـرە؟).

(من چۆن دەتوانم. تــۆ بەپێـی خۆت هاتی بۆ ئێرە؟).

ســەری گێــژی دەخــوارد، پانتۆڵەکــەی بــینی لەپــشتی دەرگاکــەوە بەبزمارێکــەوە هەڵواسرابوو.

(کوا پارەکانم؟). داوایکردو کەوتە گەڕانی گیرفانەکانی.

(من دەستم لەپارەی تۆ نەداوە). ژنەکە گوتی.

(تۆ درۆ دەکەیت). ئەو گوتی: (من ئەو هەموو پارەیەم خەرج نەکردووە).

ژنەکــە شــانەکــانی جوڵانــد (چــۆنت پێخۆشــە بــاوابێت). ئــەوەی گــوت و کەوتــە لەبەرکردنی جلەکـانی.

کابرا تووڕە بوو، شانی ژنەکەی گرت و زللــەیەکی تێسرەواند.

(تۆ درۆزنیت) یەك دوو جار دووبـارەی کردەوە.

ژنەکە تەماشای کرد بەبێئــەوەی بترسێت.

(تۆ ئێستا بەختــەوەرنیت؟) ئــەوەی گوت و چــووە دەرێ.

کاتێـك ژنەکــە هــاتەوە ژوورەکــە پــەرداخێ چــای دایــە دەســتی پیاوەکــەو لەســەر پێخەفەکــە دانیــشت. بــەهۆی لێدانی زللــەکەوە دەمــی ئــازاری پێگــەیشتبوو، بەتــەواوی چاکەی بۆ نەدەخورایەوە، بەحاڵ لێواری پەرداخەکە دەگەیشتە لێوەکانی.

لەدەرگــا دراو پیــرەژنێك هاتــە ژوورەوە، قــاچێکی دەڵــەنگی و گـۆچانێــکی بەدەستەوە گرتبــوو. کاتێك پیاوەکەی بیـنی گوتی: (مــیوانت هەیە؟).

(بــەڵێ دایــە). پیرەژنــەکە چووە دەرەوە.

ئولوەجۆ پرسـی:(ئــەو لەگەڵت دەژی).

(بــەڵێ).

(پـێی بـڵێ با بگەڕێتەوە، من دەبێت بڕۆم).

(راوەسـتە). لەپڕێکا ئەوەی گـوت و دەسـتی پیاوەکـەی گــرت (دەمـەوێت لەگەڵـت بێم).

(تۆ دەزانیت من بۆ کوێ دەڕۆم؟).

(گوێم لـێ بوو تۆو هاوڕێکانت قسـەتان دەکرد). ئولوەجۆ پێـکەنی.

(چــۆن دەتـوانم بتبــەم، ئـەی چی لەدایکت دەکەیت؟. تـۆ شـێتـیت، لـە(لاگـۆس) چی دەکەیت، لەوێ کەسـێك شکدەبەی).

(من گـەنجم، دەزانم چۆن خـۆم دەپارێزم، من نـاتوانم لـەوە زیــاتر لێرە هەڵـبکەم، تـکات لـێدەکـەم بمبە. ئەگــەر لـێرە بمێنمــەوە نــازانم چیــم لـێ بەسـەر دێت. بـەر لـەوەی ئـەم شەڕە دەست پێ بکـات من کـارێکی باشــم هەبــوو، لەگـەڵ خێزانەکەمدا لەخــانوویەکدا دەژیام، ئێستاش سەیـرم بکــە). ژنــەکە گوتی.

(بمبەخـشە) ئــەو گـوتی: (ئــەوە کارێکــی ئاســان نیـیــە، ئەگــەر منیــش رازیـبم کۆماندارەکەم رێگەنادات. ئـەی چی لەدایکت دەکەیت؟. ئـەو ژنێـکی بەتەمەنە...).

(دایکم دەیەوێت لـێرە بمـێنێتـەوە). ژنەکە گوتی.

(دەتەوێت لــێرە بەجێی بهێڵێـت؟).

(بێگومـان). ژنـەکە ئەوەی گوت و بـەردەوام بوو. (بەرگەی سەفەر ناگرێت).

(ئەی ئەو لێرە چۆن بژی؟)

(ئەو سەری لەگوێ قەبر دەلەرزێ) ژنەکە گوتی. کاتێ روانینی پیاوەکـەی بـینی چـۆن تەماشای دەکات، گوتی:

(کەواتە پێتوایە ئەوە خراپی منـە، وانییـە؟ تۆچی لـەئازارەکانی مـن دەزانیـت؟ هـیچ پرسێکیان بەمن کرد بۆ ئــەم شەڕە، ها پرسیانکرد؟. هــەموو ئـەوەی کـە مـن دەمـەوێت تەنیا لوقمەی ژیانە.....).

(داوای لـێبووردن دەکەم). پیاوەکە چەند جارێك دوبارەی کردەوە.

(ئێستا ئەوەی درۆ دەکات، تۆیت). ژنەکـە گوتی:(ئەگەر تۆ بەڕاستی دەتەوێت داوای لێبووردنم لـێ بکـەیت ئـەوا یارمـەتیم بـە). ژنەکـە وردە وردە دەسـەڵاتی بەسـەر خۆیــدا

نامێنـێت و بۆ مـاوەیەك هستریـانە مـامەڵە دەكـات، پیـــاوەكە كراسـەكەی هەڵـدەگرێت و رادەكاتە دەرەوە، تا لەشەقامەكەش دووركەوتەوە هەر گوێی لەژنەكە بوو بانگی دەكـرد.

٤

بڕوانە، ڕێگام بە بەڕاشكاوانە پێت بڵێم: ئەو كابرایەكی بەرباد نـەبوو، بەدرێـژایی سـێ ساڵ كە مـن وەك جـەنگاوەرێك ژیـانم بەسـەربرد گـەلێك پیـاوانی بـەربادم بینیـوە، بـڕوام پێـبكە. ئەگەر هەندێكت لەوشـتانە بۆ باسبكەم كە پیاوەكانـــی خۆمان كردوویانن، هــەر لـەڕووی خـۆم پـێم دەڵێیـت درۆزن. ڕۆژێـك بـەر لـەوەی ئـەوە ڕوویـدات، ئـەو ژیـانی مـنی پاراست. ئەگەر بەخاتری ئەو نەبوایە، ئـەوا ئـەمڕۆ مـن لێـرە نـەدەبووم. تـۆ پێتوایـە مـن گاڵتەدەكەم؟. ڕێگام بـە پێـت بڵـێم، ڕووداوەكـە بـەمجۆرە بـوو. ئێمـە بـەرەو گونـدی (٠) دەچووینە پێشەوە، دنیا خەریك بوو لەتاریكیەوە دەئاڵاو ئێمـەش برسـی و مانـدوو بـوون ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتبووین. هەموو ئـەوەی كـە مـن ئـاواتم پێدەخواسـت ئـەوەبوو بتـوانم ڕابكشێم و كەمێك چاو لێكبنێم، تەنانەت لەو لێرەوارەشدا. نەك هــەر بـاكم بەشـەڕ نـەبوو، بـەڵكو گـوێم بـەهیچ شـتێك نـەدەدا، تـەنیا ئەمویـست لێمگـەڕێن و وازملێبهێـنن، تـۆ لـێم تێدەگەیت؟

تا ئێرە خراپ نییە، ئەوشەوە فەرماندەكەمان فەرمانی دا ئەو گوندە تەوق دەین. ئێ، ئێمە چیمان لەدەست دێت؟ دەبێت لەقسەی دەرنەچین، چونكە فەرمان فەرمانە. بـا ئـەو پیاوە ببینم كە باسی لەڕێگا چارەی تر دەكرد.

وەك بــۆم باسكردیت، شەو تەواو داهاتبـــوو. من و ئەو و دوو پـیاوی تر پێـمانگوترا بكەوینـــە بەردەم و چاودێـری ڕێگاكەشمان كەوتبووە ئەستۆ. لەپڕێكا گوللـەیەك تـەقی و من پێكرام. ئیتر تۆ بۆ خۆت دەزانی چی ڕوو دەدات؟

ئەو دوو پیاوەی تر كە لەگەڵمانبوون هەڵاتن، تەنیا ئەوم لەگەڵ مایەوە.

ئەو خۆی خستە بەردەمـم و دەستیكرد بەگوللـــە هاویـشتن بـەرەو ئـەو ئاڕاســتەیەی گوللـەكەی لێـوەهـات. هاوارێك بیستراو بەدوایدا بێدەنگی هـات. كـات تێپـەڕی. لەپـشت خۆمانەوە گوێمان لەپیاوەكانی خۆمان بوو كە زۆر لێمانەوە دوورنەبوون.

دوایین شتێك كە تەواو لێی دڵنیـام و بـەبیرم مـاوە، مـنی خـستە سـەر شـانی و ئـیتر لەهۆش خۆم چـووم. كـاتێ بـەئاگا هاتمـەوە لەكوخێكـدام و لەسـەر حەسـیرێك راكشاوم. مۆمێـك لەتەنیشتـمەوە دەگـڕاو ئەویش خۆی بەسەرما نووشتاندبـۆوە.

(هەست بەچی دەكەیت؟). ئەو لێمی پرسی.

(من باشم). من پێم گوت.

(پێم خۆشە). ئەوەی گوت و ئینجا بەچرپەوە (گوێبگرە، ئافرەتێكم لێرە بینی. خۆت دەزانیـت چـۆنە، ئەگـەر پێـتوایە خـۆت بەتـەنیا لێـرە سـەلامەت دەبیـت مـن دەڕۆم و كاتژمێرێكم پێناچێت دێمەوە).

(بڕۆ) من پێمـگوت.

خەوم لێكەوت. دەنگێك لەتاریكی شەودا بەئاگای هێنامەوە، ئەوە دەنگی ئـەو بـوو، تازە گەڕابۆوە. بەر لەوەی هیچ بڵێم چاوەڕێمكرد تا دانیشێت.

(هەموو شتێك باشە؟). من لێم پرسی.

(خراپ نییە). ئـەوەی گـوت و جگەرەیـەكی داگیرسـاند. لەشـێوەی قـسەكانیا هەسـت بەتارمایی شتێك دەكرا، بەڵام من زۆرم لێنەكرد، بەتایبەتیش ئەوە شتێك نەبوو پەیوەندی بەمنەوە هەبێت. بەیانی كە لەخەو بەئاگاهاتم ئەو لەوێ نەمابوو.

لەدەرەوە گوێم لەهەراو هوریایـەك بـوو، خـەڵك هاواریـــان دەكـردو دەیانقــیژاند، مـن نەمدەتوانی تێیان بگەم ئەوانە چییان دەگوت، زۆرلاوازیش بـووم، بـۆم نـەدەكرا بـچمە دەرەوەو گوێ هەڵبخەم و بزانم چی دەگوزەرێت. درەنگانێكی ئـەو رۆژە فەرماندەكـەمان هات تا لەحاڵم بپرسێت و پرسیاری ئەوەم لێكرد كە چی روویداوە.

(دوێنێ شەو لێرە كەسێك كوژراوە، گوژراوەكە پیـاوێكی خـەڵكی ئـەم گوندەیـە، ژنـی كوژراوەكەش دەڵێت یەكێك لەپیاوەكانی ئێمە ئەو كارەی كردووە، گوایـە ئـەو دەتوانێت بكوژەكە بناسێتەوە).

ئەو پێویست ناكات پێم بڵێ بگوژەكە كێیە، من دەزانم كێ ئەو كارەی كردووە.

(دەتەوێت چی لەگەڵ بكەیت) من لێمـپرسی.

شانەكانی هەڵتەكاندو ئاوڕی دایەوە بۆ رۆیـشتن. لـەو سـاتەدا مـن نیگـەرانی دایگـرتم بۆی. دەشبینم ئەو لەچ گرفتێكدا بوو.

(گوێت هەڵبخە بۆ خۆت گوێت لێدەبێت). ئەوەی گوت و چووە دەرەوە.

چاوەڕێمکرد، کاتژمێرێك دواتر گوێم لەخوێندنەوەی فەرمانەکە بوو، بەدوایدا نیو دەرزەن فیشەك یەك بەدوای یەکدا تەقێنرا. باشە، ئەم جۆرە شەڕانە پیاو دەگۆڕن. وەك دەمبینیت من هەمان ئەو کەسە نیم کە لەوەو پێش بەر لەوەی دەستببەم بۆ ئەم پیشە نەگبەتە، بووم. من ئەو ڕۆژانە منداڵێك بووم، بەڵام تۆ هەنووکە شاهید بە کە جارێکی تر هەرگیز ئەوە دووبارە ناکەمەوە. دەتوانیت لەوەدا بڕوام پێبکەیت.

٥

منداڵەکە لەپشت چادرێکی کۆنەوە خۆی حەشارداو چاودێری تێپەڕینی سەربازەکانی دەکرد کە دەهاتنە ناو گوندەکەوە کە دواهەمین سەربازیان تێپەڕی، بەڕاکردن بەلای گۆڕەپانەکەدا هات و گەڕایەوە ناو کوخەکە.

(دایە) منداڵەکە بەسەرسوڕمانەوە هاواریکرد.

ژنەکە لەسەر تەباخەکەوە سەرێکی هەڵبری کە لەبەردەمیدا بەچیچکانەوە دانیشتبوو، منداڵێکی شیرەخۆرەشی بەپشتیەوە گرێدابوو.

(وەرەوە نانەکەت بخۆ). ژنەکە گوتی.

(دایە سەربازەکان هاتن). منداڵەکە گوتی.

(پێم گوتی دانیشەو نانەکەت بخۆ). لەوکاتەدا منداڵەشیرەخۆرەکە دەستیکرد بەگریان، ژنەکە منداڵە ساواکەی لەپشتی شلکردەوەو لەسەر تەختی نووستنەکە دانیشت و دەستیکرد بەشیردانی منداڵەکە.

(کە نانەکەشت تەواوکرد نەتبینم بچیتە ئەو ناوە بۆ یاریکردن).

(باشە دایە گیان).

(ئەوانە کەسانێکی باشنین، هەرئەوان بوون باوکی تۆیان کوشت، سڵ لەکوشتنی ئێمەش ناکەنەوە. ژمارەیان چەند بوو؟).

(زۆربوون). منداڵەکە گوتی:(سەد کەس دەبوون هەر هەمووشیان تفەنگیان پێبوو).

(واباشترە بەهیچ جۆرێك نەچیتە دەرەوە). ژنەکە گوتی.

(بەڵام).

(بەڵامی ناوێت، بەگوێم بکە. دەتەوێت بتکوژن؟. نەتبیستووە منداڵی بچکۆلەی وەك تۆ دەبەنە ناو دارستانەکە؟).

(با بیستوومە دایە).

ڕۆژ وردە وردە گەرمتر دەبوو، بەجۆرێك ئیتر گەرما تەحەمولی نەدەکرا. لەوکاتەدا منداڵەکە خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی کۆنی قوتابخانە بوو و گوێشی لەهەراو قاقاو پێکەنینی سەربازەکان بوو. پاشنیوەڕۆیەکی کەمێك درەنگ دوان لەسەربازەکان هاتنەژوورەوە. یەکێکیان دانیشت و ئەوی دییان دەستیکرد بەگەڕان بەناو ژوورەکەدا.

گەڕانی ژوورەکە کارێکی ئەوەندە گران نەبوو، ئیشی دوو چرکە بوو، تەماشایەکی ژێر تەختی نووستنەکەی کردو ناو دۆڵابەکەی پشکنی، ئیدی لەوە بترازێ شتێکی دی لێنەبوو.

(هیچی لێنیە کاپتن).

(مێردەکەت کوا؟.) کاپتنەکە لەدایکەکەی پرسی.

(مردووە).

(چۆن دەزانیت؟).

(پێیان گوتم).

(کێ پێی گوتی).

(ئەو هاوڕێیەی کە لەگەڵ مێردەکەمدا بووە).

(ئەمە کەی ڕوویدا؟).

(ئەوە شەش مانگ دەبێت).

(هیچ پیاوێك هەیە لەدێکەدا مابێت؟).

(تەنیا بریندارو پەککەوتەکان).

(ئەی ئەوانی تر بۆکوێ چوون؟).

(هەموویان مردن).

(من بڕوات پێناکەم). کاپتنەکە گوتی.

منداڵەکە دەیبینی چۆن دایکی ترس دایپۆشیوە، بۆیە بەزەیی پیادەهاتەوەو ڕقی لەو ترسەش دەبۆوە.

(بەڵام ئەوە راستە). ژنەکە گوتی.

(بـەڵام ئێمـە هـەواڵمان پێگەیـشتووە کـە هەڵگـەڕاوەکان کـەمتر لەهەفتەیـەك لێـرە بینراون).

(ئەوەی پێی گوتوون درۆی کردووە).

(تۆ وا دەڵێیت، بەڵام ئێمـە لەلایـەن کەسـانێکەوە ئـەو هەواڵانـەمان پێگەیـشتووە کـە خەڵکانی خۆتانن).

(ئەو هەواڵانەیان تەنیا بۆ رازیکردنی ئێوە هەڵبەستووە).

کاپتنەکە تاهێزی تیابوو مستەکۆڵەیەکی کێشا بەسەریا، منداڵەکـە دایکـی بـینی چـۆن لەشوێنی خۆی بەرزبۆوە، دواجار هەوڵیدا کە دڵی دایکی بهێنێتەوە شوێنی خۆی.

(دەزانیـت ئێمـە چـی بەسـەر ئـەو خەڵکانـەدا دەهێـنین کـە درۆمـان لەگـەڵا دەکـەن)، کاپتنەکە هاواری دەکرد بەسەریا.

دایکەکـە سـەری خـۆی داپۆشیـبوو، دەسـتەکانی بـەملاولای سـەریەوە دەلـەرزین. منداڵەکە هەستیکرد کاپتنەکە تێبینی ئەمی کردووە.

(هێی تۆ لەگەڵ من دێیت).

کاپتنەکە ئەوەی گوت و لەشوێنی خۆی جوڵا. دایکی بەپەلە خۆی گەیاندە منداڵەکەو بەرەو خۆی رایکێشا.

(واز لـەو بهێنـە، ئـەوە منداڵـە). دایکەکـە پارێزگـاری لەمنداڵەکـە دەکـرد. کاپتنەکـە پێدەکەنی.

(تۆ لەو باوڕەدایت ئێمە ئازاری ئەو منداڵە بدەین). کاپتـنەکە ئەوەی گوت و ئامـاژەی بۆ ئەوانی دی کرد کە لـەو کاتـەوە وەستا بوون و تێبینیان دەکرد.

(تەنیا دەمەوێت هەندێك قسەی لەگەڵا بکەم و هیچی دی). کاپتنەکە ئـەوەی گـوت و منـــداڵەکەی بـردە دەرەوە، بـەناو دێـــکەدا دەیـسوڕاندەوەو بەدرێـژایی ئـەو ماوەیـەش تەماشای هەموو شتێکی دەکرد.

(ئەوە ژنانن کە ئەو هەموو کێشانەیان بۆ ئەم دونیایە پێکهێناوە). ئەو گوتی:(ئێمەی پیاوان دەزانین چۆن راستی دەڵێین و هەمیشەش راستی دەپارێزین، وانییە؟).

(بەڵێ گەورەم).

(پێم مەڵێ گەورەم، من ناوم بــابـــەیە، تۆ ناوت چییە؟).

(کرستۆڤەر)

(باشە کرستۆڤەر، ئـەڵێـم با وەك دوو هاوڕێ قسەبکەین، پیاو بەرانبەر پیاو، هـــا؟).

ئەو وەستاو تەماشایەکی کردو پێکەنی.

(ئیستا پێم بڵێ راستە باوکت مردووە؟).

(بەڵێ)

(تۆ خۆت لاشەکەییت بینی).

(نا، پێیان گوتـم).

کابتنەکـە هەردوو دەستی خستە سەر شانی منداڵەکە.

(رێگا مەدە ئەوە بێزارت بکات، من دڵنیام تۆ ئەو کەسـەیت کـە لـەم ژیانـەدا تەمـەنت درێژ دەبێت. ئەم جەنگە ناهەموارە هەموو پیلانەکانی ئێمەی شێواندووە. لەوانەیە کاتێك ئەم جەنگە کۆتایی بێت، هەوڵبدەم شتێکت بۆ بکەم تالێرە بـچیتە دەرەوەو داهاتوویـەك بـۆ خـۆت بەدەسـت بهێنیـت لـەم دونیایـەدا). منداڵەکـە سـەرێکی بـۆ لەقانـد، ئەمـجا هەردووکیان کەوتنە پیاسەکردن. کاپتنەکە بەردەوام چاودێری منداڵەکەی دەکرد.

(چەند لەهێزەکانی ئێوە هەفتەی رابردوو لێرە بوون؟). ئەو پرسیارەی زۆر بەکتوپڕی کردو کەوتە نیگاکردنی دارستان و لێرەوارە دوورەکان.

(سی کەسێك دەبوون)، منداڵەکە ئەوەی بەبێ بیرکردنەوە گوت، دوائەوە هەسـتیکرد کـە کەوتۆتـە هەڵـەوە. کاپتنەکـە وەسـتاو تەماشـای کـرد، پێکـەنین لەسـەر رووخـساری ونـبوو. منداڵەکە هەستی بەترس کرد.

(هەموو چەکدار بوون؟).

(من.... من...).

(وەڵامم بدەرەوە کوڕە) هاواریکرد.

منداڵەکە بەتۆقینەوە سەری داخست.

(هەر هەموویان؟).

(بەڵێ).

٦

ئەو لەهەموو رووبەکەوە جەربەزە بوو. جەنگاوەرەکانی ئەو رێزێکی بێــپایانیان بۆی هەبوو، زۆرێکیش هەبوون لەسەر وشەیەکی ئەو ژیانیــان خستبووە مەترسیــیەوە. تــەنیا فەرمــاندەیەکــیش بوو کە وەك جەنگاوەرەکـانــی دەژیاو خۆی لێـجیا نەئەکردنەوە. ئەو هەقەشی دابوو بەخۆی کە هەمیشە پێشڕەوی دەستەو تاقمی دەرچوونەکان بکات بۆ نــاو خاکی دوژمن.

رۆژێك بەبێئەوەی کەمێن بنێتەوە رێك و رەوان خۆی کـرد بـەناو هێزەکـانی فــیدڕاڵدا، ئــەوان زیــاتر لەئــێمە سەرســامی دایگرتبــوون، ئەوەشــی بــۆ ئــەوە کــرد، ورەی ئێمــە بەرزکاتەوە، چـونکە ئەوان هــەم لەڕووی هێزەوە لەئێمە زیـاتر بـوون و هەم لەڕووی چـەك و تەقەمەنییەوە. لەزۆر جێگەشدا شەڕی دەسـتەویەخە کەوتــە نێوانمانــەوە، بــەڵام دەزانم تازە تێـکەوتبـووین.

(با لێرە هەڵبێین). لەپێشدا هاواری بۆ من کردو ئێمــەش هــەموومان هــەڵاتین. خۆمــان لــەناو دارســتانەکەدا ونـــکردو ئاوڕمــان بـــۆ دواوە نەدایــەوە. کاتێـك وەسـتاین جلمــان بەبەرەوە نەمابوو، خوێنیش لەهەموو گیانمان دەچۆڕایەوە.

(با لێـرەدا کـەمێك پشوو بدەیـن). ئەو گوتی.

(دەزانیـت ئـێمە لەکوێـین؟). من لێم پرســی.

(پـێموایە، بەڵام تەواو دڵـنیا نیم). لەناو درەختەکانەوە روانیە ئاسمـان، خـۆر بـەرەو رۆژئــاوابوون دەچـوو.

(ئەگەر ئەو رێگایە بگرین بۆ ئێوارە دەگەینە گوندی (٠)). ئەوەی گوت و ئامـاژەی بـۆ لایەکی پێچەوانە کرد.

(بڕوا ناکەم هێزەکانی فیدڕاڵ پێش ئێمە بگەنە ئەوێ).

(تەنیا ئێمە رزگارمان بووە؟). من پرسیم.

(پێــموایە، لــەوە زیــاتر هیــچمان لەدەســت نەدەهــات، مــن دڵنــیا بــووم کــە لــەو ناوچەیەدان، بەڵام هەڵـەم کرد لەپێشـبینیکردنی شوێــن و جوڵــەیان. قــەت لــەو بڕوایــەدا نەبووم بتوانن بەو خێراییە بکەونە خۆ).

(ئەوە شتێك نییە گلەیی لەخۆت بکەیت). من گوتم.

(دەزانم.. دەزانم..، بەڵام مـن بەرپرسـیارم لەژیـانی ئـەو جەنگاوەرانـەو ئـەوەش زۆر ئـازارم دەدات. ئەگـەر تۆزێـك حەزەرمـان بكردایـە ئـەوە روویـنـەئەدا). ئـەوەی گـوت و هەسـتا. (بەهـەرحـاڵ باشترین شـتێك كە دەبێت بـەیانی بیكـەین ئەوەیە كـە پیـاوانـی ئۆكۆفۆر بدۆزینەوەو بچینە پاڵیان تا فەرمانی تازەمان پێدەگات).

هەمـوو چالاكییەكمان وەستاندو جوڵـەمان كەم كردەوە، تاوەكو كەمێـك تینوتاومـان بەبەربێتەوە. هەندێـكجار كەمێك وەستان و بەخۆداچوونەوە پێویستە بـۆ خۆدەربـازكردن لەفەوتان و پاشاگەردانیی.

جارێكیان ئەوەندەی نەمابوو قاچم لەسـەر سـورە مارێـك دانێم. مێـشوولەش لـەولاوە بوەستێت كە بەهۆی ئارەقەو خوێنەوە لەدووری

چـەند مـیلێكەوە تێماندەورووكان. لەگـەڵ خۆرهەڵاتنـدا خۆمـان لـەداوێنی گوندەكـە بینییەوە، بەدزە دزە لێی نزیك كەوتینەوە. ئەوەندەی سەد هەنگاوێكمان مـابوو بگـەینە ناو گوندەكە، خۆمان لەناو دارەكانـدا مەڵاس دا. لەوێدا لێیـراكشاین و چاوەڕوانی تاریك كەوتـن بووین. لەونزیكانە گوێمان لەژن و منالّ و پیرەمێرد بوو بەدەنگی نزم دەدوان.

(ئەوە ئەو كوخەیە كە شەو تیا دەمێنینەوە). ئـەوەی گـوت و بەدەسـت ئامـاژەی بـۆ كوخێكی نزیك خۆمان كرد.

(خاوەنەكەی كێیە؟).

(مـاڵی ژنێكـە مـن لەمنداڵـییەوە ئاشـناییم لەگەڵـی هەیـە، لەكۆڵانێـكا پێكـەوە گەورەبووین، هەر لێرەش مێردی بەپیاوێك كرد).

(مێردەكەی دەناسـیت؟).

(بەڵێ ئەویش یەكێكە لەسەربازە باشەكان).

(ئیستا لەكوێـیە؟).

(كـێ دەزانێت لەكوێیە، لەوانەیە ئێستا لەجێگەیەك لەشەڕدا بێت).

لەگیرفـانی كراسەكەیـدا شخـارتەیەك و جـگـەرەیەكی خـواروخێچ بـووی دەرهێنـا، دایگیرساندو بەبێـدەنگی كەوتیـنە كێشـانـی.

(بەرلەوەی ئەم جەنگە دەستپێبكات خەریـكی چیـبوویت؟).

(خوێنكاری زانـكۆ بووم).

(تـۆ بەختـەوەر بوویـت، وانــیە؟ مـن کـە تەمـەنم پـانزە سـاڵان بـوو بـەخێوکردنی خــێزانەکەمان کـەوتبووە ئەسـتۆی مـن. شـەش خوشـك و بـرام هـەبوو، بـاوکم هەمیـشە سەرخۆش بـوو، ڕۆژێـك هـەر لـەخۆوە دیــار نەمــاو ئێمـەش هـەموومان بـەوە بەختـەوەر بووین).

خـۆر بـەرەو ئـاوابوون دەچـوو، لەوەدەچـوو چەندسـاتێکی تـر خۆرەکـە بەتـەواوی لەچاوان ونــبێت.

(خـێزانەکەت لەکوێـن؟). ئەو لـێمی پرسی.

(لەلاگۆس. بەڕاستی باوکم ئـاقڵیی کـرد، کاتێـك بـینی بارودۆخەکـە بـەرەو خراپبـوون دەچـێت، مـاڵ و مـنداڵی هەڵگرت و بەرەو شوێنێکـی دور لەجەنگی بردن).

(ئـەی بۆ تۆ لەگەڵیان نەچوویت؟). شانێکم بۆ هـەڵتـەکاند.

(نازانم، بەڕاستی ئەوە شتێکی ئەوەندە ئاسان نـییە بتـوانم هـەروا بەسـادەیی باسـی لێــوە بکـەم. مـن لـەو ڕۆژانـەدا زۆر شـاعیرانە بیرمـدەکردەوە، مـن بـڕوام بـەوە هــەبوو لەپـێناوی بیرو بـاوڕەکەمدا تێــبکۆشم).

(ئەی ئیستا؟).

(ئێـستا لەهیــچ شـتێك دڵنـیانیم، قورسـە بتوانیـت بــڕوا بەهیــچ شتێــك بهـێنیت. ئەوەنـدە مـەرگ و نەهــامەتیم بینـی، واملێهـاتووە گومــان لەهـەمـوو شتێك بکـەم). ئـەو پێــکەنی.

(دەزانــیت کێـشەی تۆ چــییە؟). ئـەو گوتی.

(چــیە؟).

(تــۆ زۆر بــیردەکــەیتەوە، ژیـان بـۆ تـۆ هەمیشە هەمەڕەنـگ بووە، بـەڵام بـۆ مـن وا نەبووە، ئەوەندەی بـۆم کرابێت هەوڵمـداوە خــۆم لەمردن ڕزگــار بـکەم).

تاریکــیی بــەخێرایی بــاڵی بەســەر دونیــادا کێـــشاو لێــرەو لــەوێ ئـەستێرەکــــان بەئـاسمانەوە دەدرەوشـانەوە.

(جـەنگ شـتێکی سەیرە). ئـەو گوتـی.

(مەبەستت چییە؟).

(ئەگەر ئەم شــەرە نەبـوایە من و تـۆ یەکترمــان نەدەناسی).

(لەوانەیە یەکترمان بناسیایە، کێ دەزانێت. لەڕاستیا جیهان شوێنێکی زۆر ترسناکە. هەندێجار ئەگەر زۆر بیری لێبکەمەوە زۆر قورسە باوڕ بەخۆم بهێنم کە هەموو ئەمانەی ڕوودەدەن ڕاستیبن. لێم تێدەگەیت؟ شتەکان هەموو وەك خەونێك دێنە پێش چاو، یان وەك نوکتەیەکی ناخۆش، ئومێدێك نییە. من ناتوانم تەواو گوزارشت لەشتەکان بکەم، بەڵام تێدەگەیت من بەچی گەیشتووم؟). من ئەو شتانەم بەجۆرێك گوت کە شەرمم لەو هەڵچوونەی خۆم دەکرد.

(من پێم گوتیت تۆ زۆر بیردەکەیتەوە). ئەوەی گوت و پێکەنی.

دنیا بەتەواوی تاریکی کردبوو. چاوەڕوانی ئەوەماندەکرد مانگ دەرکەوێت و کەمێك بەرچاوی خۆمان ببینین.

(هەموو خێزانەکەم مردن). لەناکاوێك ئەوەی گوت، لەوە دەچوو کاتێکی زۆر تێپەڕیبێت.

(جێگای داخە).

(بەهیوابوون بچن سەردانی شارەکەی دایکم بکەن، پاسەکە تەقیەوە. کەسیان لێدەرباز نەبوو، من چەند مانگێك دوای ئەوە بەهەواڵەکەم زانی).

(جێگای داخە). جارێکیتر دووبارەم کردەوە.

دوای کاتژمێرێك بڕیارمان دا بجولێین، کە چووینە ناو دێکەوە گوێمان لەچەند دەنگێك بوو، بەڵام کەسمان نەبینی. گەیشتینە کوخەکەو بەخێرایی چووینە ژوورەوە.

(ئەوە کێیە؟). دەنگی ئافرەتێك هاتە گوێمان بانگی کردین.

(ئەوە منم، چایك، چەند هاوڕێیەکیشم لەگەڵە).

(چاوەڕێ بکەن). ژنەکە گوتی.

گوێم لەخشە خشی جلوبەرگ بوو، ئەمجا تاڵە شخارتەیەکی داگیرساند.

(دانیشن). ژنەکە ئەوەی گوت و ئاماژەی بۆ دوو کورسی کرد. لەژێر ڕۆشنایی مۆمەکەدا بینیم ژنەکە جاحێلە. سەری ڕووت بوو، عەزییەکی خوری ناسکی ناوماڵی لەبەردابوو. پەردەکانی داکشانەوەو هەندێك نان و کەرەی لەبەردەم دانایین و بەرەو لای تەختی نووستنەکە ڕۆیشت و دانیشت. کاتێك لەنانخواردن بووینەوە ژنەکە گوتی: (دەنگێك هەیە گوایە هێزەکانی فیدڕاڵ بەیانی بگەنە ئێرە).

(بۆ خۆشمان ئەو هەواڵەمان هەیە). ئەو گوتی: (هەرماوەی دوانزە کاتژمێرێك دەبیٚ و نابیٚ ئەوانمان بەجێهێشت، خەمی ئەوانت نەبێت، باسی خۆتم بۆ بکە... تۆ چۆنیت؟).

(ئۆبی کوژرا، ئاگات لێیـە؟).

(نا.. ئاگام لێنییە، ئەمە کەی روویـدا؟).

(شەش مانگ دەبێت، سوپاس بۆ خوا بەر لەوەی بمرێت توانی کوڕەکەی ببینێـت).

تا ئەو کاتە هەستم بەبوونی منداڵ نەکردبوو، روانیم منداڵەکە لەسەر پێخەفەکەیە.

(لێرە باش مامەڵەت لەگەڵا دەکەن؟).

(زیاد لەوەی کە خۆم چاوەڕێم دەکرد، من شووم بەیەکێك لەکوڕەکانی ئێرە کـردووە، بەڵام من یەکێك نیم لەوان).

(خەڵکی لای خۆمانیت). ئەوەی گوت و سەری بادا.

(زۆر باش بـوو کـە مـۆمەکەم داگیرسـاند تـا سەرنجـی کـەس رانـەکێشێت). ژنەکە ئەوەی گوت و هەستا لەژێر تەختی نووستنەکە حەسیرێکی دەرهێناو دایە دەستم.

(دەتوانیت بەوە هەڵبکەیت). ژنەکە لێمی پرسی.

(سوپاس). من گوتم.

لەگۆشەیەکی کوخەکەدا رامخست و لەسەری راکشام. هەسـتم بـەخۆم کـرد کـە چـەند خەستەو ماندووم. من پێشتر خەوم زۆر قورس و گران بوو، بەڵام شەڕ وای لێکردم خـەوم سووك بێت. هێشتا تاریك بوو چپەچپێك لەلای تەختی نووستنەکەوە بەئاگای هێنامـەوە. (من لەمردن دەترسم). ئەو وای گوت.

(کە کاتی خۆی هات دەبێت هەموومان بمرین). ژنەکە گوتی.

(من ئەو ئیمانەی تۆم نییە، من چیدی بڕوام بەخوا نییە).

(تـۆ بەدەسـت فـشارەوە دەناڵێنـیت، خۆشـت نازانیـت چـی دەڵێـیت. هەوڵـبدە بنوویت. بەیانی باشتر دەبیت).

(بەیانی باش نابێت، هەروەکـو خۆی وایە، رۆژ لـەدوای رۆژ). غـەمگینـییەکی قـووڵ لەدەنگـیا بوو، مـن پێشـتر چـەند جارێکی تـر هەسـتم بەهـەمان غەمگیـنی کردبـوو. لەهـەموو حاڵەتەکـاندا وەك ئەوە وایە تارمـایی مـەرگ بێـت، بـەڵام لـەوە دەچـێت هـەر

کەسێك لەو بارودۆخەدا بژی تووشی خەمساردی دەبێت. مناڵەکە جولایەوەو دەستیکرد بەگریان.

(راوەستە دەبێت شیری بدەمێ). جموجۆڵێك لەژوورەکەدا دروست بوو، ئینجا گوێم لەنووزانەوەیەکی کورت و چاوچنۆکانە بوو.

(ئۆبی پیاوێکی بەهێز بوو بۆیە شووت پێکرد، من لاواز بووم). ئەو گوتی.

(نا هەق نییە وا بەخۆت بڵێیت، تۆش ئینسانیت). ئاگام لێبوو هەستا. ئینجا گوێم لێبوو گریا.

(وەرە) ژنەکە گوتی: (وەرە).

ورده ورده کات بەرەو بێدەنگی دەچوو، من دەمتوانی شێوەیان بکەم، هەرسێکیان لەسەر تەختی نووستنەکە بوون. ژنەکە دانیشتبوو، پشتی کردبووە دیوارەکە. منداڵە ساواکە مەمکێکی دەمژی و پیاوەکەش ئەوەکەی تر. گوێم لەگریانی ژنەکە بوو بەهێمنی، بەڵام لەپیاوەکە زیاتر دەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێت. دوای ئەوە خەوم لێکەوتەوە.

٧

من چیم پێدەکرێت؟ ئەوان پێنج کەسن و هەمووشیان چەکدارن، منیش تەنیا خۆم و ئەوین، برسی و ماندوو و لێکەوتەم.

ئێمە هەردوکمان لەژێر رەحمەتی ئەواندایین، ئەوانیش بۆ خۆیان ئەوە باش دەزانن. من هەرچۆنێك بێت دەتوانم بەرەنگاری یەکێکیان ببمەوە، ئەوەش هیچ هونەرێکی تیا نییە. خۆت دەتوانیت بەدڵنیاییەوە ئەوە ببینیت، تەنیا لەهەقیقەتەکە بڕوانەو تۆ پێم بڵێ لەوکاتانەدا دەبێت چیبکرێت؟

هەر یەك جوڵە بکەم بێچەندوچوون هەلاهەلام دەکەن. ئەوەشم باش دەزانی کە دوانیان زۆر بێدەماخ بوون دەکرا گوللەیەکم پێوە بنێن و ساردم بکەنەوە. کێ پێی دەزانێت؟ بەوەش تەنیا دەبمە شەهیدێکی تری بایفرن. یەکێك زیاتر باشتر.

مەسەلـــەکە بـەو جـۆرە بـوو، لـەنیوەی شـەودا شارەکەمـــان کەوتـــە بـەرهێرش، سەربـازەکـانی ئێـمە هەڵاتـن و تـەنیا خەڵـکانی بێـچەك ماینـەوە. کێـشیان کردینـە نـاو ئوتێلێکـــەوە، بەدڵنیـــاییەوە گـوێم لەپڕوپـاگـــەندەکانیان بـوو، لەبەڵێـــنەکانیان کـە جینـۆسایـدمان ناکەن.

بەڵام کـێ باوڕیـان پێـدەکات؟، سەربازە نەیجیرییـەکان کێـوی بوون. رێـگەم بـە بـۆت باسبکەم. کێـشەکە بەرەو خراپتر چوو، کاتێك شەرابی خورمایان دۆزییـــەوە، تـا توانیـان خواردیانەوە، بەکەسیشان نەدەگوت بەتەمان چیـبکەن.

من هــەڵاتم، بەرەو دارستـان و لێرەوارەکـان هـەڵاتم، تـاتوانیم رامـــکرد، رامـــکرد تـا لەهۆش خـۆم چـووم. نزیکی بەرەبـەیانی خـەوم لێکـەوت. کـاتـێ بـەئاگاهاتم ئـەو لەسـەر زەوییەکە لەتەنیشتمەوە هەڵتروشکا بوو.

(تۆ کێـیت؟ چـۆن منت دۆزییەوە؟). من لەکچەکەم پرسی.

(من شوێـنت کـەوتم). کچـەکە گوتی.

(من ئاگام لێت نەبووە، بۆچـی بانگت نەکردم؟). من پرسـیارم لێـکرد.

(حــەزم نەکــرد بتترســـێنم، بەهــەرحاڵ لەوانـە بـوو تـۆ پێـت بگوتمایـە بگـەڕێرەوە، لەبەرئەوەی من ئافرەتم). ئەو گوتی.

(تۆ خەڵـکی کوێیت؟) من لێـم پرسـی.

(من خەڵـکی لای ئـێوە نیم). ئەو گوتی: (من خـەڵکی شــاری (ن) م، دوایئـەوەی کـە لێـدراین من و خێـزانەکەم لـەگـەڵ خەڵکانێکی تر دەرباز بووین).

(خێـزانەکەت ئێـستا لەکوێـن؟).

(ئەوان لەدواوە جێـمان، نەیانویـست لەگـەڵـم بێـن. ئەوان گوتیـان لەڕاکـردن مانـدوو بووین). ئەو گوتی.

کەوتـینـەوە رێ، من دەمزانی ئەگەر شوێن ئاڕاستەی خۆرەکە بکەوین، دەمەو ئێـوارە دەگەینە سەر رێگای سەرەکـیی. لەوێشەوە دەتوانـین درێـژە بەسەفەرەکەمـــان بدەیـن تـــا دەگـــەینە پایتەختـــی تـــازە. ئەگــەر دەستوبــــرد بکــەین ئــەوا تەنیــا پێنـــج رۆژ دەخـایەنێت.

بەدرێـژایی ئـەو ڕۆژە بـەردەوامبووین لەڕۆیشـتن. لەگەڵ ئەوەشـا بەختـەوەربووین کـە وەرزی بارانبارین دواکـەوتـبوو، دەنــا ڕۆیشــتن کـارێکی وا سـانا نەئـەبوو. بـەبێ بـوونی داسیش کە لەهەندێك جێگە بـەکارمان دەهـات بـۆ پاکردنـەوەی ڕێـگاکە لەگژوگـیا ئـەوا کاتێکی سـەختمان دەگـوزەراند. من ئــەوەم بـەلاوە سـەیر بـوو کـە ئـەو چـۆن دەیتـوانی لەگـەڵ پێـی من دەرچێت، لـەگـەڵ ئەوەشـا گلەییـەك یان دەردە دڵێـك چییـە لـەدەمی نەهاتـەدەر. بێـزاربوونم لەبـوونی ئــەو لەگـەڵم، وردە وردە ئـەگۆڕا بـۆ بـەزەیی و ئینجـا لەبەزەییـــەوە دەبـوو بەسەرســامبوون پێـی. دواجـاریش شـانازیم بـەوەوە دەکــرد کـە هـاوسەفەرێـکم لەگەڵە.

پێـش ئەوەی تاریك دابێت داوام لێکـرد ڕاوەسـتین، شـوێنێکی خاوێنمان دۆزییەوە کە نیـوە مایلێك لەڕێگـاکەوە دوور بوو.

(ئەندامانی خاچـی سوور ئەم ڕێگایە بەکاردەهێـنن). من گوتم:(بەختەوەردەبین ئەگەر سبەینێ تووشی لۆرییەکی ئەوان بین).

(ئەی ئەگەر وانـەبوو).

(ئەوە دەبێت سواڵ بـکەین، نزیکـەی بیــست مــیلێك لێرەوە گونـدێك هەیـە، ئــەوان دەست نانێـن بەڕوومانەوە).

دەستمانکرد بەدارو چیلکە کۆکردنەوە، کاتێك ئەوەنـدەمان کـۆکردەوە کـە بەشــمان بـکات، ئاگرێـکم کردەوە. هیوام خواست هیچ هێزو تاقـمێك لەم نزیکانەوە نەبن، لـەوەش زیاتر دەترسام لەوەی کە ئاژەڵـی کێوی هێرشـمان بهێـننە سەر. من دەتـوانـم لەدوورەوە گوێم لەکەمتیار بێـت، لەگــەڵ ئەوەشـدا دەمــزانی کـە ڕەنگـە بـۆنی ئێمـە بـەرەوئێرەیان ڕاکێشـێت. دوایـین جگـەرە کـە پێـم مـابوو کێـشـام، بـەڵام سـەر سکی برسـی کێـشـام، وایلێـکردم هەست بەگێـژ بوون بکـەم.

(ناوت چـیە). من لەوم پرسـی.

(جێرتی).

(ئـایـا تۆ کرستیانیت).

(بەڵـێ).

(من بڕوام بەخوای پیاوە سپییەکان نییە). من گوتم.

ئەو هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. لەنزیك ئاگرەکەوە هەڵتروشکاو کەوتە تەماشاکردنی ئاگرەکە.

(تەمەنت چەندە ؟). من لێم پرسی.

(هەژدە). ئەو وتی.

شەمشەمەکوێرە لەسەروو سەرییەوە دەفڕین کە لەناو شینایی ئاسماندا ڕەشیاندەکردەوە.

(بەر لەوەی شەڕ دەست پێبکات خەریکی چیبووی؟). من لێم پرسی.

چەند پارچەدارێکی هەڵدایە ناو ئاگرەکەوە، دارەکان دەستیانکرد بەقرچە قرچ و بڵێسەکانی ئاگرەکە روخساریان ڕۆشنکردەوە.

(هیچ... ئێمە تەنیا خێزانێکی جووتیاری هەژاربووین. یاریدەی دایکم ئەدا لەبەڕێوەبردنی ماڵدا). ئەو وتی.

دەستم دەرهێناو باسکیم گرت.

(وەرە لەگەڵ من بنوو). ئەوەم گوت ئەویش بەقسەی کردم. باوەشم گرت و توند گوشیم بەخۆمەوە. دەستمانکرد بەخۆشەویستی. ئەو هێشتا کچ بوو. ئەو شەوە پچڕ پچڕ خەومان لێکەوت، ناوە ناوە ئەو هەڵدەستاو ئاگرەکەی خۆشدەکردەوە.

مێشولەکان وایان لێدەکردین خەو نەچێتە چاومان. بەلای گوێچکەماندا دەهات و دەچوون و گیزەگیزیان لەپێستی خۆمانی دەبردینە دەرەوە. کاتێك خۆرهەڵات جارێکی تر هەستاینەوە. ڕۆیشتنمان سوکتر بوو، بەڵام دەبوو بەترس و ئاگایی زیاترەوە تێپەڕین.

دەمەو نیوەڕۆ لۆرییەکمان بەدیکرد، خۆمان لەناو دارەکاندا شاردەوە. کاتێك لۆرییەکە بەلاماندا تێپەڕی بینیم جەنگاوەرەکانی خۆمان بوون. گەڕاینەوە سەر ڕێگاکە، تا تەماشای لۆرییەکانی تر بکەین. من دڵنیا بووم ئەوان دەچن بۆ پایتەخت. بەڵکو لەسەر ڕێگای خۆیانەوە ئێمەش هەڵبگرن. لۆرییەکەی دواوە کە نزیك کەوتەوە، دەستم بۆ ڕاوەشاند. ئەوەندەی نەبرد سەربازێکی نایجیری بازی دایە خوارەوە. بەوەشا زانیم

من زۆر بەهەڵەدا چووم. ئیتر بۆ خۆت دەزانیت، کاتێك بانگهێشتم کردنە خـوارەوە ئـیتر دەروویەك نەما بۆ هـەڵاتن. ئێمـە کەوتینـە ژێـر رەحمـەتی ئەوانـەوە. ئێمـەیان راکێشـایە پشتەوەی لۆرییەکەو یەك لەدوای یەك سواری کچەکە بوون. ناچاریشیانکردم تەماشـایان بکەم. کچەکە هـاواری ئەکـردو پەلامـاری ئـەدان و لێـیان دەپاڕایـەوە، بـەڵام بەرانبـەر ئەوان چـی پێدەکرا؟

رێگام بە پێت بڵێم، مــن خـۆم کـەڕ کـرد لەبەرانبـەر ئەشـکەنجەدانی ئــەو. هـیچم نەکرد، لەوەش خـراپتر کـە سـەرۆکی باندەکـە کـاری خـۆی تـەواوکرد تەماشـای کـردم و پێکەنی. بەڵـێ پـێم پێـکەنی، منـیش لەدوایــەوە پێـکەنیم. دەزانم ئــەو بـەوە ریـسوای کردم. وەك ئەوەی پێم بڵێ: (تەماشا بکە مـن دەتـوانم لـەحزووری خۆتـا چــی بەژنەکـەت بکەم و تۆش هیچت پێناکرێت).

منیش پێـم گوت: (چیت دەوێت لەگەڵ ئەوا بیکـە، دەبێت ئەو بۆ من چیـبێت؟ ئـەو بەتەنـیا ئافرەتێکە، بەڵام توخوا رزگارم بکە). ئەو زانی من بیر لەچـی دەکەمـەوە، لـەوە زیاتر ریسـوای کردم. من لای ئـەو رێزی سەگێـکیشـم نەبوو. کاتێك لـەکاری خۆیـان تـەواو بوون ئەوان رۆیشـتن و لەوێدا بەجێیان هێشـتین.

ئێستا من لەتۆ دەپرسم: ئایا تۆش هەرهەمان شتت نەئەکرد ؟ ئایا کەسێکی تر هـەیە بیر لەشـتێـکی جیاوازتر بکاتەوە؟

تەنیا کەسانی گەمـژە هەوڵـدەدات رایـانبگرێـت، بۆ سـاتێـك خۆت بخـەرە شوێـنی من و بیـری لێبـکەرەوە.

ئـەوە سـاتەوەخـتی جـەنگ بـوو، هەسـت و سـۆزی ئینـسانیی لـەوێـدا کـاری خـۆی ناکات..، لەهەژدا مـانگی داهاتــودا بەتـەواوی لـەبیرم چۆوە. کاتێــك تـۆ هـەوڵـدەدەیت خۆت دەرباز بکـەیت هەمـوو شـتێکت لەبیـر دەچێتەوە، تـەنیا ئەوە نەبێت کە لەسـاتی حـازردا دووچـاری دەبیت، بەڵام ئەو هـەستە بۆ ناو داهاتوو درێـژ نابێتەوە، ئەمڕۆ بێ یان سـبەینێ هەر دەبێت کۆتایی پێبێت.

من ئێستا خـەون بـەو کـچەوە دەبینم، تەنـیا ئـەو نـەبێت بـیر لەهــیچ شتـێکی تـر ناکەمــەوە. ئــەو ســاتەم بـیر دەکەوێــتەوە کــە مــن چــۆن بــەڕووی ســەربازەکانەوە

دەخەنیمەوەو چی بەمێشکمدا گوزەری دەکرد. ورده ورده هەموو شتێکم ونکرد. ژنان چیدی رامناکێشن بۆ لای خۆیان. من نەمئەتوانی گرنگی بەهیچ بدەم تەنانەت بەکارەکەشم. ژیان بەلای منەوە زۆر بێبایەخ بووە.

پاڕانەوەش بۆ ژیان و خۆ دەربازکردن چیدی کەڵکی نییەو جۆرێکە لەکات کوشتن. ئێستا دەزانم وا باشتر بوو بۆ من لەو کاتەدا بمردمایە. ژیان زۆر بێکەڵك بووە. تێم دەگەیت دەڵێم چی؟

پەراوێز:

شەڕی ناوخۆی نەیجیریا، لەهەندێك شوێندا پێیدەڵێن شەڕی بایفرن کە لەساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ خایاندی.

پیەرس: نوسەرێکی ئازادیخوازی نەیجیرییە، زۆربەی ژیانی لەلاگۆس بەسەربردووە. گەلێك کتێبی نووسیوە، لەوانە لەولاتی باوکدا، سەفەرێکی نەیجیرییانە، وەفاداریی و کۆمەڵێك چیرۆکی تر، بەچەند میل دەگەیتە بابلیۆن؟

ئەم چیرۆکە لەم کتێبەوە وەرگیراوە:

Africa Rhapsody published by Doubleday
(inc. A division of Bantam Doubleday Dell Publishing
(Group, ١٠٠٣٦
١٥٤٠ Broadway, New York

# ئەویٚ خۆرو...

# ئیٚرەش تاریکیی

**ن: حەسەبەڵڵا یەحیا**

**و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

– وەرە.. وەرە بارێککەوین، خۆری خۆم بەشەوی تۆ بگۆڕینەوە.

لەپایزی بەغدا کاتژمێر حەوت لێیدا.. لەوێش خۆر گەرم و نامۆبوو.

شەرمم هات لێی بپرسم! لای ئێوە سەعات چەندە.. نەمدەویست بەپرسیاری سەرپێیی کاتەکە بەفیڕۆبدەم، نەمدەویست بۆ وتووێژێکی نۆبەرە، کەهێشتا دەستی پێنەکردبوو... وشە بهۆنمەوە.

کلیلی قسەکانمان درێژە، لەزەریا قووڵترو لەئاسۆش بەرفراوانترە، دەمویست هەموو ئەو شتانەی بۆ باسبکەم کەبەسەرما هاتوون.

باسی ناکەم.. ئەمە لەخۆشەویستی و شەوقەوە دوورە..دەبیٚ بزانم لەویٚ چۆن هەناسەدەدات؟ ئەو ڕەزیل بوو لەقسەکردن دەربارەی خۆی و جیهانی چواردەوری... من هەستمپێکرد کە دارستانێك وشەی تاساندووە کەدەیەوێت بیاندرکێنێت.. بێدەنگە لەبەرئەوەی هەستی من نەشێوێنێت، تا قسەکانی نەبنە بوغرایی و خۆش رابوێری، لەکاتێکدا زستان بەسۆزو بەزەیی و نەرمونیانیی بەسەر گریاندا ئەشکەنجە دەکێشێت.

دەمزانی چۆن قسەی لێدەردەهێنم، چۆن ئازارەکانی بگوشم و چۆن تنۆك تنۆك مەینەتیی لیٚ بچۆڕێت... چۆن پێکەوە بکەوینە گریان.

–گریان.. لەسروشتی پیاوان نییە.

دەڵێت....

–چاوی ئێمە هەر بۆ گریانی بەخوڕ، شادی بەجۆش کراوە.. دەڵێم... وامدەزانی هەر ئێمە راستی ئەو فرمێسکانە دەزانین کە لەدیدەکانمانا قەتیسماون.. بۆ خەمی جەرگبڕ، یان شادیی... شادیی نایەت، خەمیش هەرگیز کات بەجێناهێڵێت.

رستەیەك لەویٚ.. من پێیدەبڕم، وشەیەك لەویٚ.. ئەو بەمنی دەبڕێت.. من پێیدەبڕم.. ئەو پێمدەبڕێت.

مۆبایلەکـەش دەخوازێـت دیـالۆگێکی ژیـاریی ئەنجامبـدەین..ئـەو لـەوێ رسـتەکەی دەستپێدەکات، من لێرە...، بەڵام ئێمـە لـەوێ نـین، ئـەو لەوێیـە، منـیش لـەوێم و لێـرەو لەوێ، وەك دوو چۆلەکەی سەر دوو تەلی هاوتەریب لەیەك ئاڵاون.. تەلێکی ساردو تەلێکی گەرم... بەحەزەوە دەسووتێین.

ئــای خودایــە... ســووتانی حــەزەکان چــەندە بــەتام و بــەئازارو بەفرمێــسك و زەردەخەنەیە.

ئای خودایە... بۆچی دونیات بەم رەنگە دروستکردووە...ئای خودایە.. ئـەم دونیایـە ناتوانێت لێکمان دابڕێت..خودایـە.. فراوانکـە، فراوانکـە، ئـەم دنیایـە جێـی ئێمـەی تێدا نابێتەوە، حەزەکانمان گەورەتر فـراوانتر، قـووڵتر..مـەوداکانیش بێسنوور.. سـنووریش بێسنوور.

من بەقسەکردن و گوێگرتن شەپۆلم دەدا.. دەمویست هەر گـوێبگرم، گـوێ لەتاقگـەی وشەکانی بگرم..کەگەرم... گەرم.. دەپرژان.

—خۆشەویـستەکەم.. بۆچـی وابەگـەرمی دەدوێیـت.. بـۆ حـەزم بـۆ نـانێکی گـەرم دەورووژێنیت و وادەکەیت بەجارێك بتخۆم و بۆ تەمەنی ماوەم هەڵتبگرم.

—خۆشەویـستم.. بـۆ ئەوەنـدە رەزیـل و خۆپەرسـتیت، دەتـەوێ هـەر خـۆت نانێـك بخۆیت.. ئەی جاران لەتمان نەدەکرد، خەممان بەشادیی نەدەگۆڕی.. لەهەموو ژوانێکدا.. بۆچی بەمجۆرە بیرکەینەوە تۆ بۆخۆت هەڵمبگریت و من بۆ خۆم هەڵتنەگرم.. نەمـدەزانی تۆ وایت، گۆڕاویت، سـرودت هـەر بۆخـۆت دەوێـت، مـن وامـدەزانی لای تـۆ بـەهای سـۆزو قوربانیی باڵادەستترە.

پێدەکـەنیت دەبیـنم تـا رادەی گریـان پێدەکـەنیت.. منـیش دەگـریم و سـنوورەکانی پەرۆشیی چاوەڕوانی دەگوزەرێنم.

—ئەمڕۆ لێرە خۆر زۆر جوانە.. منیش تـەنیام، رۆحـم تاریـك..کـێ روونـاکی لەڕۆحمـدا هەڵدەکات!

—بـەڵام لێـرە.. نـەك لـەوێ، بـەڵێ لێـرە دەمانـەوێ یـەکبگرین و لەیـەکمان دادەبـڕن، ناشمانــەوێ دابــڕێین، لێــرە مۆمگــەلێکیان لێمانــدەوێت کەدەمێکــە لەخۆشەویــستیدا دامانگیرساندوون.. خۆرەکەمان ئەو خۆرەی جاران نییە کە تۆ دەتناسـی.. ئێمـە نـەلێرە ماوین نەلەوێش، دەمویست پێی بڵێم:

—هەر خۆت لەبەر خۆردایت، کەس لەتۆ زیاتر شایستەی ئەو شوێنەدڵگیرە نییە.. شەرمم کرد.. ڕۆحەکەم..ناتوانم ئەو برینە قووڵانە لەبیربکەم کەبۆنیان لێدێت.

ڕوونیی دەشارمەوە، بانگەوازەکەم قووت دەدەمەوە.. تا نەبێتە عەشق بازییەکی سەرپێیی، منیش شارەزای عەشقبازیی نیم، کاتێك شکنابەم.. هەناسەی تیابدەم و لەو تێربم، تینویەتی و پەرۆشیی و حەزەکانم بکوژێنمەوە، بێدەنگ بوو، زانیم وشەکانم گرتووەو زیندانیم کردوون، لێیان ناگەڕێم.. باڵیان دەقرتێنم تا لەسەر سینەم هەڵنەیەن، قەفەزێك بشکێنن کە لەتاڵی وەهمی چنراوە.

—دەتۆ قسەبکە.

—نا تۆ قسەبکە.

من و تۆ، تۆ و من.. ئەم مۆبایلە ناتوانێت حەقیقەتی هەستەکانمان بگوێزێتەوە.. کێ دەڵێت شارستانییەت بەخێرەو جیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلە.. ئەم ئامێرە..پۆستەیە، دەنگ و وشەو وێنەکان دەگوێزێتەوە.. بەڵام حەزەکانمان لای خۆمان جێدەهێڵێت.. بۆئەوەی کارتی زیاتر بسوتێنین، ئەو پارانەمان خەرج بکەین کەبەجەستەی شەکەت و کێڵانی زەویی بەیار دەستماندەکەوێت، زەینێکی بازرگانی..بەنرخێکی گران مەوداکانی لێدەکڕین..زاریشمان وەك چاوگەیەك لەعەشقدا لەهەموونرخەکان گرنترە.

—ها..لەبیرتە خۆرەکەمان چۆن لەیەك کاتدا بەئاگادێت، نەفرەتی، تۆ زوو دەهاتیت و ناچارت دەکردم بۆ ژوانت نوێنەگەرمەکەم جێبهێڵم.

—نەخەوتبووم..هەڵدەلەرزیم..ئەوە تۆ بۆچی وایت؟

—وام..چی..چۆن..تێناگەم!

—تێدەگەیت..

ساتێك بێدەنگ دەبێت..بەزەردەخەنەوە وەڵامم دەداتەوە:

—نەفرەتی..

دەزانیێ و تێدەگاو خواخوایەتی..خواخوامە ئەم گەرم داهاتنە لەڕووناکی خۆرەکەدابێت..خۆری ڕۆحەکانیشمان ڕۆشن بێت، قووڵتر..لەقووڵایی خۆر...قووڵتر.

—لەبیرتە..کەخەڵکی لێدەبوو..چۆن بەتیلەی چاو دەمانووسی و دەدواین..؟!

—نەماندەویست کات بەفیڕۆ بدەین..خەڵکی بەردەوام کاتی بەفیڕۆیان هەیە..ئەوان بۆکات بەفیڕۆدان تەسبیحات دەکەن.

—ئەوان بۆ ناوەکانی خوا تەسبیحات دەکەن.

—بۆ خوا ناوی خۆی لەبیرکردووە.. تا ئێمە بەیادی بهێنینەوە؟!

—بەڵکو بۆئەوەی سوپاس و ستایشی بکەین.

—بێگومان..بێگومان..سوپاس و ستایشی بکەین..ئەو وای کرد یەکتری بدۆزینەوە.

پێدەکەنیٚ و دەپرسیٚ:

—بۆ ئێمە دۆزینەوەین؟

—بەڵیٚ..ئێمە نەناسراوبووین تا یەکترمان ناسی، عەشقی یەکتر بووین و توواینەوە.

—هەمووشتێك بۆخۆت بەگەڕ دەخەیت، دەتوانیت وابکەیت هەموو شتەکان لەخولگەتا بسوڕێنەوە، منیش دەزانم چۆن کات و وشەکان بەگەڕ بخەم..تادڵت نەرم دەبێت مل دەدەیت و ڕووناك دەبیتەوە..

دڵەکەم..ئەمە لەچاکی و چاکەی یادەوەریو دڵ نییە؟

ئاخۆ مرۆڤایەتی ژیر..کارێکی باشی نەکرد بەپشکنینی زەیتوونێکەوەخۆی خەریککردو کۆترێکی هەڵدا..ئەی چڵ و کۆترەکەم؟

هەر خۆمان..مەبەستم هەر خۆیان..ئەوانەی سەری ئیمپراتۆرێتیان هەڵگرتووەو پێیانوایە تووڕەیی..گوللەو چەقۆو کۆچپێکردن..یەکلایی کەرەوەیە.

هەرخۆمانین..مەبەستم من و تۆیە..مەبەستم مۆمێك لەتۆو وشەیەك لەمن، مەبەستم گوڵێك لەتۆو نانێك لەمن..مەبەستم دوو هەنگاو لەتۆو هەنگاوێك لەمن، نا مەبەستەکە هەڵگێڕەوە..دوو هەنگاو لەمن و هەنگاوێك لەتۆ.

نا نابیٚ جیاوازی بکەین، هەنگاویٚ لەتۆ و یەکیٚ لەمن، دوو هێڵی ڕاست بەیەك ناگەن..بەڵیٚ بەیەك ناگەن، چۆن؟ مەسەلەکە ئەوەندە گران نییە، ئەم سڵەمینە بۆ؟ بڕوانە ئاسۆ بەیەك نەگەیشتوون، ئەوە خەونە، ڕەنگە خەونەکان ببنە واقیع..ئەی خەون و واقیعم؟

بەردەوام خەون دەبینیت..ئێمە بیٚ خەونین.

تۆ بڵیٚ ناتوانین پردێك دروستبکەین..هەردوو هێڵەکە لەوێدا یەکبگرن؟

کیٚ دروستیدەکات، تۆ، نا تۆ، من و تۆ، پێکەوە، کەواتە ڕێککەوتین.

پرد بونیاد نرا، بەرزبووەوە..ڕۆحی ئێمەش بونیاد نرا..ڕۆحەکەم.

—تۆ شتە قورسەکانیش چارە دەکەیت..

—هەموو گرێیەك کرانەوەی هەیە..بەو مەرجەی بمانەوێت.

—من دەمەویٚ بێم بۆلات.

—منیش دەمەوێ بێم بۆلات.

—لەناوەڕاســتدا وێــڵ دەبــین..ناوەڕاســت چارەســەر نییــە، هــەموو ڕێگەچــارە مامناوەندەکان..کاتی و هەلپەرستی و شکست خواردنن..خێرادێت و خێراش دەپچڕێت.

ساتێك بێدەنگ دەبین...لەوێدا هەستدەکەم بەرەو شەڕێك دەبینەوە..شـەڕێك نـازانین دەرەنجام و بارودۆخ و ئاڵۆزیی و کێشەو ئازارەکانی و...و..چین.

هەستەکەم خۆری ئەو هەڵاتووە..لەوێ دنیای پڕ لەڕووناکی کردووە.

هەستەکەم لێرە..تاریك داهاتووە..هەناسەمان دەتاسێنێت.

لەنێوان ئەوێ و ئێرەشدا..وێڵ و بزر دەبین.

تـۆ تێکشکێنراو، وێـڵ، نـامۆ، تـەنهایت..لـەوێ، هـەر لـەوێ دوو جەسـتەو عـەقڵێکی سەرسام، خەمی مـەرگ و چاوەڕوانی و پەرۆشـیی دەتبـات، دەزانم، دەزانم، لێـرەش مـن بەخۆمدا گرمۆڵەدەبم، وەك مێرولەیەك پان دەبمەوە، لەپاڵ تاوێرێکدام، ..تاوێرەکە رەقـە بەجەسـتەی نەخۆشـم، تاقـەتی خـۆم و خەمـەکانم نـەماوە، ناشـتوانم بڵـێم..ئـەوەی دەگوزەرێـت هەڵەیـە..ئـەو ئاگرانـەش هـەمووومان دەسـووتێنێت، ئـاخۆ تـۆ بزربـوون بەسووتان..زانراوی خوێناوی بەنادیاریی سرك و ترساو دەگۆڕیتەوە؟

بەدووری ناگرم ڕۆژێك لێرەش خۆر هـەڵبێت..بـەدووری نـاگرم لێـرە تـاریکیی تاریك و نووتــەکتر بێــت..بــەدووری نــازانم خۆرەکــەت..لەشــتەکان رابێــت..بــەدووری نــاگرم لەوێستگەیەکی ئەم جیهانـەدا بەیـەك بگـەین، چونکە حـەزەکانمان بەتـەنیا ناکوژێتـەوەو دووری بەدوور دەگرم..نزیکی نزیـك دەکەمـەوە..نزیکـی دوور دەخەمـەوە، دووری نزیـك دەخەمەوە..وەك ئەوەی لەلامدابێت دەدوێم، لەئامێزی دەگرم..ماچیدەکەم..کۆترەکـانی شادیم هەڵدەدەم. لەخۆشی بوونی ئەو لەلامدا.

—ئەلو..بۆ بێدەنگیت..ئەلو..چیتە..ئەلو..ئەلو..

تەماشای مۆبایلەکەم دەکەم..دەمەوێ دەنگیم پێبگەیەنێت.. شاشـەکەی سـپی..دڵـی منیش سپی و ئاسمانیش تاریك، مۆبایلەکەش بێدەنگ..دەبیـنم لـەوێ خـۆر کوژاوەتـەوە، ڕۆحم..وێڵ و سەرگەردان دەبێت، مۆبایلیش بازرگانێکە لەسـۆراخی نرخـی کارتێکدایـە تـا بێتە قسە..تا ئەو قسەبکات و منیش.. بەڵام قسەکردن نەما.. بەداخەوە.

# شەوی خۆشنووسان


## نووسینی: یاسمین غاتا

## خوێندنەوەی: جان واڵك

## لەئینگلیزییەوە: تۆفیق عەبدول


(خۆشەویستیی بۆ نووسین)

یـاسمین غاتـا لـەرۆمانی (شـەوی خۆشنوسـان)دا سـەر گوزەشـتەی ژیـانی یـەكێك لەئافرەتـــە خۆشنووســـە كەمـــەكانی مێـــژووی توركیـــا دەگێڕێتەوە،كـەژیانی خـۆی تـەرخانكردووە بـۆ خۆشنووسـیی و كردویـەتی بـەهۆكارێك بـۆ بـەرگریكردن لـەخۆی و دەیسەلمێنێت كەهێزیكی كاریگەرو دەستوەشێنە.

ئەم ژنە خۆشنووسیی دەكات بەپەناگەیەكی بێوەی بۆدەربازبوون لەژاوەژاوی مێژوو.

ئەگەر بڕوا بەداستانی تیوت(Theut)و تاموس (Thamus)بكەین، بۆماندەردەكەوێت سەرەتای نووسین بەمشتومڕ دەستپێكردووە، كاتێك داهێنەری پیرۆز تیوت بەرهەمەكەی خـۆی پێـشكەشی تاموسـی پاشـای میـسر كـرد، ئـەو رەتیكـردەوە. بەپێـچەوانەی داهێنەرەكەیەوە، تاموس بڕوای نەبوو نووسین كەرەستەیەكە، بۆئەوەی گـەل هۆشـیارترو داناتربێت و مرۆڤـ زیرەكتر بێت، بەڵكو بەتەواوی رای پێچەوانەی ئەوە بوو.

تـاموس بـڕوای وابـوو نووسـین لەناوەڕۆكـدا مەترسـیی لەكارخـستنی عـەقڵی هەیـەو مەترسیی لەناوبردن و تەماویكردنی ماناو جوانكاریی وتووێژی زیندووی ڕووبەڕووی هەیـە، لەجیاتی ئەوە لق و پۆپی زیاتر بۆ هەڵێنجانی مانا دەدۆزێتەوە.

قسەی ڕووبەڕوو ژیانەو نووسین جۆرێكە لەمردن، چونكە خۆی وەكو هەموو شـتەكانی تـر گیـانی تیانییـە، نـەدەتوانێت وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بداتـەوە ئاراسـتەی دەكرێـت و نەبەرپەچی هیچ تۆمەتێكیش بداتەوە.

یـاسمین غاتـا لەرۆمانـە نوبەرەكەیـدا (شـەوی خۆشنووسـان)، چـیرۆكی نووسـین دەگێڕێتـــەوەو بەرهەمەكـــەی بەڵگەنامـــەی خۆشەویـــستییەتی بەرامبـــەر خۆشنووســـیی و بەرامبەر ئەوانەی هەموو ژیانیان تەرخانكردووە بۆ قەڵەم و ئوچ.

مـردن و نووسـین بـەلای ئـەوەوە نـزیکن لەیەکـەوە. کەسـی یەکـەمی حیکایـەتخوان چـیرۆکەکەی لەکۆتاییـەوە دەگێڕێتـەوە، لەوچـرکەیەوە کەتەرمەکـەی دەنێـژن. لـەخاڵی مردنەوە دەستدەکات بەگێڕانەوەی چیرۆکی ژیان، ژیانێك کەناکرێت لەنووسین دابڕێت.

بڕوا بەخۆبوون و ململانێی هێمن.

حیکایەتخوانەکە(ریققەت کونت–Rikket kunt) (١٩٠٣–١٩٨٧)ە، کەنەنکی یاسمین غاتایەو یەکێکە لەژنە خۆشنووسە کەمەکانی تورکیا، لەگەڵئەوەشدا کتێبەکە هـیچ بوارێـك بـۆ گومـان ناهێڵێتـەوە، کـە ئـەو هونـەری نووسـینەی باسـیدەکات، هـەرگیز پەیوەنـدی بەمردنەوە نییە، بەڵکو وا خۆی دەخاتەڕوو کە ناوەندێکە هەموو شـتێك تیایـدا بابەتـە بـۆ فەنابوون–لەژێر گوشاری ئەخلاقیاتی بێدەنگیی و لەڕێگەی کەرەستەکانی چەوساندنەوەو گەڕان بەدوای پەناگەیەکی زیندوودا: بـەهێمنی و دڵسـۆزیی و نـاکۆك لەگـەڵ سـەردەم دا، بەجۆرێك کە راستەوخۆ گوزارەی لێناکرێت و لەبەردەم مەترسی نقوم بوندایـە لـە گێـژاوی ژاوەژاوی (مێژووی مەزن)دا.

لەهەمانکاتدا رۆمانەکەی غاتا لەڕوویەکی تەواو پێچەوانەوە سەرنجڕاکێشە. نـەك تـەنیا پارچەیەکی شیعریی ناسکی هەستیاری چڕوپڕە، بەڵکو گێڕانـەوەی سەرگوزشـتەی ژیـانی ریققەت کونت وەرچەرخان و گۆڕانکارییە گەورەکانی مێژوو دەردەخـات: هـەر لـەڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە تا لەدایکبوونی تورکیای لاو و گۆڕانی ئەسـتەنبوڵی کـۆن بـۆ شارێکی گەورەی هاوچەرخ.

ریققەت لەیالی یە–ڤێلای تەختە–کـەی دایـك و باوکیـدا، راسـتەوخۆ لەسـەر بۆسـفۆڕ، گەورە دەبێت و لەسەرەتای لاوێتیـدا لەپزیـشکێکی ددانـی ساردوسـڕیان مـارەکرد، نـاوی کیری بوو، زۆر رووینەدەدا بەڕیققـەت، ئـەویش بۆیدەرکـەوت کـە خۆشنووسـیی تـەکنیکی بڕوابەخۆبوون و ململانێی هێمنانەیە: دەڵێت دەسـتمکرد بەخۆشنووسـیی، بۆئـەوەی ئـەو دەستەم دڵخۆش و کامەران بکەم کەبەو ناوەختییە ئەڵقـەیان تێکرد، جوڵانـدنی پیتـەکان لەشـوێنی خۆیـان و گەمـە پێکردنیـان و تێکـشکاندنی دێڕەکـان کەرەسـتەی نـاڕەزایی دەربڕینم بوون بەرامبەر بەو بەشوودانە.

فرت و فێڵەکانی پیاوەپیرە نیوە–عاقڵ و نیوە–شێتەکان

ریققەت کونت دەستیکرد بەنزیکبوونەوە لەخۆشنووسە پیرەکان و بوو بەیاریـدەدەری ئەو (پیاوە شارەزا خاوەن بەهرە یەزدانییانە)و شان دەداتە بەر هەموو فرت فێڵەکانی ئەو پیاوە پیرە نیوە–عاقڵ و نیوە شێتانە و بەهەموو هەسـتییەوە هونەرەکـەیان لێـدەدزێت.

لەکۆتاییـدا کاتێـك (سـەلیم) مامۆسـتا پیرەکـەی خـۆی دەکوژێـت و هـەموو کەرەسـتە بەنرخەکانی خۆشنووسیی بەمیرات بۆ ریققەت دەمێنێتەوە، ئەم کچە شۆخە بڕیار دەدات هەموو ژیانی تەرخانبکات بۆ خۆشنووسیی.

وەکو کەسێك دەستیکرد بەئیش لەشێت بچێت. خۆتـەرخانکردنی بەتـەواوی بـۆ ئـەم هونەرە زەبرێکی کاریگەربوو لەهاوسەرگیرییەکەیدا لەگەڵ کیری، کە وای لەبەرامبەرەکەی دەویست تەنیا رۆڵی ژن ببینێت و هیچی تر.

ریققەت بەتەنیا لەگەڵ کوڕە نۆبەرەکەیدا دەمێنێتـەوە، بـەڵام لەورێگەیـە لانـادات کـە بۆخۆی هەڵبژاردووە، لەوکاتەشدا کەئەم هونەرە ئایینیـە بـەردەوام دەپوکێتـەوەو لـەناو دەچێت، ئەو بەدڵسۆزیی و بەوەفایی بۆ خۆشنووسیی مایەوە.

لەو ئەزمونەدا ژیا کە ئەتا تورك رێنوسی عەرەبی قەدەغە کرد.

(مەدرەسـە–madrassa) ئـەو پەیمانگـە ئیـسلامییە دێرینـەی کەچـەند سـەدەیەك خانەی خۆشنووسیی بوو، داخرا، بەڵام ریققەت لەرێبازەکەی خۆی لاینەداو لەقوتابییـەوە بوو بەمامۆستاو دەستیکرد بەوانە وتنەوە لەئەکادیمیای هونەرەکان لەئەستەنبوڵ.

بەردەوام کارکردنی لەسەر دەقە پیرۆزەکان بووە بەرنامەیـەك بـۆ دۆزینـەوەی خـودی خۆی، نەك هەر بۆ گفتوگۆی بێدەنگ و چڕ لەگەڵ یەزداندا کە خۆشنووسـەکان خۆیـان بـۆ تەرخانکردبوو، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لەو ئازادییەی کەبـەردەوام هێرشـی دەکرایـە سـەر، بەتایبەتی لەلایـەن محەمـەدی مێردی دووەمیـەوە کـە بەخۆشنووسـیی شـێتگیر دەبـوو و توندوتیـژی بـەردەوام لەپەرەسـەندندا بـوو، تـا ئـەم هاوسەرگیرییەشـی هەرەسـی هێنـاو خۆشنوسیی تا سەر مایەوە.

(شــەوی خۆشنووســـان) چــیرۆکی توانـــای تێکــشکێنەری وشـــەی نووســـراو و خۆتـەرخانکردنی یەکجارییـە بـۆ ئامـانجێکی نـامۆ لەژیانـدا. بـەوە کۆتاییـدێت کـە بـڕوا بەخۆبوون گاڵتەی بەهەموو ئەوانە هـات لـەو بڕوایـەدا بـوون کەنووسـین بێگیانـەو توانـای بەرپەرچدانەوەو ململانێی نییەو سەلماندی ئەوانە تاوانبارن بـەوەی بێدەسـەڵات و کـورت بینن.



## چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام کۆیی

ڕێواری ئازادی



## کورتەیەک لەمێژووی سینەمای ئێرانیی

چنور محەمەد



## تابلۆی جەنگی دەربەندی بازیان ی١٩١٩

خوێندنەوەی: ستار قادر

# هونەر



# سەلام کۆیی: لیژنەی هەڵسەنگاندنی زنجیرە دراما هەبێت باشترە تا ئەو هەموو بڕە پارەیە وەرنەگرن و بەرهەمەکەش هیچ نەبێت

ئەگەرچی هونەرمەندی لێهاتو و بەتوانا (سەلام کۆیی) بەرهەمی هونەریی زۆرە، بەڵام زیاتر لەدرامای (تاپۆ حەقی چییە)دا زیاتر ناسراوە، رۆڵەکانی (حاجی یادگار، عەزەی قۆڵبڕ، میر سوارۆ) کە نواندنی سێ کەسێتیی جیاوازو بەرجەستەکردنیان پێویستی بەماندووبوونێکی لەڕادابەدەر هەیە، بەڵام سەلام کۆیی توانی بیسەلمێنێت کە هونەرمەندی نواندنە، (سەلام قادر حەمەد چایچی) نایراو بەسەلام کۆیی لەساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووە، لە ١٩٦٩/٢/٢٠ بۆ یەکەمجار بەشداری لەشانۆیی (چارەڕەش)دا کردووە، ئەم هونەرمەندە زیاتر لە (٨٠) شانۆیی و (١٥) دراماو (١٠) زنجیرە دراماو هەردوو فیلمی سینەمایی (چارەی کورد) ١٩٧٨و (کیلۆمەتر سفر) لەدەرهێنانی (هونەر سەلیم) ٢٠٠٥، رۆڵی بینیووەو سەرکەوتووبووە، لەم دیدارەدا سەبارەت بەنواندنەکانی خۆی چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد، ئەمەش پوختەی دیدارەکەیە:

**چاوپێکەوتنی: رێبواری ئازادی- هەولێر**

**رۆڵـەکانت زیـاتر کۆمیـدین، تـا چـەند کۆمیـدیا دەتوانێـت پەیامـەکان بگەیەنێتە ناخی بینەر؟**

مەرج نییە هەموو رۆڵەکانم کە نمایشمکردوون کۆمیدی بن، نمایشی وام کردووە کە زۆر تراژیـدی بـووە، بـەڵام کۆمیـدیا هونـەرێکی دیـارو بەرچـاوە، هـەر بەکۆمیـدیا دەتوانیـت پەیامەکەت بەچاکترین و زووترین شێوە بگەیەنیتە بینـەر، چـونکە هـەر کۆمیدیایـە زیـاتر ئاشنایە بەدڵی بینەرو زۆربـەی زۆری گیروگرفـت و ئـازارو ئەشـکەنجەی خـەڵك بەکۆمیـدیا دەخرێنـەڕوو، هـەر بەکۆمیـدیاش دەتوانیـت رەخنـە بگریـت، جـا چ لەبـەرپرس یـان لەکۆمەڵگە، عەزیز نەسین وتەیەکی زۆر جوانی هەیـە کـەدەڵێت: (هـەموو زانایـانی جیهـان کۆبکەیتەوە مەحاڵە بتوانن بەردێك بکەن بەپارچە زێڕێك، بەڵام من زۆر بەئاسانی دەتـوانم گریانی خەڵك بکەم بەپێکەنین و پێشکەشی خۆیانی بکەمەوە).

**زیاتر لەشانۆدا رۆڵت بینیوە، بۆچی زیاتر بەشانۆوە پەیوەستبوویت؟**

بەڕای من شانۆ دایکی هونـەرە، لەسینەماو تەلەفزیۆنـدا گۆشـەو گرتـەی کـامێرا کـار دەکـات و شاشـەت بـۆ دیاریـدەکات، چـەندە لەشاشـە دوورکەویتـەوە ناکاتـە (٥) مـەتر، دەتوانیت بەگرتەیەك هەموو دەربڕینەکانت دەربخەیت و خەڵکیش تێتبگـات کـە تـۆ چیت مەبەسـتە، بـەڵام لەشـانۆدا جەسـتەو دەنـگ گرنگـە بـۆ دەرخسـتن و تێگەیانـدنی بینـەر، چونکە هاوێنە (عدسە)ی چـاو، بەگۆشـەی (١٨٠) پلـە لەهاوێنـەی کـامێرا فـراوانترە، تـۆ چـۆن دەتوانیـت کاتێـك لـەناو هۆڵەکـەدا نمایـشدەکەیت کەسـێك کـە لـەدواوەی هۆڵەکـە بەدووری چل بۆ پەنجا مەتر دانیشتووە، بڕوای پێبهێنیت کە تۆ رۆڵی ئەو کەسە دەبینیت لـەم نمایـشەدا، مـن سـاڵی پـار بـۆ تاقیکردنـەوەی توانـای خـۆم بەشـداریم لەشـانۆگەریی تاریکستان کرد کە لەنووسین و دەرهێنـانی هونەرمەنـدی لاوی بـەتوانا (کـارۆخ ئیـبراهیم) بوو، چونکە لەگەڵ خۆم بڕیارمدابوو کە ئەگەر توانای نواندنی شانۆم نەمابێت واز لەشـانۆ دەهێنم و ئەم شاکارەش دواتـرین شـاکاری شـانۆم دەبێـت، بـەڵام شـوکر بـۆ خـوا بـەڕای مامۆستایان و رەخنەگران هێشتا بەبەرماناوە ماوە.

**لەدرامای (تاپۆ حەقی چییە) بەڕۆڵ بینینی کەسێتی حاجی یادگار سەرنجی جەماوەرێکی زۆرت راکێشا هەستت چۆنە کە توانیوتە سەرکەوتوو بیت؟**

دەتـوانن لـەبراو مامۆسـتا هونەرمەنـدەکانم بپرسـن کـە مـن چـۆن کاتێـك رۆڵـی کەسایەتییەکم بۆ دەستنیشاندەکرێت چەند بەدوایەوە مانـدوودەبم، چ لـەڕووی جلوبـەرگ

یـان شـێوەو رووخـسار یاجووڵـەو هەڵـسوکەوتەوە، ئەمانـەش تـەنیا بـۆ ئەوەیـە بینـەر هەستنەکات ئەم کەسایەتییە دووبارەیە، کەسایەتیی حـاجی یادگـار نـەبوو، بـەڵکو نـاوی حاجی برایم بوو، هەڵبژاردنی نـاوی حـاجی یادگـار تـەنیا یـەك نـاو بـەو نـاوەوە لەهـەولێر هـەبوو ئـەویش وا بـزانم بـەقاڵ بـوو، دوای گفتوگۆیـەکی زۆر لەگـەڵ بـرای نووسـەر کـە هونەرمەند چەتۆ حەسەن بوو گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ناوەکە بگۆڕین بۆ حاجی یادگار ماوەی دوو مانگ من ناو قوماشفرۆشانم بەرنەدا، بۆئەوەی بزانم تۆپی قوماشی پان و خڕ، چۆن دەیکەنـەوەو چـۆن و بـەچ شـێوەیەك خـڕی دەکەنـەوە. لـەوە راهـاتم ئینجـا هـەوڵی ئەوەمدا کە رووخسارێکی تایبەتی بـۆ خـۆم بدۆزمـەوە ئەمەشـم بەئـەنجام گەیانـد، دواتـر جووڵـەو هەڵـسوکەوت شـێوەی ئاخـاوتن بـەزمانێکی کـوردی هـەولێر یـانی دوور لەتانـەو تەشەر، ئا بەم شێوەیە کەسایەتیی حاجی یادگارم لەتەلەفزیۆن نمایشکرد، کە لەشـوباتی ساڵی ١٩٨٤ بـەماوەی دووشـەو و سـێ رۆژ تۆمـارکرا تـا ئێـستاش تاموچێژی خـۆی هـەر مـاوەو تەمـەنی ئـەم درامایـەش ئـەمڕۆ ٢٤ سـاڵە، سەرکەوتنەکەشـم لـەو روونکردنـەوە سەرەوە بەدەستهێنا بەبڕیاری بینەر من سەرکەوتنم بەدەستهێناوە، چونکە بینـەر خـۆی ناوبژیوانە.

**باشـە بەڕاسـت ئەگـەر ئـەو ریـزە دووکـان و شـوقەیەت بفرۆشـتایە بـە کابرایەک، وات لێ دەهات؟**

(ئای نەخیندەواری کو پیاوی کۆرە دەکـەیت)، ئەمـە ئـەو رستـەیەیە کـە لەشـەوێکدا حاجی یادگار بەدوای سەنەدی تاپۆدا دەگەڕێت، کە خوێندەواریی نییە، تەنیا بەهێمایـەك کە ئەویش پولێکی مەلیکییەو دەیناسێتەوە کەچی وانەبوو، لـەجیاتی خانووەکـەی قـەڵا، ریزە دوکانێـك و شـوقەیەکی بـەناوکرد، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئەگـەر بەفرۆشـتن بمفرۆشـتبایە هەرگیز ئەوەم بەسەر نەدەهات، کە لـەتاو ئـەو ریـزە دوکـان و شـوقەیە سـەکتەی قـەلبی لێمبداو بمرم، بەڵام واهات.

**تـۆ توانیـت لـەڕۆڵی (میـر سـوارۆ)شـدا سـەرکەوتووبیت کـە رۆڵێکـی سـۆزو هۆزایـەتی بـوو، سـەرکەوتنی ئەکتـەر لەچـیدا دەبینیـەوە توانـای ئەکتـەر یـان دەرهێنەر؟**

دەرهێنەر تەنیا ئەوەندەی لەدەستە کە کەسایەتییەکەت بۆ دەستنیشاندەکات، بـەڵام ئەکتەری زیرەك و سەرکەوتوو ئەوەیە بەدوای کەسایەتییەکەی خۆیدا وێڵبێت تـا بتوانێـت بەئاسانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. من لەبینینی رۆڵی (میر سوارۆ)دا ماوەی (٣٥٩) رۆژ

ریشم نەتاشی و ماوەی هەشت مانگیش بەوێنەگرتنەوە خەریك بووم، کە کەسایەتیی میر سوارۆم بۆ دەستنیشانکرا دوای خوێندنەوەی سیناریۆکە. گەڕام بەدوای هەندێك لەسیفاتەکانی سۆزداریی و هۆزایەتی، ماوەیەك راهێنانی ئەسپسواریم کرد، دوای ئەوەی کە توانیم ئەم سیفاتانە لەخۆمدا بدۆزمەوەو ببمە میرێك لەناو هۆزێکی ناوداری کوردیدا، گەڕام بەدوای میرسوارۆ کە لەدەقە ئەسڵیەکە بەناوی میر حەسەنە لەناو داستانەکەی ئەحمەدی خانی کە بەهۆنراوە باس لەسیفاتی میر حەسەن و میر تاژدین دەکات، هەموو ئەو سیفاتانەم کۆکردەوەو لەخۆمدا بەرجەستەم کردن، هەر ئەو هۆیە سەرەکییەش بوو کە توانیم بەتەواوی رۆڵی میر سوارۆ وەکو ئەوەی پێویستە بەرجەستەبکەم، دەرهێنەر تەنها کاری کامێراو دیکۆر و ئیکسێسوار و شتی هونەریی دیکەی بەدەستە، بۆیە سەرکەوتن زیاتر لەتوانای ئەکتەرەوەیە ئینجا توانای دەرهێنەر.

**لەزنجیرەی (هەبوونەبوو) دا بەرۆڵی کابرایەکی فێڵباز بەشداربوویت، ئەمە نەبووەتە مایەی تێڕامانێکی جیاواز بۆ تۆ لەنێو جەماوەردا؟**

ئەم شاکارە لەنوسینی مامۆستا قاسم محەمەدو وەرگێڕانی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عومەر شێخ الله)و لەدەرهێنانی مامۆستا ( سەباح عەبدولڕەحمان ) بوو لەهەولێر بۆ ماوەی (١٠) رۆژو لەبەغدا بۆ ماوەی (٣) رۆژ لەسەر شانۆی گەڕۆك و بەشداری لەفێستیڤاڵی شانۆی عێراقیشدا کرد کە سێ شاکار دوانی بەعەرەبی و هی ئێمەش بەکوردی بەڵام توانیمان سەرکەوتن بەدەستبێنین، کەسایەتی عەزەی قۆڵبر کە کابرایەکی فێڵبازو کەڵەکبازە توانیم هەندێك شت بۆخۆم دروستبکەم وەك شەلاتی و پشتکۆمکردن تا بتوانم سەرنجی خەڵك بۆلای خۆم رابکێشم بەجوڵەو هەڵسوکەوتی جۆراوجۆر لەگەڵ خەڵکی رەفتاربکەم لەگەڵ رەجەبیش بەشێوازێکی تر ئەمەیە تائێستا هەندێك خەڵك کە لەبازاڕ تووشم دەبن بەکاك عەزیز ناودەبەن، کەواتە عەزە قۆڵبڕ لایان کەسایەتیەکی دڵگیربووەو سەرنجیانم بۆ لای ئەو فێڵبازە راکێشاوە.

**بە تێڕوانینی تۆ جیاوازییەک لەنێوان هونەری شانۆ لەنێوان ساڵانی هەشتاکان و پێشترو ئێستادا هەیە لەشاری هەولێر؟**

—تۆ باس لەساڵانی پێشترو بەتایبەتی ساڵانی هەشتاکان مەکە، چونکە بەساڵانی زێڕینی شانۆی کوردی دێت، بەڵام ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هەوڵدەدرێت کە شانۆ لەو سستییەی دەربکرێت کە ئەمڕۆ تێیکەوتووە، ئێستا جوڵەیەك هەیە، بەڵام بەگوێرەی

پێویست نییە، هەرچەندە هاوکاریکردنیش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری بەتایبەتی خودی جەنابی وەزیر بۆ شانۆ هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێك هونەرمەندی شانۆكار هەل بۆ خۆیان دەقۆزنەوەو كاری نەشیاو دەكەن تەنیا بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەلایانەوە گرنگ نییە شانۆ لەقەیران و كزیدایە یان نا.

**لەهەردوو شاری هەولێرو سلێمانی هونەرمەندان سەرگەرمی زنجیرە درامان، بەبڕوای تۆ زنجیرەكان لەچ ئاستێكدان؟**

ماوەی چەند ساڵێكە چ لەهەولێرو چ لەسلێمانی، هەندێك لەهونەرمەندان هەن كە زۆر بەدڵسۆزییەوە قۆڵ و بازوو و مەچەكی خۆیان هەڵكردووەو كاری بەپێز پێشكەشدەكەن، هەندێكیش هەن بەپێچەوانەوە، من نامەوێت ناوی بەرهەمەكان بێنم، بەڵام من پێشنیاز دەكەم كە لیژنەیەك هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەرهەمانە، بۆ رێگەگرتن لەوەی كەهەر كەسێك هەڵنەستێت بڕێك پارە وەربگرێت و بەرهەمەكەشی هیچ نەبێت، تا بزانین هونەرمەندی بەتوانا كێیەو بەرهەمەكانیان لەچ ئاستێكدایە.

**هەندێكجار بەسەلام كوبی ناوت دێنن، ئەمە مانای چییە؟**

ئەمە لەفێستیڤاڵێكدا كە لەبەغدا كرا، دوای ئەوەی لیژنەی هەڵسەنگاندن لەو فێستیڤاڵەدا خەڵاتی باشترین ئەكتەری لاوی بەمن بەخشی، بێژەرەكە كە خەڵاتەكانی دەخوێندەوە وتی، خەڵاتی باشترین ئەكتەر بۆ هونەرمەند سەلام، تۆزێك وەستا بەتەواوی وشەی كۆیی بۆ نەخوێندرایەوە یەكسەر وتی، سەلام كوبی، لەو رۆژەوە كاك زاهیر عەبدوڵڵا ئەمەی لەسەر زارە، هەر بەم ناوەش ژمارە مۆبایلەكەی منی لای خۆی تۆمار كردووە.

# کورتەیەک لەمێژووی سینەمای ئێرانیی

**ئا: چنور محەمەد**

ساڵی ١٩٠١ یەکەمین دەزگای بەرهەمهێنانی سینەما چووەتە ئێرانەوە، ئەویش لەلایەن شا مەزەفەردیە-ەوە بوو، ئەگەرچی یەکەمین هۆڵی نمایشی سینەما تاوەکو ساڵی ١٩١٣ دروستنەکرا.

تاساڵی ١٩٣٠ هیچ بەرهەمێکی فیلمی ئێرانی دروستنەبوو، سەرەڕای نمایشکردنی چەند فیلمێکی خۆرهەڵاتی بەژێرنووسی فارسی، یەکەمین فیلمی باڵای سینەمای ئێران بەناوی (ئابی و رابی)یەوە لەساڵی ١٩٣٠ لەلایەن ئاوانس ئوگانیاس بەرهەمهات و کاری وێنەگرتنیشی (خان بابا نوعتەزدی) بۆی کردبوو.

لەساڵی ١٩٣٣ یەکەمین فیلمی ئێرانیی بەرهەمهات کە راستەوخۆ قسەی لەگەڵ ئێرانییەکان دەکرد، بەناوی (دوختەر لەر) کە عەبدولحسێن سپنتا لەشاری بۆمبای بەرهەمی هێنابوو.



دوختەر لەر

گۆڕانکاری لەبارودۆخی سیاسیی ئێرانی بەدێژایی ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٩ سانسۆری توندو رووبەڕووبوونەوەی جەنگی دووەمی جیهان بووە هۆی ئەوە، چالاکییە سینەماییەکانی ئێران هەرەس پێبهێنێت.

نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە تاوەکو ئەوکاتە سینەمای ئێران لایەنێکی گشتی بۆ خۆی نەدۆزیبووەوە، ئەوەشی کە دەکرا هەوڵی تاکە کەسی و چینە باڵاکانی ئەو کاتە بوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە

هونەرمەندە سینەماکارەکان هێڵکاریی تایبەتیان نەبوو تا لەوێوە ئیشی لەسەر بکەن، فیلمەکانی دیکەش وەرگرتنێکی نەگونجاوی فیلمە بیانییەکان بوون.




ساڵانی دواتر واتە لەساڵی ١٩٤٤ەوە چالاکییەکانی دەرهێنانی فیلم شێوەیەکی گشتی تری بەخۆیەوە بینی، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی سینەمایی کە ژمارەیەك سەرمایەداری ئێرانی دروستیانکردبوو، سینەما کراوەنەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بەداخەوە ئەو کرانەوەیەی زۆری نەبرد کودەتای (٢٨)ی هەشت روویداو ئازادییەکانی هونەری سینەمای سنووردارکرد، سینەمای ئێران رووبەڕووی دەستکەوتەکانی خەڵك بووەوە کە هیچ ناوەڕۆکێکیان نەبوو، ئەم حاڵەتەش بووە رەگەزێکی باو لەبەرهەمهێنانی سینەمای ئەو سەردەمەدا، خۆشبەختانە لەساڵەکانی دواتردا شەپۆلێکی نوێی فەرهەنگی بەرهەمهێنانی فیلم دروستبوو لەوانە: ساموئیل خاچیکیان، هۆشەنگ کاووسی، فەرخ غەفاری، ئیبراهیم گوڵستان، مەسعودی کیمیایی، داریوشی میهرجوی، فەرەیدون رهنما، عەلی حاتەمی. ئەم هونەرمەندانە نەریتی باوی کارکردنی سینەمایان تێپەڕاندو زۆر ئازایانە هەنگاویان دەنا.

لەساڵی ١٩٧٠ سەرچاوەی پەروەردەکردنی فیکری منداڵان و مێردمنداڵان دامەزرا، ئەمەش هەلێکی گونجاو بوو بۆ شێوە پێدان و دیاریکردنی سینەمای ئێرانی هاوکاریکردنی یونسکۆ لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە بەناونیشانی پەخشکردنی فیلمی منداڵان لەئێراندا بەسەرپەرشتی نورەدین زرین کەلك، ئەمەش کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی فەرهەنگی سینەمای ئێرانی، بوونی ئەم سەرچاوە پەروەردەییە لەگەڵ هەوڵی ئەو هونەرمەندە سینەماکارانە بوونە دوو چالاکی باشی سینەماو بەرەوپێشچوونی هونەری سینەما، دەرهێناوەی سینەما لەدەستی خەڵکی ناپسپۆڕ ئەم رووداوانەشی لەساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٩ روویدا.

بەهرامی بیزایی، عەباسی کیارۆستەمی، خەسرەو سینایی، کامەران شێردڵ، داریوشی میهرجویی، ناسر تەقوایی، عەلی حاتەمی، ئەمیر نادری، ئەمانە کەسانێك بوون رۆڵی سەرەکییان هەبوو لەو شەپۆلە هونەرییەی کە دروستبوو، ئەم هونەرمەندانە هەنگاوێکی باشیان نا تا ئەو ئاستەی سینەمای ئێرانی بووە جێگەی شانازی.


داریوشی میهرجوی

دوای کودەتا سالانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٤ بەهۆی نەبوونی ئامێری مۆنتاژ، سینەمای ئێرانی تاڕادەیەك بارودۆخێکی باشی بەسەرنەبرد، دوای ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ رێکخستنی مونتاژو هاتنی ئامێری مونتاژی فیلم، ئەو مەرجانەی بەر لەکودەتا بەسەر فیلمدا سەپابوو لەئێستا بەناچاری لەسینەمای ئێران هێنرانە دەرەوە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی زۆربوونی سەرچاوەکانی فیلم و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمای، تێڕوانینی دەوڵەت بەرامبەر بەهونەری سینەما گۆڕا، ئەم هۆکارانە هاوکات بوون لەگەڵ بەرەو کاملبوونی چۆنیەتی دەرهێنانی فیلم لەدەیەی حەفتاکاندا.

عەباسی کیارۆستەمی، بیزایی، مهرجوی... کاریگەریی باشیان هەبوو لەسەر رەوتی فیلمی ئێرانی.

لەوسەردەمەدا هونەرمەندان موحسین مەخمەڵباف، ئیبراهیم حاتەمی کیا، جەعفەری پەناهی، مەجیدی مەجیدی و ئەبو فەزل جەلیلی هەر یەکەیان بەئارەزو و خولیایەکی جیاوازەوە هاتنە ناو سینەمای ئێرانییەوە، بەتێپەڕبوونی کات و دوای دیراسەکردنیان توانیان بەشێوەیەکی هونەرمەندانە رەگەزەکانی ئەو هونەرە بەشێوەیەکی پۆزەتیف بگۆڕن.

سەرەڕای ئەوەش فێستیڤاڵێکی سالانەی نیودەوڵەتیی فیلم-یان دامەزراند کە هەموو ساڵێك لەمانگی یەکدا دەست پێدەکات ئەو فێستیڤاڵەش بەناوی (فێستیڤاڵی فیلمی

فەجر) ئەمەش پەیوەندییەکی باش بوو لەگەڵ گەنجەکانی ئەو وڵاتەو هاتنەپێشەوەیان بۆ ناو هونەری سینەما.

خاڵی گەیشتنە لوتکەی سینەمای ئێرانی ئەو کاتە بوو کە عەباسی کیارۆستەمی لەساڵی ١٩٩٧ لەفێستیڤاڵی کان-ی فەرەنسی خەڵاتی دارخورمای ئاڵتونی بەدەستهێنا، بۆ فیلمی (تامی گێلاس) (ئەم خەڵاتە بەهاوبەشی درا بەعەباسی کیارۆستەمی لەگەڵ هونەرمەندێکی ژاپۆنی).

لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنی نێودەوڵەتیی سینەمای ئێران دەتوانرێت ئاماژە بەمانە بکرێت:

*خەڵاتی پڵنگی ئاڵتونی لەفیستیڤاڵی کوکارنو-ی ساڵی ١٩٩٧ درا بەجەعفەری پەناهی بۆ فیلمی (ئاوێنە).

*خەڵاتی گەورە بۆ باشترین فیلم لەفێستیڤاڵی فیلمی سێ قارەنێت-ی فەرەنسی ساڵی ١٩٩٦ درا بەفیلمی (چیرۆکێکی واقیعی)ی ئەبو فەزل جەلیلی.

*خەڵاتی کامێرای ئاڵتونی لەفیستیڤاڵی کانی فەرەنسی ساڵی ١٩٩٥ درا بەفیلمی (میزڵدانی سپی)ی جەعفەر پەناهی.

*خەڵاتی رۆبەرتۆ روسیلینی، لەفیستیڤاڵی کانی فەرەنسی ساڵی ١٩٩٢ درا بەعەباسی کیارۆستەمی بۆ هەموو بەرهەمەکانی، هاوکات خەڵاتی فرانسو ترۆفۆ-ی فیستیڤاڵی فیلمی جیفونی ئیتاڵی ساڵی ١٩٩٢ درا بەعەباسی کیارۆستەمی بۆ هەموو بەرهەمەکانی.

*خەڵاتی گەورە بۆ باشترین فیلم لەفێستیڤاڵی سێ قارەنیت-ی فەرەنسی ساڵی ١٩٨٩ بۆ فلیمی (ئاو، با، خاك)ی ئەمیری نادری.

*خەڵاتی گەورە بۆ باشترین فیلم لەفێستیڤاڵی سێ قارەنێت-ی فەرەنسی ساڵی ١٩٨٥ درا بەفیلمی (راگەر)ی ئەمیر نادری.

لەگۆڕانکارییە دیارەدەکانی ساڵانی دوای ئەوە، دەرکەوتنی روویەکی جدی هونەرمەندە ژنەکان بوو، وەك رەخشانی بنی اعتمادو تەهمینە میلانی..هتد.

سەرچاوە:

فەرهەنگسرا.

# تابلۆی

## جەنگی دەربەندی بازیان ١٩١٩★ی

## هونەرمەندی نیگارکێش حەسەن فەلاح

**خوێندنەوەی: ستار قادر**



زۆرن ئەو کارە هونەرییە شێوەکارییانەی بابەتی ناوەڕۆکی ڕووداوێکی تراژیدییە، ئیتر ئەو کارە بەهەریەکێك لەبەشەکانی شێوەکاریی ئەنجامدرابێت، ئەوەی لەو کارانەی لەمێژووی هونەری شێوەکاریدا زیاتر لەهەر بابەتێکی دی ڕەچاوکراوە ڕووداوی جەنگ و کۆڕەو و کوشتنی قەتل و عامە، ئەم بابەتە بۆتە هەوێنی سەدان دیواربەندو چەندان تابلۆو فریسکۆو پەیکەر کە لەژماردن نایەن، بەڵام لەو کارە بێوێنەییانەی کە وەك شاکارێکی هونەری جەنگی ئەنگیاری Battlof Angiary لەدەستکردی لوناردۆ داڤنشییە، کە مێژوونووسێکی وەك ڤاساری دەڵێت بێوێنە بووە لەڕووی کاملی بەرجەستەکردنی ڕووداوەکە، ئەگەرچی لەڕووی تەکنیکی و تەکنۆلۆژییە کێشەیەکی جەوهەریی خولقاندووەو کارەکە هەڵوەریوە، بەڵام ئەو سکێچ و هێڵکارییانەی پشتی پێ بەستووە بۆ

کارەکە هەندێکیان ماون و لەگەڵ بینینی ئەو سکێچانەدا هەست بەگوزارشتی دڕندەییترین جەنگ دەکرێت لەسەر زەمیندا، ئیتر دەبێت کارەکە بەڕەنگکراوی چۆن بووبێت. دیارە ئەم پرۆسەیەی کە هونەرمەندان هەڵساون بەئەنجامدانی لەدوو رووەوە سوودمەندە، لەلایەك بۆتە شاکارێکی هونەری وەها کە بێ شمارە رادەی بەخشینی چێژی ئیستاتیکی و لەلایەکی دی زۆر رووداو هەن لەمێژوودا بەهۆی تابلۆیەك یا کارێکی ریلیف ئاشکرابووە کە روویداوەو ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە هەریەك لەو کارانە بوونەتە سەرمایەیەکی لەبن نەهاتووی دەرخستن و بەرجەستەکردنی دیدەنی رووداوەکە لەدیدگا مێژووییەکەیەوە.

دیارە گرنگیی هەموو ئەو فاکتەرانەی کە باسکران لەسەر کارێکی هونەری لەکاتێکدا ئیشی خۆی دەکات کە ئەو کارانە پارێزراوبن لەلایەن بەرپرسانی سەرمایە نەتەوەییەکانی هەر وڵاتێك ئەگەر بەڕاستی خزمەتی مێژوو و هونەرو هونەرمەندانیان گەرەك بێت.

تابلۆی شەڕی دەربەندی بازیان تابلۆیەکی بەسەلیقەی نیگارکێش حەسەن فەلاحەو کارەسات و رووداوی شەڕی دڵتەزێنی نێوان هێرشی ئینگلیزو کوردەکانی سوپای شێخ مەحمود نمایشدەکات و لەسەر رووی دیواری چایخانەیەکی دێرینی سلێمانی ئەم کارە ئەنجامدەدات و فۆتۆگرافەری دێرینیش (فۆتۆ گرافەر رەفیق) وێنەیەکی لەبەردا هەڵدەگرێت، تابلۆکە لەسەر رووبەرێکی پێوانە لاکێشە زێڕین (قیاس الذهبي) نەخێشێنراوە لەباری لاندسکەیپ، شوێن لەتابلۆکەدا لایەنی توبۆگرافی ناوچەی دەربەندی بازیان رەچاو کراوەو بەوردەکارییەکی بەتوانایی نیگاری کێشراوە باکگراوندی تابلۆکەی داگیرکردووە.

کۆی فیگەرو شتومەك و دیمەنەکە بەشێوازێکی ریالیستی دروستکراون، تاڕادەیەك رەچاوی باری پێرسپێکتیڤ کراوە، لەڕووی شێوازە ریالیستییەکەوە کە تابلۆکەی پێکێشاوە، ریالیستییەکی کتومتی نییە وەك لەتابلۆ ریالیستییە سۆڤێتی و ئەو شێوازەی کۆربێت Corbet** ئیشی پێکردووە، بەڵکو خەسڵەتگەلێکی ئەوتۆ لەشێوازە ریالیزمییەکەیدا رەچاودەکرێت، کە مۆرکی خۆی پێوە دیارەو تایبەتمەندێتی خودی شێوازی نیگارکێشانی پاراستووە لەڕووی دابەشە تاریکی و رووناکییەکان و بەرجەستەکردنی قوولی سێیەم بەتایبەتی، هەروەها ئەوەی زیاتر لەخەسڵەتە تایبەتییەکانیدا دێنەبەر دیدو بینین ئەو وردەکارییە هاویەیە کە رۆحێکی کوردانەی

بەخشیوەتە سیمای دەموچاو و بزاوتنە تایبەتمەندییەکانی فیگەرەکان، بەتایبەتی لەکەسێتی شێخ مەحموددا ئەو خاڵە بەڕوونی دەبینرێت.

ئەوەی کە بەگشتیی دەبینرێت دوو رووداوی لێکجودای لەتابلۆکەدا بەرجەستەکردووە، سەبارەت بەفیگەرەکان کۆمەڵێکیان کە لەباکگراوندا دەبینرێت لەچرکەساتەکانی هەڵمەت و رووداوە ساتەوەختییەکانی شەڕی دەستەو یەخەیە، کۆمەڵێکی دی کە لەفۆرگراوندا دەبینرێت کە زۆربەی لەسوارە پێکهاتووەو وەك سوپایەکی نیزامیی بەڕیز یەك لەدوای یەکدیدا بەرەو پێشەوە تەی دەکەین، تا دەگاتە کەسێتی شێخ مەحمود کە بەسەر ئەسپێکەوەیە لەحاڵەتی پرۆفێلدا.

ئەمە زیاتر بینینێکی گشتیی تابلۆکەیە، کە هەر بینەرێك لێی وردبێتەوە دەبینێت سەبارەت بەسیمۆلوژی بینراوی سەرجەم فۆرم و فیگەرەکانی کە تابلۆکەی لەسەر بونیادنراوە، تابلۆکەمان بۆ دەخاتە بەر دیدو بۆچوون.

ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا سەبارەت بەهەردوو کۆمەڵە فیگەرەکەی باکگراوندو فۆرگراوندی تابلۆکە لەڕووی داینامیکییەتی بزاوتی نێو تابلۆکە پەیوەستییەکی دیالەکتێکی وەها لەنێوانیاندایە، بابەتەکەو فۆرم و فیگەرەکان لەهەڵگری ئەو ناوەرۆکە لەسیمۆلۆژیای بینینی کۆی تابلۆکەدا بەڕووی دەبینرێت لەبۆ بینەرێکی کورد گرفتێکی نایەتەبەردەم لەبەرکەوتنی بەتابلۆکە، بۆیە هیچ رەگەزێکی ئەوتۆی نەشازی تێدا نابینرێت تا ببێتە هۆکاری کردەی پچڕاندنی تەماشا (تلقی)، بەڵکو هەموو ئاماژە وێنەییە وردو درشتەکان لەپرۆسەی بینینی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە لەگەڵ ژیانی دونیا تایبەتییەکەی تابلۆکەو بینەر غەرقی رووداوەکە دەبێت و لەو زەمەنەی کە لەنێو تابلۆکەدا ئاوێتە دەبێت بەڕۆح و گیان لەگەڵ یەك بەیەکی سەرجەم ئاماژە دیارو نادیارەکاندا دەکەوێتە دیالۆگی بێدەنگیی بینین.

دیارە کاریگەریی کردەیەکی وەها لەخۆڕاو بێ هۆکارنییە کە بەو جۆرە ئەم تابلۆیە بینەر کێشدەکاتە ناوخۆی، سەرەتا بابەتەکە وەك مرجع بینەر کەم تازۆر ئاگاداریەتی و کە لەڕووی مێژووییەوەیە کە پشت ئەستورە، بۆیە بۆ بینەر دەبێتە داوە پەیوەندییە نادیارەکانی پەیوەستبوون و کەوتنە دیالۆگەوە، یەکێك لەو خەسڵەتانەی کە لەتابلۆیەکی

سەرسامکەرو کێشکەری چاو تەماشای بینەرانە، دیاریکردنی شوێنی سیادی کەسێتی و دەرخستنی شوێنی رووداوی مەبەستی هونەرمەندە.

لەم تابلۆیەی فەلاح حەسەندا شوێنی سیادی تایبەتە بۆ کەسێتی (شێخ مەحمود)، دیارە ئەم دیاریکردنە بەڕێکەوت یان خۆڕسکانە لەلایەن نیگارکێشەوە ئەنجامنەدراوە، بەڵکو بەسەلیقەو بەهرەو ئاگاداربوونێکی تەواوەوە ئەو شوێنە ستراتیجییەی بۆ سیادەی تابلۆکە تەرخانکردووە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەگەر بەکورتیش بێت شوێنە گرنگەکانی سیادە لەتابلۆدا بخەینەڕوو و بەپێی ئەم وێنە روونکارییەی کە لەخوارەوە نەخشەمان بۆ کێشاوە.



**وێنەی ژمارە (١)**



**وێنەی ژمارە (٢)**

یەکەم شوێن کە بۆ سیادە رەچاودەکرێت بەپێودانگە کلاسیکییەکە چەق و ناوەڕاستی تابلۆیە **وێنەی ژمارە (١)**، ئەمجۆرە لەشوێنی سیادی بەجۆرێکی کلاسیکی ناوزەدکراوە، بەڵام سیحری هونەرو یاساو رێساکانی نەمرە، جەوهەری هونەریش لەوەدایە کە هیچ کارێکی هونەریـــی بەواتای کۆنبوون کۆن نابێت و نامرێت، هەروەها ئەو میتۆدو رێسایانەشی لەسەری بونیادنراوە بەهەمانشێوەیە.



**وێنەی ژمارە (٣)**

زۆرن ئەو کارە نەمرانەی ئەم یاسایەی بەسەردا سەپاوە، وەك فریسکۆی دواشێوەی داڤینشی شێوەیەکی دی بۆ دیاریکردنی سیادی تابلۆ وەك **لەوێنەی ژمارە (٢)** ئەم شوێنەش هیچی کەمتر نییە لەوێنەی روونکاریی (١) لەڕووی چاوکێشکردنەوە.

جۆری سێیەم هەر بەپێچەوانەی وێنەی (٢) لەلای چەپی تابلۆکەو لەسەروو خاڵی تابلۆکەدایە.

دیارە بەتەنیا شوێنی سیادە ئەو پرۆسەیەی کێشکردنی تەماشا ئەنجامنادرێت، کۆمەڵێك خەسڵەت و خاڵگەلێکی تریش هەن وەك رووناکی و رەنگ و بزاوتن و گەورەیی و بچووکی، هتد بۆ زیاتر بڕوانە کتێبی (التكوين في فنو التشكيلية، عبدالفتاح الرياض).

لێرەوە دەگەڕێینەوە شوێنی سیادی تابلۆی دەربەندی بازیان کە لەشێوەی یەکەم و کەسێتی شێخ و بەتایبەتی شوێنی نیگاکردنی چاوی رووەو دەرەوەی تابلۆکە خاڵی سەرەکی ناوەڕاستە، کە ئەمەش لەخۆیدا دەبێتە هەڵگری زۆرێك لەئاماژەو دەلالەتی نادیاری ناو تابلۆکەو دێنەسەر باسکردنی.

لەڕووی پارسەنگی balance تابلۆکە پارسەنگییەکی داینامیکی رەچاوکراوە، وەك ئەوەی لەتابلۆکەدا خراوەتەڕوو پارسەنگییەکە لەنێوان فۆرگراوندو باکگراونددایەو هەم لەڕووی پێوانەی فیگەرو شتومەکەکانداو هەم لەڕووی بزاوت و ئاراستەی فیگەرەکاندا ئەنجامدراوە، هەروەها هەر لەفۆرگراونددا ئەم کردەیە ئەنجامدراوە لەلای چەپ تۆپێك بەگەورەیی و پێوانەی ئەو سێ فیگەرەی کە لەلای راست بەرەو رووی دەرەوەی تابلۆکە تەی دەکەن و لەلایەن قورسیی و رەنگ و سێبەرو رووناکی تۆپەکەو ئەو شاخە سنوورییانەی لای راست و ئەو چەند تۆپە بچووکەی لەدوورەوە لەباکگراوندا نیگارکراون، بەهەمانشێوە ئەو پارسەنگییەی پاراستووە.

ئەو نیگار تەیکردنەی خودی شێخ مەحمود بەو پەڕی بزاوتن کە لەبزاوتی ئەسپەکەیدا دێتەبەرچاو لەتەك هەنگاو و نیگاکردنی ئەو سێ فیگەرەی کە لەبەردەمییەوە بەرەو دەرەوەی تابلۆکە دەچن، هەروەها تەماشاو چاوی ئەو سوارانەی لەپشت شێخەوە بەدوایدا دێن ئاماژە گەلێکی ئەوتۆی دیارو نادیار دەدەنە بینەرانی تابلۆکە، ئەو ئاماژەیەی نیگاکان کە جەوهەری تابلۆکەی لەسەر بونیادنراوە بەجۆرێك کە بەنادیاریی بۆ بینەرانی جێی دێڵێت، دیارە ئەم خاڵە دەبێتە پەیوەستییەکی لەڕادەبەدەری تەماشاکەرانی تابلۆکەو بەشداریکردن لەڕووی دەرئەنجامەکانی بابەتی تابلۆکەو خستنە نێو خەیاڵێکی بەرینی بینەرانی کە وا لەبینەری دەکات خەیاڵی لەلای دەرەوەی تابلۆکە بێت و چەندەها پرسیارو گریمانە لەلای دەخوڵقێت بۆ ئەو دیمەنەی کە شێخ و هێزەکەی

بەرەو رووی تەی دەکەن، ئیتر لەلای هەر بینەرێك بەدیمەنێکی خەیاڵیانەی خودی خۆی کارەکەو ئەنجامەکانی تەواودەکەن، دیارە بەپێی ئەو زانیاری و خەیاڵ دۆستانەیەی هەر بینەرێك تەواوکردنی تابلۆکەو بەدواداچوونی رووداوەکانی ئەو جەنگە، ئیتر ئەو رووەی کە بۆی دەچن کشانەوە بێت یان هێرشێکی خوێناویی دیکە یان هەر دیمەنێکی دی کە نیگاکانی شێخ بۆمان تەیان دەکات. دیارە لەڕووە مێژووییە راستەقینییەکەی ئەنجامی ئەو جەنگە سەرنەکەوتن و بریندارکردنی شێخ و گرتنییەتی لەدواجاردا، بەڵام خەیاڵی هونەرمەند هیواو ئومێدەکانی وەك هەر کارێکی هونەریی دیکە جیاواز لەمێژوو جیاواز لەدەرئەنجامەکان کارەکەی کردووە، وەك ئەوەی کە لەهەموو کارێکی هونەریدا هونەرمەند وەك مێژوونووس نییەو کاری ئەو ناکات، بۆیە لەو دیمەنەدا بینەرانیشی پەلکێشکردووە بۆ نێو تابلۆکەو بەشدارییان پێدەکات لەدونیابینییەکانی خۆیان بەپێی خواست و رادەی خەیاڵی و رادەی ئاستی رۆشنبیریی دەربارەی ئەنجامەکانی جەنگەکە.

ئەوەی ماوەتەوە لەسەر ئەم کارە قسەی لێبکەین ئەوەیە، کە لەڕووی ئەناتۆمی و پۆزی فیگەرو ئەناتۆمی ئەسپ و دابەشە رووناکی و سێبەرەکانی نێوی تاڕادەیەکی ئەوتۆ کەموکوڕی دەبینرێت، کە ئەمە بۆ هونەرمەندێك هیچ پەیمانگەو کۆلێجێکی هونەریی نەبڕیبێت و تەنیا پشتی بەو مومارەسە خۆڕسکەی خۆی بەستبێت، دیاردەیەکی وا هیچ لەگەورەیی و جوانییەکانی نێو تابلۆکە کەم ناکاتەوە، لەکاتێکدا کە لەڕووبەری کەلتووری شێوەکاریی ئەو دەمەی کەهونەرمەند تێیدا ژیاوە هیچی وا لەتابلۆو کاری هونەریی هەتا هونەرمەندێکی وا ئامادەگی نەبووبێت.

ئەم تابلۆیە یەکێکە لەکارە شاکارەکانی نیگارکێش پێشەوای هونەری نیگارکێشان لەکوردستان (سلێمانی)، کە هونەرمەند حەسەن فەلاح–ە.

بابەتی سەرەکی تابلۆکە گوزارشتێکی بینراوی زیندوانەی ساتەوەختەکانی بەرەی جەنگە، بەخستنەڕووی سیمۆلۆژی وێنەیی فیگەرەتیڤانەی ریالیزمی لەخۆگرتووە، ئەم کارە بەدەر لەڕووە هونەرییەکەی دۆکیومێنتکردنێکی هونەرییانە بۆ رووداوێکی مێژوویی کە لەڕۆژگاری شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرە لەپێناو رێگرتن و بەرگرییەکی چەکدارانە لەهێرشی ئینگلیز بۆ سەر سلێمانی.

دیارە ئەم بەرگریکردنە بەپێشەوایەتی شێخی نەمرەو بەفەرماندەیی شێخ قادری حەفیدی سوارانی کورد بووەو بەجەنگی دەربەندی بازیان لەمێژوویەکی دێرینی ئەم

ناوچەیەدا کە لەزووەوە بەهێڵی بەرگریی شاری سلێمانی ناسراوە کـە دەربەنـدی بازیانـە، مێژووی سەربازیی ئەم ناوچەیە ئەوەی سەلماندووە کە ئەوەی کە لـەم هێڵـە سـنوورییەدا دەربەندی بازیان سەرکەوتوو نەبووبێت نەیتوانیوە سلێمانی کۆنترۆڵ بکات.

ئـەم جەنگـە لـەڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨ روویـداوە بەدەستپێـشخەریی هێـزی ئینگلیـزی داگیرکەر بەسەرکردایەتیی فرایزەر، ساندەر ساندەر سن، کە لەبیست هەزار شەڕکەری کە لەسیك و گورگەو بۆرمی پێکهاتبوو، بەرامبەر بەهێزێکی سوپایی کوردی شـێخ مـەحمود-کورد کە بەچەکی کۆن و ئیمانی لەبنەهاتوویان و بەس.

تیبینی:

١.شایانی وتنە، تاقە شتێك کـە ماوەتـەوە سـەبارەت بـەو تابلۆیـە وێنەیـەکی رەش و سپییەو کۆی ئەم خوێندنەوەیە ئەو وێنەیە سەرچاوەیەتی و لەپێناوی مانەوەو نەفـەوتانی ئەم کارە بەپێویستمزانی تابلۆیەکی رەنگاوڕەنگی لەبەردا کۆپی بکەمەوە تـا هـیچ نـەبێت بۆ مێژووی شێوەکارییە فەقیرەکەمان لەفەوتان قوتاری بێت.

٢.سـەبارەت بـەو زانیارییانـەی لەسـەر جەنگەکـە ئاماژەمـان پێـداوە سـوود لـەم سەرچاوەیە وەرگیراوە، کە کتێبی (یاداشـتەکانی شـێخ لـەتیفی حەفیـدە)، کـەمال نـوری مەعروف ساغی کردووەتەوەو بەتایبەتی سوود لەلاپەڕە (٥٦) وەرگیراوە.

**کۆرییـە Gostaf Corbet وێنەکێـشێکی فەرەنـسییەو لەدەیـەکانی نیـوەی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە، ئـەم هونەرمەنـدە بەیـەکێك لەپێشەوایانی قوتابخانـەی ریـالیزمی دانـراوەو زۆربـەی تابلۆکـانی بابـەتی چـینی هـەژارەکانی کۆمەڵگـەن، وەك تـابلۆی بـەرد شکێنەکان، ستۆدیۆی هونەرمەندو چەندانی تر.

گۆڤاری هەنار لەم سێ کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

- خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

- کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

- کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چایخانەی شەعب

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دووماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە